# ئێستا دڵنیام

## ڕەواندنەوەی هەندێ تەمی گۆمانە لەبارەی قورئانەوە

نووسینی
**د. حەسەن پێنجوێنی**

چاپی سێهەم

2019 -1440

بەناوی خوای بەخشندەی دلۆڤان

نـــاوی کتێب:    ئێستا دڵنیام.
نووســـــــەر:    دکتۆر حسن پێنجوێنی
نۆبەی چاپ:    چاپی سێ هەم.
ساڵی چـــاپ:    ١٤٤٠هـ ٢٠١٩ ز

پێشەکی چاپی سێهەم

سوپاسی بێ پایان بۆ پەروەردگاری مەزن ودلۆڤان، و سەلاَت و سەلام بۆ گیانی پاکی پێغەممەری پێشەوامان و بنەماڵە و هەموو یارو یاوەران و شوێنکەوتووانی.

## خوێنەری بەرێز !

ئەڵبەت لەم چاپی سێهەمەی (ئێستا دڵنیام)دا کە دەکەوێتە بەردەست ئێوەی هێژا، بەپێی توانا هەوڵدراوە بێ هەڵەبێ، وگۆڕانکاریەك لەرواڵەت و ناوەرۆکیدا بکرێ، هەندێ بابەتی تیا زیاد بکرێ، و لەوانەیە هەندێکیشی تیا لابرێ. جا تۆی بەڕێزیش چیت بەپێویست زانی بۆ زیاتر بەسوود بوونی بەخیلی مەکە و پێش نیازی خۆتمان بەدیاری بۆ بنێرە.. خوا پاداشتی بەخێرتان بداتەوە، چونکە ئەم کارە ئەگەر تەمی گومانێك لەدڵی تەنیا موسڵمانێکدا بڕەوێنێتەوە، پاداشتەکەی لای خوا کەم نییە..
هیوادارم سوودی بۆ خوێنەرانی هاوزمانم هەبێ، و خوایش نێت و مەبەستمان لە هەموو خەوشێکی ناشیاو خاوێن بکاتەوە و بیکاتە توێشوویەك بۆ ئەو رۆژەی کەجگە لەکردەوەی چاکی پاڵفتە هیچ شتێکی تر فریامان ناکەوێ.

خوایش باشترین کۆمەك و چاترین پشتیوانە.

حەسەنی پێنجوێنی.
بریسبن/ ئوسترالیا
١٤٤٠ـ ٢٠١٩

# ناوەرۆکی بەشی یەکەم

ئایا قورئان لەقەشەی فەڵەکانەوە وەرگیراوە؟
پلانی خۆرهەڵاَتناسەکان ..
سەردانێکی مێژوو.
یەکەم سەفەری پێغەمبەر ﷺ بۆ شام.
فەڵەی یەکەم( بوحەیرا).
ئەو ئایەتانەی بۆچوونی فەڵەکان بەهەڵە دادەنێ.
دووەم سەفەری بۆ شام.
فەڵەی دووەم.
خەدیجە بۆلای (وەرەقەی) دەبات.
نامەی دووەم و
ئایا قورئان لەژیانی پێغەمبەرا تەواو نەبووە؟
وەلاَمەکەی.
نموونەیەك لەناو دڵی مێژووەوە.
ئایا قورئان لەتەورات وەرگیراوە؟.
وەلاَمەکەی.
بەراوردێك لەنێوان قورئان وتەوراتدا.
باسی پێغەمبەران لەتەورات و قورئانا.
باسی خوا لەتەورات و قورئانا.
باسی سوو(الربا) لەتەورات و قورئانا.

# بەشی یەکەم
# (1)

جیهان تارای ئارامی و هێمنی بەسەرا داوە، دەنگ و سەدا نەماوە، شەقامەکان جموجوولًیان تەواو کزبووە، گەرمای بەتینی ئەوڕۆی رابورد وەك بلًێسەیەکی دۆزەخ وابوو، سەری لەجیهان دابێ، بۆیە خەلًکی خواخوای ئەوەیان بوو، زوو شەو دابێ وکەمێ بحەوێنەوە!!

جێی نووستن راخرا بوو، کەم کەم شنەیەکی شەمالًی فینك دەهات، وەك ئەوەی ماندوویی ئەو خەلًکە لابەرێ، و کەمێ ئاسوودەیان بکات، کاتژمێر لە دەوروبەری یازدەی شەودا بوو، هێمن لەناو جێگەکەیدا تەپاوتلی بوو، خەو لەچاوە رەشەکانی تۆرابوو، دلًتەنگ و لێو بەبار بوو، بیری دەکردەوە: چۆن چارەیەك بدۆزێتەوە؟ چۆن بگاتە دلًنیایی؟ خۆ هیوای هاوڕێ ودەستگیریشی لێرە نییە، و بۆ پشوودان رۆیشتووە بۆ هاوینە هەوار ، و لەوانەیە تا ئەم هاوینەش تەواو دەبێ نەگەڕێنەوە، هەر ئەوبوو کە پەنای پێ دەبرد، و داوای هەموو یارمەتییەکی لێ دەکرد، و ئەگەر پەلًە هەورێکی چلًکن لەئاسمانی هەساوی ژیانیا دروست ببا، بە دەلیل و بەلًگە بەهێزەکانی دەی ڕەواندەوە، و دلًە بێگەردەکەی ئاسوودەو ئارام دەکرد، ئێستا پەنا بۆکێ ببات؟

لەئەنجامدا هات بەخەیالًیدا کەدەست بداتە خامەو نامەیەك بۆهیوای برادەر و دەستگیری بنووسێ.. بەلًێ، هەستا ودەرکەی کتێبخانە بچکۆلەکەی کردەوە، و بەم جۆرە نامەکەی نووسی:

برای دلًسۆز و هەمیشە لەیادم! شەمی شەوەزەنگی ژیانم، دەنگی حەق و حەقیقەتم، هیوا و پەنای تەنگانەکەم، کاك هیوای دلۆڤان و خەمخۆرم پێشکەش..

برای بەڕێز! ئەوە بۆ سێ هەفتە دەچێ لەتۆ بڕاوم، مەگەر خوا خۆی بزانێ ئەم ماوەیەم چەند بە گران بۆتەواو بوو؟! بە زیادەڕەوی نەبێ دەتوانم بڵێم: دیداری تۆ بۆمن، وەك ئاوە بۆ گوڵ، یا خۆرە بۆ رووەك، یا ئۆکسژینە بۆ گیانداران، ناهەقم مەگرە، کاتێ وێڵ بووم تۆ دەستت گرتم، لە سەرگەردانیمدا تۆ رێنوێنیت کردم، ئێستاش شێرپەنجەی سامناکی نەفامی دەوروبەری تەنیوە، هیوادارم تانەم گەیەنیتە لانەی دڵنیایی دەستم بەر نەدەیت، چونکە منی بێ هاوەڵ تۆی تەنیا هاوەڵم، منی ساوای لانکەی باوەڕ پێویستم بە چاودێر و ژەمەخۆراکی رێکوپێکی فیکری هەیە..

برام! لەم رۆژانەدا وریای مامم لەتەك باوکیدا بەسەردان هاتن بۆماڵمان، قسە هاتوچۆی کرد،و لەو نێوانەدا باس هاتە سەرباسی قورئان، وریا گوتی: ئەوی راستی بێ، من لەبارەی قورئانەوە گومانم بۆ دروستبووە، و ناتوانم بیسەلمێنم کە فەرموودەی خودا بێت!!

منیش لێم پرسی: بۆچ کەوتوویتە ئەم گومانەوە؟ گوتی: لەو ماوەیەدا کتێبێکم خوێندەوە، رای دوو خۆرهەلآتناسی تێدابوو، گۆیا: ئەوانە پێیان وایە: قورئان نێرراوی خودا نییە، ولەقەشەی فەڵەکانەوە وەرگیراوە!! بەڵگەشیان ئەوەیە، گۆیا: پێغەمەر- دروودی خوای لێبێ- گەشتی بۆمیسر و شام کردوە، و لەوێ چاوی بەقەشەکان کەوتووە، و لەوانەوە ئەم قسانەی وەرگرتووە، و کۆی کردونەتەوە و ناوی ناون: قورئان..!!

منیش هەروەك بۆم نەسەلماند، نەشم توانی بەناتەواوی ئەو بۆچوونە، قانیع و دڵنیای بکەم، وا هەست دەکەم خۆیشم تووشی پەتاکەی ئەو بووبم، جا هیوادارم تا ریشەی ئەو دەردە لەناخمدا بەهێز نەبووە، لەو بارەوە راستەقینەم بۆ روون بکەیتەوە، و لەگێژاوی گومان رزگارم بکەیت.

لەکۆتاییدا ئاواتە خوازم کاتێکی خۆش بەسەر بەریت، و بەگەرد و غوباری ئەم گومانە هەوای پاکی کوێستانەکەت لێ تێك نەدەین..

برات هێمن..

## ئایا قورئان لە قەشەی فەڵەکانەوە وەرگیراوە؟

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.
برای وریا و خۆشەویست و دڵپاکم کاك هێمن گیان..!!

سەرەتا سلاَوی خوای میهرەبانت پێشکەش دەکەم.. سلاَوێك بۆنخۆش وەك سێسنەو نێرگز و چنوور و شەوبۆ، بەسۆز وەك دڵی شەوان بێدارانی کاروانی یەکتا پەرستی، ناسك وەك پەڕی گوڵ، بێگەرد وەك دڵی ساوا، جوان و رازاوە وەك دیمەنی بەهاری کوێستانەکان..
برای بەرێز! نامە جوان و رازاوەکەت گەیشت، زۆر شادمان و دڵخۆش بووم، و بەدیتنی گەش بوومەوە، لەو هەموو سۆز و هەستە پاکەت سوپاس دەکەم، هیوادارم کانیاوی دڵی پاکت هەرگیز لێڵ نەبێ و بەیادی خوا هەمیشە روون و بێگەردبێ.

هێمن گیان! لەنامەکەتا نووسیبووت کە هەوای ناسازی نەفامی هەندێ گەرد وغوباری بۆ چاوگەی روونی بیروباوەڕت هێناوە، و تۆیش بەوە دڵگران بوویت، هیوادارم شەماڵی باوەڕی پتەوت رایان بماڵێ، و شوێنەواریان نەهێڵێ.

هێمن گیان! ئەو پرسیارەی نووسیبووت پەیوەندی بەچەند لایەنێکی مێژووییەوە هەیە، و پێویستی بەوەلاَمێکی دووورودرێژ هەیە، بۆیە پێشەکی داوای بووردنت لێ دەکەم، ئەگەر درێژەم بەنامەکەم دا.

### پلانی خۆرهەلاَتناسەکان:

براگیان! ئەو خۆرهەلاَتناسانەی کە تانەیان لە قورئان داوە ژمارەیان کەم نییە، و بگرە زۆریشن، وەك نیوفایز، دۆرمەنگام، ئەرفەنج، برۆکلمان، گۆستاف، گۆڵدزوهێر، ولیام مۆر، و فلیپ حەتتی.. هتد. بەلاَم دەبێ

ئەوەمان لەبیر نەچێ کە: هەندێ لەو خۆرهەڵاتناسانە چەند لەبەرامبەر ئیسلام وپێغەمبەری ئیسلامەوەﷺ داخ لەدڵن! وچۆن درۆ ودەلەسە و بوختان و پڕو پاڵانتە بۆ لەکەدارکردن و ناشیرینکردنی ئیسلام دروست دەکەن، تا لەپێشچاو لاواندا بێزەونی بکەن!!

لەوانەیە بڵێیت: ئەوانە لێکۆڵینەوەکانیان بێ لایەنانەیە، و بگرە هەندێکیان کە باوەڕیان بەئیسلامیش نییە، بەباڵای ئیسلامدا خوێندوویانە، و بەچاکە باسیان کردووە! وەك مۆر و، ڤاگلێری، و حەتتی..

لەوەڵاما دەڵێم: ئەگەربەوردی سەرنج بدەین دەبینین ئەمانە زۆر لێزانانە لەسەر بەرنامەو پلانێك کاردەکەن. بۆنموونە: ئەوان لەبارەی پێغەمەری ئیسلامەوە صلی الله علیه وسلم هەزار کتێب دەنووسن، باهەر کتێبیکی سەد لاپەڕە بێت، ئەوان دەیانەوێ لە نەوەد و نۆ لاپەڕەیدا چاکەی پێغەمەری ئیسلام ﷺ باس بکەن، بەڵام ژەهرەکەیان دەکەنە لاپەڕەیەکیەوە، تەنیا لاپەڕەیەك! بەم بۆنەوە کەبەچاکی باسی پێغەمبەر ﷺ یان کرد، نووسراوەکانیان لای خەڵکی موسوڵمان خۆشەویست دەبێ، و وا تێ دەگەن نووسەری ئەم کتێبانە کەسایێکی مەوزوعی وبێ لایەنن، وتەنیا بەشوێن راستیدا دەگەڕێن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە خوێنەر بەبێ هیچ کاردانەوەیەك ژەهرەکەیان بخواتەوە!! هەروەك مامۆستا مەحموود غەریب دەڵێ: ئەگەر تنۆکێ ژەهر لەپیاڵەیەك هەنگویندا دیاری نەدات، لەئەنجامدا گەدە تێك دەدات..

ئەگەر هەموو نووسەرەکان هەر یەك لە لایەکەوە تانەیەکیان لەژیانی پێغەمەر صلی الله علیه وسلم دا، ئەوا کۆی هەموو نووسراوەکانیان دەتوانێ رواڵەتی ئیسلام ناشیرین، و رەوشتی پێغەمەر ﷺ لەکەدار بکات. بەڵێ، ئەوە پیشەی ئەو خۆرهەڵاتناسانەیە..

## سەردانێکی مێژوو؟

ئێستا بابێینەوە سەر قسەکانیان لەبارەی قورئانەوە..یەکێ لە وانە دەڵێ: "موحەممەد لە گەشتەکانیا بۆ میسر و شام قورئان فێر بووە، و لە قەشەی فەڵەکانەوە وەری گرتووە "!

بۆ پەرچی ئەم بۆچوونەی دەڵێین: ئەگەر سەریك لەکتێبەکانی مێژوو بدەین و کون و قوژبنیان بپشکنین، بۆمان ڕەوون دەبێتەوە کە ئەو خۆرهەڵاتناسە چەند لەمێژوو بێ ئاگابووە! چونکە پێغەمبەر ﷺ لەژیانیدا چ پێش پێغەمبەریەتی و چ پاش پێغەمبەریەتی نەڕۆیشتووە بۆ میسر، و سەری لێ نەداوە.. بەڵکو قسەکەی بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر بێ ئاگایی و داخ لە دڵبوونی..

یەکێکی تریان دەڵێ: " موحەممەد لە گوندی (مەدیەن) لەگەڵ کاروانێکی بازرگانیدا چاوی بەهەندێ لەقەشەکان کەوتوە، و لەوانەوە فێری قورئان بووە... "!!

ئەگەر ئەم خۆرهەڵاتناسە زانایە! سەرنجێکی نەخشەی وڵاتانی عەرەبی بدایە، هەرگیز ئەم هەڵە گەورەیەی تووش نەدەبوو. چونکە گوندی مەدیەن لەسینادایە، و ڕێی کاروانی بازرگانی (مەککە) بۆ (شام)ی بەسەرەوە نییە، و کاروانی حیجاز کە بیەوێ بڕوات بۆ شام، هەرگیز ناچێتەوە سینا..

ئێستا خۆت حەکەم بە و ئەو بۆچوونانەیان هەڵبسەنگێنە..

بەڵێ، برای خۆم، کاك هێمن! وەنەبێ پیغەمبەر ﷺ هەرگیز چاوی بە قەشەی فەڵەکان نەکەوتبێ، و کەسی لەوان نەدیتبێ.. نە.. بەڵکو دوو فەڵەی بینوە، و لەتەکیشیاندا دانیشتووە، و زۆربەی کتێبە مێژوویەکانیش باسی دەکەن، وئەو ڕووداوەمان بۆ دەگێڕنەوە، بۆئەم بابەتەش سەرێ لەم کتێبانەی خوارەوە بدە:

1- سيرة ابن هشام، ابن هشام: 194/1-197.
2- الطبقات الكبرى، ابن سعد: 99/1-100.
3- تأريخ الطبري، ابن جرير الطبري: 287/2.
4- دلائل النبوة، أبونعيم الأصبهاني: 52/1.
5- فقه السيرة، محمد الغزالي: 68، دار الكتب الحديثة/القاهرة.
6- فقه السيرة، محمدسعيد رمضان البوطي: 55، دار الفكر/ بيروت.
7- ژيانى پێغەمبەرى مەزن، عبد العزيز پارەزانى: 88/1-90. چاپخانەى كامەران/سليمانى، 1974 .

## يەكەم سەفەرى بۆ شام و ديتنى يەكەم قەشە:

فەڵەى يەكەم ناوبانگى بە بوحەيرا دەركردووە. ئەمەش دەقى نووسراوەكەى سيرەتى ئيبنو هيشامە لەو بارەوە: " ئەبو تاليب لەتەك كاروانێكى بازرگانيدا خۆى ئامادەكرد بۆ شام بچێ، لەكاتى رێكەوتنى كاروانەكەدا پێغەمبەرﷺ زۆر حەزى دەكرد لەتەك ماميدا بڕوات بۆ شام، ئەبو تالبيش دڵى نەرم بوو، بۆيە گوتى: وەڵلاهى لەگەڵ خۆما دەيبەم، نابێ هەرگيز لێى جيابيمەوە، لەتەك خۆيا بردى، كاتێ كاروانەكە گەيشتە (بوصرا) لەولآتى شام، لەئەشكەوتێكى كەژى حۆران و لەنزيك ئەو شارۆچكەيەوە، رەبەنێكى گۆشەگير بۆخوا پەرستى هەبوو، بەناوى بوحەيرا. لەزانيارييەكانى ئاينى عيسا شارەزابوو، -گوايا- ئەو ئەشكەوتەش هەر لەكۆنەوە پشتاوپشت راهيبى تيا بووە، و بەرە بە بەرە ئەو زانيارييانەيان بەيەكتر گەياندووە. "

## فەڵەى يەكەم( بوحەيرا:

"كاروانەكە ئەوساڵە لايدايە لاى بوحەيرا، لەوەپێش چەندەها جار بەو ناوەدا تێدەپەڕين، بەلآم بوحەيرا نە دەرۆيشت بۆلايان، و نە قسەى لەگەلآ دەكردن، تا ئەوساڵە كە لەنزيك (دێر)ەكەى ئەوەوە باريان خست، خواردنێكى زۆرى بۆ دروستكردن و دەعوەتى كردن، -گوايا- بەهۆى ئەوەوە كە لە دێرەكەى خۆيەوە شتێكى ديوە، -گوايا- لە دێرەكەى خۆيەوە پێغەمبەرﷺ ي ديوە كە لەناو كاروانەكەدا پەڵە هەورێك بەسەر سەريەوە

بووە بەسێبەر، کاتێ کە لەنزیك دێرەکەوە لەژێر درەختێکا خستوویانە لق وپۆپی درەختەکە هاتۆتەوەیەك و سێبەرێکی چڕوپڕی بەسەرەوە کردووە. -گوایا- کە بوحەیرا ئەمەی بینیوە لەدێرەکەی خۆی هاتۆتە خوارێ، و دەعوەتی کردوون، و نانی بۆ دروستکردوون، و داوای لێ کردوون، کە حەزدەکات میوانداریيان بکات، و بۆ نان خواردنەکەش گەورە و پچووك وئاغا و نۆکەریان ئامادەبێ.

کاتێ دەڕۆنە سەر خوانی بوحەیرا، پیاوێك لەکاروانیەکە دەڵێ: بوحەیرا وەڵلاهی ئەمڕۆ کارێکت هەیە، چونکە ئێمە زۆر جار بەلای تۆدا تێپەڕیوین، و ئەم کارەت بەرامبەر بەئێمە نەکردووە، ئەمڕۆ چیت بە دەستەوەیە؟! "

بوحەیرا پێی دەڵێ: راست دەکەیت، هەروایە کە بۆی چوویت، بەلاَم ئێوە میوانن، و منیش پێم خۆشە رێزتان بگرم، و نانتان بۆ دروست بکەم و هەمووتان لێی بخۆن. "

هەموو ئەڕۆن بۆ ئەوێ تەنیا موحەممەد صلی الله علیه وسلم بەجێ دێڵن، لەبەر تەمەن بچووکی بەلای بارگەو بنەوە جێی دێڵن، کاتێ لەخەڵکەکە ورد دەبێتەوە ئەو سیفەتانەی ئەو دەیزانێ لەوانا بەدی ناکات، بۆیە پێیان دەڵێ: ئەی کۆمەڵێ قورەیش! لەناو ئێوەدا کەس ماوە نەهاتبێ، و لەم میوانداریيە جێمابێ؟

دەڵێن: ئەوی شیاوی هاتن بێ بەجێ نەماوە، تەنیا منداڵێك ماوە، و لەبەر تەمەن پچوکی بەلای کەل و پەلەکانەوە جێمان هێشتووە.

ئەویش دەڵێ: شتی وامەکەن، بنێرن بەشوێنیدا با ئامادەبێ، و لەگەڵ ئێوەدا نان بخوات. پیاوێك لە قورەیشییەکان کەلەناو خەڵکەکەدا بوو گوتی: بە(لات) و(عوززا) قەسەم، بۆ ئێمە شوورەییە تەنیا کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبدول موتەللیب لەناو ئێمەدا لەم نانە نەخوات، بۆیە هەستاو رۆیشت بەشوێنیدا و هێنای بۆ ناو خەڵکەکە. "

کاتێ بوحەیرا بینی زۆر سەرنجی داو لێی ورد بووەوە، وەك ئەوە شتێك بەلەشیەوە ببینێ، هەندێ لەو سیفەتانەی دەیزانی لەودا هەبوو. کەخەڵکی لەنان بوونەوەو بلأوەیان لێکرد، بوحەیرا رۆیشتە نزیکیەوە و گوتی: ئەی لاو! تو بیت و (لات) و(عوززا) هەر پرسیارێکت لێ دەکەم راست وەلأمم بدەرەوە،- بۆیە بوحەیرا بەودوانە سوێندی داوە چونکە بیستوویەتی خەڵکی بەو دوانە سوێند دەخۆن- گوایا– پێغەمەرﷺ لەوەلأمیدا فەرموویەتی: بۆهیچ شتێك بەو دوانە سوێندم مەدە، چونکە قەسەم بەخوا هیچ شتێك نییە ئەوەند رقم لێی بێ، کە رقم لەو دوانەیە.. بوحەیرا پێی دەڵێ: سوێندت بەخوا دەدەم هەرچیت لێ دەپرسم راست وەلأمم بدەرەوە..

پێغەممەریش دەفەرموێ: چیت دەوێ بپرسە. بوحەیرایش لەبارەی خەو، و حاڵەتی خۆی، و ئیش و کارییەوە پرسیاری لێ دەکات، وئەویش وەلأمی دەداتەوە. ئەم وەلأمانەی پێغەممەر ﷺ یەکسان بوون لەتەك ئەو سیفەتانەی ئەو لەبارەیەوە زانیویەتی، ئینجا تەماشای پشتی دەکات، و لەنێوان هەردوو شانیەوە مۆری پێغەممەرایەتی بەدی دەکات. کەلەپرسیارەکانی دەبێتەوە، روو دەکاتە ئەبو تالیبی مامی و دەڵێ: ئەم کوڕە چیی تۆیە؟

ئەویش دەڵێ: کوڕمە..

بوحەیرا دەلێ: ئەمە کوڕی تۆنییە، و ئەم کوڕە نابێ باوکی لەژیاندابێ..

ئەبوتالیب دەلێ: برازامە..

بوحەیرا دەلێ: باوکی چ کارە بوو؟

ئەبوتالیب دەڵێ : ئەم کوڕە لەسکی دایکیدا پێنچ مانگانە بووە، کە باوکی مردووە..

بوحەیرا دەلێ: راست دەکەیت. برازاکەت بۆ ولأتی خۆی ببەوە، و لە جووەکان بیپارێزە، وەڵلاهی ئەگەر بەوشێوەی من دەیناسم ئەوان بیناسن تووشی رۆژگارێکی رەش و ناهەمواری دەکەن، ئەم برازایەی تۆ داهاتوویەکی رووناکی دەبێ، پلەوپایەی بەرز دەبێتەوە، زوو بیبەرەوە

بۆجێگاکەی خۆی. ئەبوتالیبیش هەر لەبازرگانییەکەی بووەوە خێرا بۆ مەککەی هێنایەوە.

برای خۆم کاك هێمن! هەروەك پێشتر گوتم: ئەم رووداوە لە زوربەی کتێبە مێژوویەکاندا باسکراوە.. لێرەدا با بپرسین: بۆچ بوحەیرا لەوە ترسا کە جووەکان پێغەمەر ﷺ بکوژن؟ وەڵامەکەی ئاشکرایە، چونکە جووەکان لەکوشتنی پێغەمەراندا ناوبانگیان دەرکردبوو، ئەوەبوو کاتێ خوا حەزرەتی عیسای کرد بە پێغەمەر جووەکان ویستیان بیکوژن، بوحەیراش لەو بۆچوونەوە لەکوشتنی پێغەمەرﷺ بەدەستی جووەکان ترساوە..

ئەم رووداوەش بەڵگەیەکی تەواوە کەنیشانەکانی پێغەمەرﷺ لەتەورات و ئینجیلی پێش دەست تێوەردانا باسکراوە. بەڵگەی تریش لەوبارەوە زۆرن، ئەوەبوو کاتێ سەلمانی فارسی رووی کردە نیوەدوورگەی عەرەبی، لەسەر ئەونیشانانە بوو کە قەشەی فەڵەکان بۆیان باس کردبوو.

هەروەها ئەگەرعەرەبە بتپەرستەکانی مەدینە کارێکی نارەوایان بکردایە، جووەکانی مەدینە هەڕەشەیان لێ دەکردن، و دەیانگوت: بەم زوانە پێغەمەری ئاخرزەمان پەیدا دەبێت، و ئێمەش پشتگیری دەکەین، و لەناوتان دەبەین! لەگەڵ ئەوەدا کاتێ خوا حەزرەتی موحەممەدی کردە پێغەمەر ﷺ سەرسەختانە دوژمنایەتیان کرد، و دەستیان دایە پیلان کردن دژی خۆی و ئاینەکەی..

برای خۆم کاك هێمن! هەموو ئەو کتێبانەی دان بەم رووداوەدا دەنێن، دەڵێن: پێغەمەر ﷺ لەو کاتەدا تەمەنی دوانزەساڵ بووە، باشە منداڵێکی نەخوێندەواری تەمەن دوانزە ساڵ لەماوەی سەعاتێکا، بابڵێین چەند رۆژێکدا چۆن توانی هەموو قورئان لەبەر بکات؟!

یا چۆن توانی ئەم هەموو یاسا و فەرمان و دەستوور و شەریعەت و بەرنامە فراوانەی ئیسلامی لەکابرایەك وەربگرێ کە عەرەب نەبێ، و زمانی عەرەبیش باش نەزانێ؟!

بۆچ تا بیست و هەشت ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێنەپەڕی، هیچ دەنگی نەکرد؟ بۆ لەم ماوە دوورو درێژەدا، لەوبارەوە هیچی لێ نەبیسترا، و باسێکی نەکرد؟!

بۆحەیرایەك کە عەرەب نەبوو، چۆن توانی بەزمانێکی بێگانە وتار و پەخشانێکی وا دابنێت کە هەموو ڕەوانبێژانی عەرەب دەستەپاچەو زەبوون بن لەدانانی وێنەی چەند دێڕێکیدا؟!

ئەو دوژمنانەی ئیسلام کەبۆ بچووکترین خاڵێك دەگەڕان تابیکەنە بەڵگە بۆ بەدرۆخستنەوەی پێغەمەر ﷺ ، بۆ ئەم باسەیان نەهێنا، و دنیایان پێ پڕ نەکرد؟!

بۆلەناو ئەو کاروانیانەدا کەسێکی تر بۆی وەرنەگیرا،و تەنیا موحەممەد فێری ئەم قورئانە بوو؟

چۆن موحەممەد ﷺ لەتەمەنی دوانزە ساڵییەوە ئەم قسانەی لەمێشکا مایەوە، و تا تەمەنی چل ساڵی هیچی لێ تێك نەچوو؟!
کاتێ پێغەمەر ﷺ بانگی فەڵەکانی بۆ ئیسلام کرد، و ئیسلامی بۆ باسکردن و قورئانی بۆ خوێندنەوە، بۆ نەیان گوت: خۆئەمە کاڵاو شتەکانی خۆمانە تۆ بۆت هێناوینەتەوە؟!

# # #

## (2)

لەئەڵقەی پێشوودا هیوا باسی ئەوەی کرد, کە: پێغەمەر ﷺ لەسەفەری یەکەمیدا بۆ شام بەپێی ئەو سەرچاوە مێژووییانەی باسکران، چاوی بە بوحەیرای راهیب کەوتووە، و ئەنجامی ئەو چاو پێکەوتنەشی باسکرد.

هەندێ لەناحەزانی ئیسلام پێیان وایە کە پێغەمەر ﷺ لە قەشەی فەڵەکانەوە قورئانی وەرگرتووە، وا ئێمەش لێرەدا هەندێ لە ئایەتەکانی قورئان باس دەکەین، تاهەموو کەس تێ بگات کە مەحاڵە ئەوانە لەقەشەکانەوە وەرگیرابن، چونکە جیاوازییەکی زۆر گەورە لە نێوان ئەو ئایەتانە و بڕوای فەڵەکاندا هەیە، و بگرە دژی بیر و باوەڕیشیانن..

### ئەو ئایەتانەی دژی فەڵەکانە:

یەکێ لەو ئایەتانە دەفەرموێ: " يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لاَ تَغْلُواْ فِي دِينِكُمْ، وَلاَ تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ إِلاَّ الْحَقِّ، إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِّنْهُ، فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ، وَلاَ تَقُولُواْ: ثَلاَثَةٌ، انتَهُواْ خَيْرًا لَّكُمْ، إِنَّمَا اللّهُ إِلَهٌ وَاحِدٌ، سُبْحَانَهُ أَن يَكُونَ لَهُ وَلَدٌ... "[1].

واتە: ئەی خاوەن کتێبەکان! لەئایندا زیادەڕەوی مەکەن، جگە لەهەق هیچ شتێ بەدەم خواوە مەڵێن، بێگومان - مەسیح- عیسای کوڕی مەریەم تەنیا پێغەمەری خوایە، و ڕۆح و گیانێکی تایبەتە ولەلایەن خواوە بەخشراوە، ئێوەش باوەڕ بەخواو پێغەمەرەکانی بێنن. هەرگیزمەڵێن: خوا سیانە، لەو قسە نابەجێیە واز بێنن قازانجتانە، خوا تەنیا یەکێکە، خوا بەرییە لەوەی منداڵی هەبێ.

---

(1) سورة النساء/171.

دەزانی بۆچ ئەم ئایەتە دژی بیرو باوەڕی فەڵەکانە؟ چونکە ئەوان دەڵێن: مەریەم شووی کردووە، و خودا سیانە، و عیسایش کوڕی خوایە.. بەلاَم ئەم ئایەتە باسی ئەوە دەکات کە مریەم بە هۆی مێردەوە عیسای نەبووە، و عیسا کوڕی خوا نییە، و خوا بەرییە لەوەی رۆڵەی هەبێ، و خوا تەنیا یەکێکە..

ئایەتێکی تر لەسوورەتی (المائده)دا دەفەرموێ:" لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ، وَقَالَ الْمَسِيحُ: يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ! اعْبُدُواْ اللّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللّهُ عَلَيهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ"(2). واتە: بێگومان ئەوانەی گوتیان: خوا مەسیحی کوڕی مەریەمە کافربوون. مەسیح گوتی: ئەی نەوەکانی ئیسرائیل! تەنیا ئەڵلا بپەرستن، کە پەروەردگاری من وئێوەیە، بێگومان ئەوەی هاوبەش بۆخوا دابنێ، خوا بەهەشتی لێ حەرام دەکات، و جێگەکەی ئاگری دۆزەخە، و ستەمکارانیش پشتیوانیان نابێ ..

ئەم ئایەتەش فەلەکانی بەستەمکار ناوزەد کردووە چونکە ئەوان دژی فەرمانی عیسان کە فەرموویەتی پێیان: تەنیا خودا بپەرستن، و هاوەڵ بۆ خوا بڕیار مەدەن، کەچی ئەوان عیسا بەخودا دەزانن، و هاوەڵ بۆ خوا دا دەنێن.

ئایەتێکی تر هەر لەو سوورەتەدا دەفەرموێ: " لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ: إِنَّ اللّهَ ثَالِثُ ثَلاَثَةٍ، وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلاَّ إِلَهٌ وَاحِدٌ، وَإِن لَّمْ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ " (3). واتە: بێگومان ئەوانەش بێ باوەڕن کەدەڵێن: خوا سێهەمی سیانەکەیە (و یەکێکە لە سێ خوداکان)، جگە لەتەنیا خوایەك خوایەکی تر نییە، خۆ ئەگەر واز لەو قسە نابەجێیە نەهێنن، بێ باوەڕەکانیان سزایەکی بەسوێ دەدرێن..

فەڵەکان خوا بەسیان دەزانن، و ئەم ئایەتەش دەفەرموێ: ئەوانەی خوا بەسیان بزانن بێ باوەڕن..

---

**(2) سورة المائدة/72.**
**(3) سورة المائدة/73.**

ئایەتێکی تری هەمان سورەت دەفەرموێ:"وَإِذْ قَالَ اللَّهُ: يَاعِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ! أَأَنتَ قُلتَ لِلنَّاسِ: اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِن دُونِ اللَّهِ؟"(4). واته: بیریان بێنەوە کاتێ لەرۆژی قیامەتدا خوا بەعیسای کوڕی مەریەم دەفەرموێ: ئایا تۆ بەخەڵکییت گوتووە: جگە لەخوا من و دایکیشم بەخوا بزانن؟

ئایەتێکی تر دەفەرموێ: " إِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ: يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ! إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم، مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ، وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ، فَلَمَّا جَاءهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا: هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ." (5). واته: وەبیریان بێنەوە کاتێ عیسای کوڕی مەریەم گوتی: ئەی نەوەکانی ئیسرائیل! من پێغەمبەری خوام بۆلای ئێوە، و تەوراتی پێش خۆم ئەو راستییەش دەسەلمێنێت، و مزگێنیشتان پێ دەدەم کە پێغەمبەرێك پاش من دێت ناوی ئەحمەدە، کەچی کاتێ بەنیشانەو بەڵگەی تەواو روونەوە هات بۆلایان گوتیان: ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە..

کاك هێمن گیان! ئایەتی تری قورئان لە دژی بۆچوونی خوا بەسیان زانینی فەڵەکان زۆرن، بەڵام من ئەم ئەندازەیەم بە نموونە بۆ هێنایتەوە، تا بزانی ئایا لەناو ئینجیلی بەردەستیاندا شتی وا هەیە، تا لێی وەر گیرابێت؟!.. برا ئازیزەکەم! ئەوە ئەو جیاوازییە گەورەیە لەنێوان قورئان وبڕوای فەڵەکاندا، ئایا قسەی وا ماقووڵە ئەگەر بڵێن: پێغەمبەر ﷺ ئەم قورئانەی لەوانەوە وەرگرتووە؟!

**دووەم سەفەری بۆ شام:**

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە تەمەنی بیست و پێنچ ساڵیدا سەفەری دووەمی کردووە بۆ شام، بۆ بازرگانی بەسامانی خەدیجەوە، پاش گەڕانەوەی لەو سەفەرە، خەدیجەی مارەکرد. ئەگەر مەسەلەی لێ وەرگرتن بوایە، دەبوا لەم سەفەرەدا وەری بگرتایە، چونکە لەم سەفەرەیدا تەمەنی لە بیست و پێنچ ساڵیدا بووە، و تێگەیشتن و وریایی زیاتری هەبووە!! بۆچ لەم سەفەرەیدا نەڕۆیشت سەرێك لە بوحەیرا بدات؟

---

**(4) سورة المائدة/115.**
**(5) سورة الصف/5.**

لەم سەفەرەیدا (مەیسەرە)ی خزمەتكاری خەدیجەی لە تەكدا بوو، كە خەدیجە بەتایبەت ناردبووی لە تەكیا تا بەتەواوی ئاكار و رەوشتی بزانێت و بۆ خەدیجەی باس بكات.. ئازیزم! ئەگەر مەسەلەی وەرگرتن لە كایەدا بوایە، دەبوا لەم سەفەری دووەمەیدا وەری بگرتایە.!!

بۆچ یەكێ لەهاورێكانی كاروانییەكەی لەم بارەوە باسیان نەكرد؟ ئەوەبوو كاتێك خوا فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ كرد: بانگەواز بۆ ئیسلام بكات، یەكێ لەپێشەنگی ئەوانەی باوەڕیان بە پەیامەكەی هێنا خولاَمەكەی خەدیجە بوو، كە یەكێك بوو لەوانەی لەو كاروانییەدا لەتەك حەزرەتی موحەممەدا بوو.

بۆچ پێی نەوت: كاكە! خۆ ئێمە پێكەوە بووین كە قەشەی فەڵەكان ئەمەی پێدایت؟!

ئەگەر مەسەلە شان و شەوكەت دروست كردنە، بوحەیرا بۆ ئەم كارەی بۆ خۆی نەكرد؟ یان بۆچ نەیدا بە كوڕێكی، یا خزمێكی نزیكی خۆی؟ بۆ دای بەموحەممەدێكی بێ دایك و باب؟! بۆ ئەم هونەرە رەنگینەی زادەی مێشكی خۆی بەو دا؟ بۆچ نەیویست ئەم رێز وگەورەییە بۆ خۆی بێ؟

تەنیا وەلاَمێك بۆهەموو ئەم پرسیارانە ئەوەیە: كەحەزرەتی موحەممەد ﷺ ئەو قورئانەی لە(بوحەیرا)وە وەرنەگرتووە..

لەوانەیە بڵێیت: ئەم رووداوە هەر نەبووە؟!

لەوەلاَمدا دەڵێم: دەبێ ئەنجامی ئەم قسەیەش بسەلمێنیت، چونكە ئەگەر دەڵێن: حەزرەتی موحەممەد ﷺ چاوی بە بوحەیرا كەوتووە، و قورئانی لێ وەرگرتووە، ئەوا واقیع بەدرۆی دەخاتەوە، هەروەك روونمان كردەوە، خۆ ئەگەر دەڵێن: ئەم رووداوە هەر نەبووە، و بوحەیرای نەدیوە، ئیتر چۆن دەڵێن: قورئانی لەوەوە وەرگرتووە؟

برای خۆم كاك هێمن! داوای لێبوردن دەكەم كە درێژەم بەنامەكەم دا، بەلاَم دەبێ بنووسم، چونكە بابەتی باسەكە ناچارم دەكات..

ئێستا له تۆ دەپرسم كاك هێمن!: ئەگەر پێغەمەر ﷺ چاوی بە بوحەیرا كەوتبێ یا نە كەوتبێ، ئایا هەردوو بەڵگە نین لەسەر ئەوە كە پێغەمەر ﷺ قورئانی لەوانەوە وەر نەگرتووە؟!

# # #

**فەڵەی دووەم:**

دووەم كەسێ لە ئاینی حەزرەتی عیسادا شارەزابووبێت، و پێغەمەر ﷺ دیبێتی (وەرەقەی كوڕی نەوفەل)بووە، ئەویش لەسەرەتای هاتنە خوارەوەی یەكەم ئایەتی قورئاندا بووە، لەكاتێكا لە ئەشكەوتی (حیرا) یەكەم ئایەتی قورئانی بۆهات، فریشتەی سرووش (وەحی)ی لەشێوەی خۆیدا بینی، لە ئەنجامی ئەم چاوپێكەوتنەدا پێغەمەر ﷺ زۆر ترسا و بۆماڵ گەڕایەوە، ئەمەش دەقی ئەو رووداوەیە، كە حەزرەتی عائیشە خوالێی رازی بێ بۆمان باس دەكات، و ئیمامی بوخاری و موسلیم لە كتێبە دروستەكەی خۆیاندا باسیان كردووە.

" عَنْ عُرْوَةَ بْنِ الزُّبَيْرِ، عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ، أَنَّهَا قَالَتْ أَوَّلُ مَا بُدِئَ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم مِنَ الْوَحْىِ الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ فِي النَّوْمِ، فَكَانَ لاَ يَرَى رُؤْيَا إِلاَّ جَاءَتْ مِثْلَ فَلَقِ الصُّبْحِ، ثُمَّ حُبِّبَ إِلَيْهِ الْخَلاَءُ، وَكَانَ يَخْلُو بِغَارِ حِرَاءٍ فَيَتَحَنَّثُ فِيهِ ـ وَهُوَ التَّعَبُّدُ ـ اللَّيَالِيَ ذَوَاتِ الْعَدَدِ قَبْلَ أَنْ يَنْزِعَ إِلَى أَهْلِهِ، وَيَتَزَوَّدُ لِذَلِكَ، ثُمَّ يَرْجِعُ إِلَى خَدِيجَةَ، فَيَتَزَوَّدُ لِمِثْلِهَا، حَتَّى جَاءَهُ الْحَقُّ وَهُوَ فِي غَارِ حِرَاءٍ، فَجَاءَهُ الْمَلَكُ فَقَالَ اقْرَأْ. قَالَ " مَا أَنَا بِقَارِئٍ ". قَالَ: " فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي حَتَّى بَلَغَ مِنِّي الْجَهْدَ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي فَقَالَ: اقْرَأْ. قُلْتُ: مَا أَنَا بِقَارِئٍ. فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي الثَّانِيَةَ حَتَّى بَلَغَ مِنِّي الْجَهْدَ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي فَقَالَ: اقْرَأْ. فَقُلْتُ: مَا أَنَا بِقَارِئٍ. فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي الثَّالِثَةَ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي، فَقَالَ: {اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ، خَلَقَ الإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ، اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ} ".

فَرَجَعَ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَرْجُفُ فُؤَادُهُ، فَدَخَلَ عَلَى خَدِيجَةَ بِنْتِ خُوَيْلِدٍ رضى الله عنها فَقَالَ: " زَمِّلُونِي زَمِّلُونِي ". فَزَمَّلُوهُ حَتَّى ذَهَبَ عَنْهُ الرَّوْعُ، فَقَالَ لِخَدِيجَةَ وَأَخْبَرَهَا الْخَبَرَ: " لَقَدْ خَشِيتُ عَلَى نَفْسِي ". فَقَالَتْ خَدِيجَةُ:

كَلاَّ وَاللَّهِ مَا يُخْزِيكَ اللَّهُ أَبَدًا، إِنَّكَ لَتَصِلُ الرَّحِمَ، وَتَحْمِلُ الْكَلَّ، وَتَكْسِبُ الْمَعْدُومَ، وَتَقْرِي الضَّيْفَ، وَتُعِينُ عَلَى نَوَائِبِ الْحَقِّ.

فَانْطَلَقَتْ بِهِ خَدِيجَةُ حَتَّى أَتَتْ بِهِ وَرَقَةَ بْنَ نَوْفَلِ بْنِ أَسَدِ بْنِ عَبْدِ الْعُزَّى ابْنَ عَمِّ خَدِيجَةَ ـ وَكَانَ امْرَأً تَنَصَّرَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، وَكَانَ يَكْتُبُ الْكِتَابَ الْعِبْرَانِيَّ، فَيَكْتُبُ مِنَ الإِنْجِيلِ بِالْعِبْرَانِيَّةِ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَكْتُبَ، وَكَانَ شَيْخًا كَبِيرًا قَدْ عَمِيَ ـ فَقَالَتْ لَهُ خَدِيجَةُ: يَا ابْنَ عَمِّ! اسْمَعْ مِنَ ابْنِ أَخِيكَ. فَقَالَ لَهُ وَرَقَةُ: يَا ابْنَ أَخِي! مَاذَا تَرَى؟ فَأَخْبَرَهُ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلمخَبَرَ مَا رَأَى. فَقَالَ لَهُ وَرَقَةُ: هَذَا النَّامُوسُ الَّذِي نَزَّلَ اللَّهُ عَلَى مُوسَى صلى الله عليه وسلم، يَا لَيْتَنِي فِيهَا جَذَعًا، لَيْتَنِي أَكُونُ حَيًّا إِذْ يُخْرِجُكَ قَوْمُكَ.

فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم: " أَوَمُخْرِجِيَّ هُمْ؟ ".

قَالَ: نَعَمْ، لَمْ يَأْتِ رَجُلٌ قَطُّ بِمِثْلِ مَا جِئْتَ بِهِ إِلاَّ عُودِيَ، وَإِنْ يُدْرِكْنِي يَوْمُكَ أَنْصُرْكَ نَصْرًا مُؤَزَّرًا. ثُمَّ لَمْ يَنْشَبْ وَرَقَةُ أَنْ تُوُفِّيَ وَفَتَرَ الْوَحْىُ. "[(6)]

عورووەی کوڕی زوبەیر دەفەرموێ: حەزرەتی عائیشە دایکی موسوڵمانان فەرمووی: سەرەتای سرووش بۆ پێغەمەرﷺ بەخەوی راست دەستی پێکردووە، هەرخەوێکی ببینیایە وەك گزنگی بەرەبەیان دەهاتەدی. پاشان پێی خۆشبوو گۆشەگیربێ، دەڕۆیشت بۆئەشکەوتی حیرا، ولەوێ چەندان شەو و رۆژ گۆشەگیری دەکرد، خواردن وتوێشووی لەتەك خۆیا دەبرد، گەر تەواو بوایە، دەگەڕایەوە بۆ لای خەدیجە، خواردەمەنی لەتەك خۆیا دەبردەوە، و بۆعیبادەت کردن دەڕۆیشتەوە بۆئەشکەوتەکە، تا لەو ئەشکەوتەدا یەکەمجار وەحی بۆهات.

وەك پێغەمەر ﷺ بۆی باسکردبێ کە: فریشتەی سرووش هاتووە بۆلای و پێی گوتووە: بخوێنەرەوە. فەرموویەتی: من خوێنەوار نیم. فەرمووی: گرتمی و توند بەخۆیەوە گوشیمی، تا ئازارم پێگەیشت، ئەوسا بەری دام، و گوتی: بخوێنەرەوە. گوتم: من خوێنەوار نیم. بۆجاری دووەم توند

**(6) أخرجه البخاري في كتاب بدء الوحي/باب كيف كان بدء الوحي؟ ص:1، برقم: 3. ومسلم في كتاب الإيمان/باب بدء الوحي، ص: 118.**

باوەشی پیا کردمەوە، تا ئازارم پێگەیشت، ئەوسا بەری دام، و گوتی: بخوێنەرەوە. گوتم: من خوێنەوار نیم. بۆجاری سێهەم باوەشی پیاکردمەوە و پاشان بەری دام: و گوتی: " {اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ، خَلَقَ الإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ، اقْرَأْ وَرَبُّكَ الأَكْرَمُ "(7). ئەی موحەممەد ﷺ بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە بخوێنە، کە هەموو شتێکی دروست کردووە، ئادەمزادی لەچەند خانەیەکی خۆ هەڵواسەر لەناو مناڵدانا بەدیهێناوە، بخوێنەروە، پەروەدگارت خاوەنی رێز و بەخششی بێ سنوورە.

پیغەمەریش ﷺ بەشوێن ئەوا دووبارەی کردۆتەوە، و پاشان بە دڵە تەپە و ترسەوە، گەڕاوەتەوە بۆ ماڵ، بۆلای خەدیجە و فەرموویەتی: دامپۆشن، دام بپۆشن.. ئەوانیش دایان پۆشیوە، تا ترسەکەی نەماوە، پاشان رووداوەکەی بۆ خەدیجە گێڕاوەتەوە، و فەرموویەتی: من لەخۆم دەترسم. خەدیجەش عەرزی کردووە: مەترسە، وەڵلاهی خوا هەرگیز سەرشۆڕت ناکات، چونکە تۆ لەراستیدا پەیوەندی خزمایەتی بەجێ دێنیت، و یارمەتییان دەدەیت، و بەهاواری پەککەوتوانەوە دەچیت، و دەستی لێقەوماوان دەگریت، و کۆمەکی بەنەدار و هەژاران دەکەیت، و میوانداری دەکەیت، و پشتیوانی لە خەڵکی و مافیان دەکەیت.

## خەدیجە بۆلای وەرەقەی دەبات:

پاشان خەدیجە بردوویەتی بۆلای ئامۆزاکەی خۆی ( وەرەقەی کوڕی نەوفەل) کە لەسەردەمی نەفامیدا وازی لەبت پەرستی هێناوە، و بووەتە فەڵە، فێری نووسینی عیبرانی بووە، و چەند خوا ویستبێتی ئەوەندە ئینجیلی بەو زمانە نووسیوەتەوە. لەو کاتەدا کە خەدیجە پێغەمەری بردووە بۆلای وەرەقە، وەرەقە پییر بووە، و چاوەکانی نابینا بوون، خەدیجە پێی گوتووە: ئامۆزا ! گوێ لەم برازایەت بگرە..

ئەویش دەڵێ: برازاکەم! چی روویداوە؟

---

**(7) سورة العلق/1-3.**

پێغەممەریش ﷺ باسەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، وەرەقەش پێی دەڵێ: ئەوەی تۆ دیوتە هەر ئەو فریشتەیە، کە خوا ناردوویەتی بۆلای حەزرەتی مووسا، خۆزگا کاتێ خزمەکانت دەرت دەکەن، لەژیاندا بەگوڕ بومایە! تاپشتیوانیم بکردیتایە!!

پێغەممەریش ﷺ فەرمویەتی: ئایا ئەوان دەرم دەکەن؟

وەرەقەش گوتویەتی: بەڵێ، چونکە هیچ پیاوێك نییە، ئەو وەحییەی بۆتۆ هاتووە بۆ ئەویش هاتبێ، و دوژمنایەتی نەکرابێ، و ئەگەر بکەومە ئەوکاتە، بەهەموو توانامەوە پشتگیریت دەکەم، ئیتر زۆری پێ نەچوو وەرەقە مرد، و ماوەیکیش وەحی وەستا. "

برای خۆم کاك هێمن! پێغەممەر ﷺ تەنیا ئەوەندە چاوی بە(وەرەقە) کەوتووە، ئایا لەماوەی ئەو چاو پێکەوتنەدا خێرا هەموو قورئانی بۆ لەبەر کرا؟

قورئانێك کەلەماوەی(23) ساڵدا پچڕ پچڕ هاتۆتە خوار، و بەشێکی زۆری بەبۆنەی رووداوگەلێکەوە دابەزیوە کە لەمەولا روویان داوە؟!

بۆ نموونە: چۆن وەرەقەی بەستەزمان ئەمەی زانی کە پاش حەوت هەشت ساڵێکی تر، پێغەممەرﷺ لە تەك گەورە پیاوانی قورەیشا دەوەستێ، و بانگیان دەکات بۆ ئیسلام، بەوهیوایەی دڵیان بە نووری ئیسلام رووناك بکاتەوە، لەکاتی گەرمەی باس و قسەکەدا موسڵمانێکی نابینا دێت، و پرسیار لە پێغەممەرﷺ دەکات، یەکەم جار وەڵامی ناداتەوە، بۆ دووەم جار رووگرژ دەکات، و سێهەم جار کە پرسیارەکەی دووپات دەکاتەوە، پێغەممەرﷺ رووی لێ وەر دەگێڕێ، بەڵام چەند ئایەتێك لەوبارەوە دادەبەزن، و لەو بارەوە گلەیی لە پێغەممەر ﷺ تیا دەکرێ، تا دەرسێك بێ بۆ پێغەممەرﷺ و هەموو موسوڵمانێکی تریش، کە موسڵمانێکی خاوەن باوەڕ، با کوێر و هەژار و نەداریش بێ، لای خوا زۆر بەڕێز و گەورە ترە لەو زل و زەبەلاحانەی لە روانگەی نەفامییەوە بەخاوەن سامان و پلەو پایە دەناسرێن، و رێزیان لێ دەگیرێت، ودەرسێکی گرنگ بێت بۆ

موسولْمانان پێیان بلْێت لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا ڕێز تەنیا بۆئەوانەیە کە پارێزکارن، و خزمەت گوزاری خەڵکن، نەك بۆ پلەو پایە و سامان و عەشرەت زۆری..

برای خۆم! وەرەقەی هەژار چۆن ئەمەی زانی کە کوێرێکی ئاوها دێت بۆلای تا بۆی بنووسێ: "عَبَسَ وَتَوَلَّى أَن جَاءهُ الأَعْمَى، وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّى، أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ الذِّكْرَى، أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَى فَأَنتَ لَهُ تَصَدَّى، وَمَا عَلَيْكَ أَلاَّ يَزَّكَّى، وَأَمَّا مَن جَاءكَ يَسْعَى وَهُوَ يَخْشَى، فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّى "(8).

یاوەرەقەی هەژار چۆن ئەمەی زانی، کە: پاش چوارده ساڵ ئەمان کۆچ دەکەن بۆ مەدینە، و لەناوچەی بەدر شەڕێك لەنێوان موسوڵمانان وبت پەرستاندا ڕوودەدات، و ژمارەی موسوڵمانەکان زۆرکەم دەبێ، و ژمارەی ئەوانیش زۆر زۆر، و لەئەنجامدا موسوڵمانەکان بەسەر بت پەرستەکاندا سەر دەکەون، و حەفتا شەڕکەریان لێ بەدیل دەگرن، بەلاَم پێغەمەر ﷺ بریتییان لێ وەردەگرێ، و ئازادیان دەکات، و ئەم ئایەتانە بە گلەییەوە دادەبەزنە خوار بۆلای پێغەمەر ﷺ: " مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُ أَسْرَى، حَتَّى يُثْخِنَ فِي الأَرْضِ، تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا؟ وَاللّهُ يُرِيدُ الآخِرَةَ، وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ، لَّوْلاَ كِتَابٌ مِّنَ اللّهِ سَبَقَ، لَمَسَّكُمْ فِيمَا أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ. "(9). لەم ئایەتانەدا خوا گلەیی لە پێغەمەرﷺ دەکات، کەبۆچ ئەو شەڕکەرانەی نەکوشتوە؟ ئەمانەو چەندان وێنەی تری وەك ئەمانە لەقورئاندا زۆرن. باشە وەرەقەی بەسەزمان ئەمانەی چۆن زانی، تا بیان نووسێ و بیدات بە پێغەمەر ﷺ؟

برای خۆم پێغەمەر ﷺ پرسیاری زۆری لێکراوە،و بوحەیراو وەرەقەش نەمابوون، ئەی ئەو وەلاَمانەی چۆن داوەتەوە؟

کاکی بەڕێز ! ئەمە بەسەرهاتی ئەو دوو قەشەیە بوو کە پێغەمەر ﷺ لەژیانیا چاوی پێیان کەوتووە، و خۆرهەلاَتناسەکان دەڵێن: موحەممەد قورئانی لەوانەوە وەرگرتووە.. هیوادارم خۆت بەچاوی ژیری و دڵی

---

**(8) سورة عبس/1-10.**
**(9) سورة الانفال/67و68.**

بیرکردنەوە لەم رووداوە بکۆڵیتەوە.. پێم خۆشە نامەم لێ نەبڕی، تا بزانم لە کوێدایت و بەکوێ گەیشتوویت..

لەکۆتاییدا سەرکەوتنت بۆ دەخوازم وتا پێك دەگەینەوە بەخوات دەسپێرم.

برات: هیوا

# # #

**بۆئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

سيرة ابن هشام، ابن هشام: 1/194-197.

الطبقات الكبرى، ابن سعد: 1/99-100.

تأريخ الطبري، ابن جرير الطبري: 2/287.

دلائل النبوة، أبونعيم الأصبهاني: 1/52.

فقه السيرة، محمد الغزالي:68، دار الكتب الحديثة/القاهرة.

فقه السيرة، محمد سعيد رمضان البوطي: 55، دار الفكر/ بيروت.

هذا نبيك، ياولدي!، محمود غريب..

ژیانی پێغەممەری مەزن، عبدالعزيز پارِەزانی: 1/88-90.

ژیانی پێغەممەری مەزن ﷺ، مامۆستا عەبدولعەزیز پارِەزانی، 2 / 14و 15.

نبوة محمد ﷺ من الشك إلى اليقين لاپەڕە 55 و 56.

# # #

## (3)

بۆ هاونشینی گیانم، مامۆستای دڵپاك و دەروون روناکم، هیوای باخی ئیسلامم، کاك هیوا گیان!

پاش جوانترین سلاَو

برای خۆشەویستم! لە خوا داواکارم بەتایبەت لەو کاتانەی نزایان تیا گیرا دەبێت: خوا بێوەی و لەشساغ و تەمەن درێژتان بکات..

نامە جوانەکەت گەیشت، گوڵی سیس بووی گەشاندمەوە، کانیاوی سازگاری بەڵگەجوان و پتەوەکانت تینوویەتیان نەهێشتم، بەڵێ، بەڕاستی نامەکەت مەشخەڵێ بوو بۆرێنوێنی من و ئەوانەی وەك منن..

برای بەرێز! ئەوکتێبانەی بۆت دەستنیشان کردبووم هەندێکیانم دەستکەوت، وسوودم لێ بینین، خوا پاداشتت بداتەوە، بەلاَم بەراستی بەڵگەکان لەگەڵ ژیری وبیردا قسەیان دەکرد، بەڵگەکان زۆر پتەو و بەهێز بوون، بەشێوەیەکی ژیربێژییانە ئاوی دڵی عەودالاَنی راستەقینەیان دەدا.

ئەوی راستی بێ من لەو دوو بەسەرهاتەوە بەڵگەیەکی ترم بەدەست هێنا، ئەویش ئەوەیە: رۆیشتنی پێغەمبەرﷺ لەگەڵ خەدیجەدا بۆ لای وەرەقەو خەمباربوونی بەهۆی رووداوی ئەشکەوتەکەوە، ئەوە دەگەیەنێ کە: پێغەمبەرﷺ چاوەڕوانی پێغەمبەرایەتی نەبووە، چونکە ئەگەر بەتەما بوایە، ئەو حاڵەتەی تووش نەدەبوو، و نەیش دەڕۆیشت بۆ لای وەرەقە تا لەبارەی ئەو حاڵەی رووی تێکردووە لێی بپرسێت.

برای بەڕێز! بەرگی دووەمی ژیانم دەستکەوت و خوێندیشمەوە، وا چەند دێرێکت بۆ دەنووسم، تا دڵنیابیت کە خوێندوومەتەوە، لەلاپەڕە پانزەدا نووسەری خوا لێخۆشبوو نووسیویەتی:

" ژیانی پێغەمبەر ﷺ هەر لەدایکبوونیەوە تا کۆچی دوایی هەمووی نووسراوە، ئەی هاوەڵەکانی پێغەمبەر ﷺ چۆن باسیان نەکردووە؟ کە

پچوکترین ڕووداویان لەژیانی ئەوا باس کردووە؟ یان دوژمنەکانی کە بۆ پچوکترین شت دەگەڕان تا بیکەنە بەڵگە بۆ بەدرۆ خستنەوەی، بۆچ ئەم ڕووداوەیان باس نەکرد؟ "

برای بەڕێزم کاك هیوا! پێشەکی داوای لێ بووردنت لێ دەکەم. خۆت دەزانی تۆ تەنیا دەستگیر و مامۆستامی، وادیارە منیش ئەرك و ئازارم زۆرە، و لەوانەیە بەم جۆرە پرسیارانە هەوای فێنکی هاوینە هەوارت لێ بشێوێنم و کاتی شیرینی گەشتەکەت لێ تاڵ بکەم؟!

بەلاَم چونکە لەبارەی هێزی باوەڕ و پتەوی بیرتەوە دڵنیام، دەزانم چاوپۆشیم لێ دەکەیت، و لەبەر ڕزگارکردنی کەسێکی نزیکە نوقمبوون چش لەهەندێ ئیسراحەتی خۆت دەکەیت، و وەلاَمی ئەم پرسیارانەیشم بۆ دەنووسیتەوە. ئەو ڕۆژە کەبەشوێن تەفسیری ئایەتێکدا دەگەڕام ئەم ئایەتەم پێشچاو کەوت:" وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا"[(10)]. لە تەفسیرەکەیا دەفەرموێ: "ئەوەی کەسێك لەمردن ڕزگاربکات، وەك ئەوە وایە هەموو خەڵکی زیندوو کردبێتەوە..

## ئایا قورئان لەژیانی پێغەمەردا تەواو بووە؟

لەبیرم نەچێ، نامەکەی ئێوەم پیشان وریای مامم دا، خوا هەڵناگرێ ئەویش زۆری پێ خۆش بوو، وەلاَمەکانی پێ پەسەند و جوان بوو، لەبەر ئەوە داوای لێکردم، ئەم پرسیارەت بۆ بنووسم، تا هەردوومان بەرچاو ڕوون و دڵنیاتر بین، پرسیارەکەش ئەمەیە: هەندێ لە ڕۆژهەلاَتناسەکان دەڵێن: گوایا: محمد(ﷺ) لەژیانی خۆیدا قورئانی تەواو نەکردووە، و پاش خۆی هاوەڵەکانی بۆیان تەواو کردووە!

هیوادارم بە وشە جوان وبەڵگە بەهێزەکانت ئەمجارەش دڵنیامان بکەیت، و دەروونمان ئاسوودە بکەیت، خوا پاداشتان بەخێر بداتەوە..

برات   هێمن.

# # #

---

(10) سورة المائدة /32.

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.

برای بەڕێز و خۆشەویستم کاك هێمن! خوا برایەتی راستەقینەو سۆزی پاکت بەردەوام بکات..

ئازیزەکەم! من زۆر تامەزرۆی دیتنتم، بۆیە دیمەنی دڵڕفێنی سروشت هەرچەند بەهێزو توانابێ، ناتوانێ چاوپێکەوتنی گیانی لەبیر بەرێتەوە، ئەو دیتنەی کەلەبەر رەزامەندی خوا لەنێوان دووبرادا ئەنجام دەدرێ.. لەبەر ئەوە هەرچەند دیمەنی دەستکردی توانای خوایی لەم شوێنەدا زۆر رەنگین و جوانە، بەلاَم باوەڕت هەبێ بیرو هۆشم لای ئێوەیە، و بەگیان لە تەکتانا دەژیم..

برای خۆم! نامە ناسك و رەنگینەکەت گەیشت، و بەدیتنی گەلێك دڵخۆش بووم، بەتایبەت کە هەواڵی خوێندنەوەی کتێبەکەی تێدابوو، چونکە ئێمەی موسوڵمان لەبارەی ئاینەکەمانەوە پێویستمان بەخوێندنەوەی زۆرهەیە، تا لەبارەیەوە بەرچاو روون بین، و بەچەکی ژیریبێژی و بەڵگەی بەهێزەوە پارێزگاری لەباوەڕەکەمان بکەین..

پرسیارت کردبوو: کە گۆیا: هەندێ لە خۆرهەلاَتناسەکان پێیان وایە: لەسەردەمی پێغەممەردا ﷺ قورئان تەواو نەبووە، و هاوەڵەکانی بۆیان تەواو کردووە!! لەو بارەوە داوای روون کردنەوەت کردبوو..

برای خۆم! بەشێکی زۆر لە خۆرهەلاَت ناسەکان بەهۆی رق و قینیان لە ئیسلامەوە لە حەنای حەق و راستەقینەدا وەك کوێریان لێ هاتووە!! دەنا بەلای کەمەوە سەردانێکی مێژوو حاڵی دەکردن و نە دەکەوتنە ناو ئەو هەڵە گەورەیەوە.

### یەك نموونە و خۆت حەکەم بە:

ئەوا من تەنیا روداوێکت لەناو دڵی مێژووەوە بۆ دێنم، تا خۆت لەو بارەوە حەکەم و بریڤان بیت، و بڕیاری خۆت بدەیت، و بزانیت تا چ ئەندازێك هاوەڵەکانی پێغەممەر ﷺ لەبارەی قورئانەوە دەستپاك بوون؟

پاش کۆچی دوایی پێغەممەرﷺ ئەبوبەکر بەجێنشینی هەڵبژێررا، ئەویش لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ کۆکردنەوەی قورئان لەدووتوێی بەرگێکدا، تا دەوڵەت پارێزگاری لێ بکات..

ئەبوبەکر بۆ کاروباری کۆکردنەوەی قورئان، عومەری کوڕی خەتتابی کردە وەزیری دەوڵەت، لەنێوان عومەر و ئەو لیژنەیەی بۆ کۆکردنەوەی قورئان دانرابوو، جیاوازی را لەبارەی تەنیا پیتێکەوە دروست بوو، بەڵێ، لەبارەی تەنیا حەرفێکەوە، ئەویش لەسوورەتی (تەوبە)دا، عومەر ئایەتە کەی بەم جۆرە دەخوێندەوە" وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ، وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا، ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ "[(11)].

## خوێندنەوەی لیژنەکە:

بەلاَم لیژنەکە بەم جۆرەی دەخوێندەوە:" وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ..." جیاوازی لە نێوان ئەم دوو خوێندنەوەیەدا بەم جۆرەیە: ئەگەر (الَّذِينَ اتَّبَعُوهُم) بەبێ واو بخوێنرێتەوە دەبێتە بەدەل یاعەتفە بەیان، واتە: پێشکەوتوانی یەکەم لەکۆچکەران و یارمەتیدەران، ئەوانەی بەچاکە شۆێنیان کەوتوون. واتە: هەر کۆچەران و یارمەتیدەران دەگرێتەوە و بەس، بەلاَم ئەگەر بەواو بخوێنرێتەوە دەبێتە (عطف النسق)، و واتاکەی دەبێتە: پێشکەوتوانی یەکەم لە کۆچ کەران و یارمەتیدەران، و ئەوانەش کە بەچاکە شوێنیان کەوتوون.. خوالێیان رازیەو ئەوانیش لەو رازین، و باخاتێکی بۆ ئامادەکردوون کەئاو لەژێر ئەو باخانەوە جاری دەبێ، هەتاهەتایە تیایا دەبن و بۆهەمیشە لەو خۆشیەدا دەبن، ئەوەش سەرکەوتنێکی گەورەیە.

برای خۆم**!** هەروەك لە تەفسیرەکەیا دەرکەوت، بەپێی خوێندنەوەکەی عومەر، تەنیا کۆچکەران ویارمەتیدەرانی دەگرتەوە، بەلاَم بەپێی خوێندنەوەی لیژنەکە: هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کەبەچاکە شوێن کۆچەران ویارمەتیدەران کەوتوون، تا رۆژی قیامەت..

---

**(11) سورة التوبة /100.**

لەبەر ئەوە عومەر داوای لە لیژنەکە کرد: نووسینەوەی ئەو ئایەتە بوەستێنن، تا ئەو هاوەڵانەی لەکاتی حەجدا لەشام وعیراقەوە دەگەڕێنەوە بۆ مەدینە، و لەسەردەمی پێغەمەمەرداﷺ قورئانیان لەبەربووە، و لەو بارەوە پرسیاریان لێ دەکرێت..

لەکاتی حەجدا ئەو هاوەڵانەی قورئانیان لەبەر بوو گەڕانەوە، و عومەریان دڵنیاکرد کە ئەو پیتە لە قورئاندا هەیە، واتە: واوەکە هەیە.. ئینجا عومەر وازی لەخوێندنەوەکەی خۆی هێنا، و ڕێی بە لیژنەکە دا تا لە نوسینەوەکەیان بەردەوام بن..

برای بەڕێز! تا ئەورادەیە هاوەڵەکانی پێغەمەمەرﷺ لەبارەی نووسینەوەی قورئانەوە دەستپاك بوون، بەڵكو لەبارەی تەنیا پیتێکەوە، تەنیا حەرفێك..

زەیدی کوڕی سابیت کە سەرۆکی لیژنەی کۆکردنەوەی قورئان بوو، بە ئەبوبەکری گوت: سوێند بەخوا ئەگەر بۆ گواستنەوەی کێوێك رووت لێ بنامایە، ئەوەم بەلاوە ئاسانتر بوو، تا نووسینەوەی قورئان!!

هێمن گیان! ئینجا خۆت بریڤان بەو بڕیار بدە لەبارەی دەستپاکی و رەوشت بەرزی هاوەڵەکانی پێغەمەمەرەوەﷺ، تا بەتەواوی دڵنیا نەبوون تەنیا یەك پیتیان نەنووسیوەتەوە، ئایا ئەوهاوەڵانە قورئانیان بۆ پێغەمەمەر ﷺ تەواو کردووە؟!

هیوا دارم بۆ زیاتر چاوڕوونی پێشەکی بەرگی یەکەمی تەفسیری خاڵ بخوێنیتەوە.. ئیتر هیواو ئاواتم بۆ گەیشتنتان بە لوتکەی بەختەوەری دووپات دەکەمەوە، و تانامەیەکی تر بەخواتان دەسپێرم..

براتان هیوا.

# # #

## (4)

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

برای بەڕێز و خۆشەویستم کاك هیوای جێی هیوام..

سەرەتا گەرمترین سلاَوی پەروەردگارت ئاڕاستە ئەکەم لەگەڵ چەپکێ گوڵی بۆندارا..

ئازیزەکەم! نامە جوان و رازاوەکەت گەیشت و سرەوتی بۆ دڵی ماندوومان هێنا، خوا پاداشتت بداتەوە، جار لەدوای جار لەرەسەنیەتی و بێخەوشی ئەم ئاینە دڵنیاترمان ئەکەیت.. و وتوویرەی شەیتانەکان لەدڵمانا رائەماڵیت.. ئەم دوو نامەیەت تەواو کاریگەر بوون، وریاش لەمن زیاتر تامەزرۆی دیتنتە، پرسیاری زۆری هەیە، بەلاَم ئەم پرسیارەی بە لەپێشترزانی، بۆیە بۆمان ناردیت، پشت بەخوا کە هاتیتەوە پێکەوە دائەنیشین، و لەوبارەوە زیاتر قسە ئەکەین، ئەمەش پرسیارەکەیەتی:

"هەندێ لەخۆرهەلاَتناسەکان پێیان وایە گوایا: پێغەمبەر ﷺ قورئانی لەتەوراتەوە وەرگرتووە!! ئایا ئەم بۆچوونەی ئەوان تا چ ئەندازێك راست یا هەڵەیە؟ " و ئایا قورئان لەتەورات وەرگیراوە؟.

بێ زەحمەت وەلاَمەکەمان بۆ بنووسەرەوە، سەربەرزی بارەگای پەروەردگار بیت.. لەکۆتاییدا داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر بەم پرسیارانە نارەحەتت بکەین..

ئیتر خۆشیت ئاواتمانە

برات هێمن.

**تێبینی:** برام بۆئەوەی بزانی کە وتەکانت لەلام بەنرخن رۆیشتم بۆ کتێبخانەی گشتی، وبەرگی یەکەمی تەفسیری خاڵم بەدەست هێنا،و لەسەر رێنوێنی تۆ پێشەکییەکەیم خوێندەوە. لەراستیدا بەسوود بوو.

# # #

**وەڵاَمەکەی هیوا:**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

برای بەڕێز وهەمیشە لەیادم کاك هێمن!

سەرەتا سلاَوی پەروەردگار لەتەك چەپکێ گوڵی بۆنداری ئەم کوێستانەدا پێشکەش بەتۆی هاونشینی گیانم دەکەم.

برای خۆم! نامەکەت گەیشت، زۆر پێی شاد و دڵخۆش بووم، بەتایبەت کە نووسیبوت: پێشەکی بەرگی یەکەمی تەفسیری خاڵیشت خوێندۆتەوە..

برای خۆم! ئەرکی سەرشانی مرۆڤی موسوڵمان ئەوەیە بەپێی توانا خزمەتی خەڵکی و ئاینی خوا بکات، و مردن و ژیانی بۆ خوا بێ، و ئەوکاتە بەژیان بزانێ کەیارمەتی ئادەمزادێك بدات، و ڕێی ڕاست پیشانی غەریبێك بدات، و ڕێ بەشاگردەکانی شەیتان نەدات بە درۆ و فرت وفێل سەرگەردانی بکەن، و بەرەو هەردو هەڵدێری بێ بڕوایی بەرن، و سەرەنجام بەرەو بنکڕی دۆزەخ تلێری بکەنەوە..

لەبەر ئەوە من وتۆ نابێ لەو جۆرە پرسیارانە ناڕەحەت ودڵگران ببین، بەڵکو دەبێ بەدڵێکی فراوان و ڕوویەکی گەشەوە وەڵاَمیان بدەینەوە، مادام مەبەستیان تێگەیشتن بێ، و بیانەوێ بەراستەقینە بگەن.. ئەمەش وەڵاَمی پرسیارەکەی کاك وریایە: ئایا دەگونجێ قورئان لەتەوراتەوە وەرگیرابێ؟

بۆ وەڵاَمی پرسیارەکەت دەبێ قورئان و تەورات هەڵبسەنگێن و لەنێوانیاندا بەراوردیی بکەین، تا وەڵاَمی ئەو پرسیارەمان دەست بکەوێتەوە..

پێش ئەم هەڵسەنگاندنە دەبێ بپرسین: ئایا تەورات دژی خۆی قسە دەکات؟ و ئەو جووانەی بڕوایان پێیەتی لە دژی خۆیان قسە دەکەن؟

شتێکی سروشتییە لەوەلاَمدا دەگوترێ: نەخێر..

ئێستا کە ئەم پێشەکیەمان زانی باسەرێك لە قورئان بدەین و بزانین چەندەها ئایەتی تێدایە کە لەتەك بیرو باوڕی جووەکاندا دژ و پێچەوانەیە، و بگرە سەرکۆنەو سەرزەنشتیان دەکات، و تەوراتەکەیان بە دەستکاری کراو ناوزەد دەکات..

**چەند نموونەیەك لەو ئایەتانە:**

1- " وَإِذْ قُلْنَا: ادْخُلُواْ هَـذِهِ الْقَرْيَةَ، فَكُلُواْ مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَداً، وَادْخُلُواْ الْبَابَ سُجَّداً، وَقُولُواْ: حِطَّةٌ، نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَايَاكُمْ وَسَنَزِيدُ الْمُحْسِنِينَ. فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ قَوْلاً غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ، فَأَنزَلْنَا عَلَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ رِجْزاً مِّنَ السَّمَاء بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ. "[12] .

واتە: وەبیریان بێنەوە کاتێ پێمان وتن: بچنە ئەم ئاوایی(قودس)ەوە، و هەرچی حەزتان لێیە بەپاکی بیخۆن، و لەدەروازەی شار بە پێزانینەوە بڕۆنە ژوور، وبڵێن: خوایە! لەتاوانمان ببوورە، تا لێتان خۆش ببین، ئێمەش بەزیادەوە پاداشتی جوانکاران ئەدەینەوە. کەچی ستەمکاران ئەو قسەی پێیان وترابوو بەشتێکی تر گۆڕییان، و ئێمەش بەهۆی ئەو فەرمان شکێنی و یاخی بوونەیانەوە لە ئاسمانەوە سزایەکمان بۆ ستەمکاران نارد.

2- "...وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ الذِّلَّةُ وَالْمَسْكَنَةُ وَبَآؤُوْاْ بِغَضَبٍ مِّنَ اللَّهِ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُواْ يَكْفُرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَيَقْتُلُونَ النَّبِيِّينَ بِغَيْرِ الْحَقِّ، ذَلِكَ بِمَا عَصَواْ وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ "[13].واتە: بەهۆی بێ باوەڕییان بەنیشانەکانی خوا، و پێغەمەر کوشتنیانەوە بەناهەق، و یاخیبوون، وتاوانکاری و لەسنوور لادانیان تووشی سووکیەتی و کەم دەستی هاتن، و بەرخەشمی خوایش کەوتن..

---

**(12) سورة البقرة/ 58 و59.**
**(13) سورة البقرة/ 61.**

3- " وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ الَّذِينَ اعْتَدَواْ مِنكُمْ فِي السَّبْتِ، فَقُلْنَا لَهُمْ: كُونُواْ قِرَدَةً خَاسِئِينَ " (14). واته: بێگومان ئەوانەی لەناو ئێوەدابوون و لەڕۆژانی شەممە دەست درێژییان ئەکرد زانیوتانه كه پێمان وتن: ببنە مەیموونگەلێکی رسوا و دوور لەرەحمەتی خوا..

4- " ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً... " (15). واته:پاشان دڵەکانتان رەق بوو، وەك بەرد یان رەقتریان لێهات..

5- " أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُواْ لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلاَمَ اللّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُ مِن بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ " (16). واته: ئایا ئێوه بەتەمان (جووەکان) باوەڕ بەئاینەکەی ئێوه بێنن،لەکاتیکا کۆمەڵێ لەوان گوفتاری خوایان ئەبیست(لەتەوراتدا)و پاش ئەوە کە لێی حاڵی ئەبوون و ئەیانزانی راستییەکە چییە، ئەوسا دەستکارییان ئەکرد و ئەیان گۆڕی؟

6- " أُولَـئِكَ الَّذِينَ اشْتَرَوُاْ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالآَخِرَةِ فَلاَ يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلاَ هُمْ يُنصَرُونَ "(17). واته: ئەوانه هەر ئەوانەن كه ژیانی پاشەڕۆژیان بەدنیایان فرۆشتووە، سزایان لەسەر سووك ناکرێت، و کۆمەکیان پێناکرێت..

7- " وَلَقَدْ جَاءكُم مُّوسَى بِالْبَيِّنَاتِ ثُمَّ اتَّخَذْتُمُ الْعِجْلَ مِن بَعْدِهِ وَأَنتُمْ ظَالِمُونَ"(18). واته: بێگومان مووسا بەنیشانەو بەڵگەی روونەوە هات بۆ لاتان، وکەچی پاش ئەو ئێوەی ستەمکار گوێرەکەتان کرده خوای خۆتان.

8- " الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءهُمْ وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ "(19). واته: ئەوانەی کتێبمان پێ

---

**(14) سورة البقرة/ 65.**
**(15) سورة البقرة/ 74.**
**(16) سورة لبقرة/ 75.**
**(17) سورة البقرة/ 86.**
**(18) سورة البقرة/ 92.**
**(19) سورة البقرة/ 146.**

بەخشیون چۆن کوڕەکانی خۆیان ئەناسن ئاوەهاش پێغەممەر ﷺ ئەناسن، و بێگومان تاقمێکیان بەزانیارییەوە حەق ئەشارنەوە..

9- " يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لِمَ تَلْبِسُونَ الْحَقَّ بِالْبَاطِلِ وَتَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ "(20).واتە: ئەی خاوەن کتێبەکان بۆچ بەرگی ناحەقی بە بەر حەقدا ئەکەن؟ بۆ حەق بەناحەق ئەپۆشن و راستی ئەشارنەوە، لەگەڵ ئەوەشا کەدەزانن ئەم کارەتان ناڕەوایە..

10- " فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَاقَهُمْ لَعنَّاهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَاسِيَةً يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ..." (21). واتە: بەهۆی پیشەی پەیمان شکێنییانەوە نەفرینمان لێکردن، و دڵمان رەقکردن، (و عادەتیانە) قسە لەجێی خۆیا ئەگۆڕن..

11-" قُلْ:هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَلِكَ مَثُوبَةً عِندَ اللّهِ؟ مَن لَّعَنَهُ اللّهُ، وَغَضِبَ عَلَيْهِ، وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ، أُوْلَـئِكَ شَرٌّ مَّكَاناً وَأَضَلُّ عَن سَوَاء السَّبِيلِ "(22) . واتە:پێیان بڵێ: ئایا هەواڵتان بدەمێ کێ لەوانە پاداشتی خراپتری لای خوا هەیە؟ ئەوانەی خوا نەفرینی لێکردوون، و رقی لێ هەڵگرتوون، و هەندێکی لێکردوونەتە مەیموون و بەراز و گوێرەکە پەرست، ئەوانە جێیان خراپترە، و لەراستەرێ گومڕاترن..

12- " وَتَرَى كَثِيرًا مِّنْهُمْ يُسَارِعُونَ فِي الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ، لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ "(23). واتە: بەشێکی زۆر لەجووەکان دەبینی کە بەپەلەن لە تاوان و دەستدرێژیکردن و حەرامخواردندا، ئای چەند کارێکی خراپ و نادروست ئەکەن!

برای خۆم کاك هێمن! ئەگەر قورئان لەتەوراتەوە وەربگیرایە تەوراتی بە دەستکاریکراو(محرف) لەقەڵەم نەدەدا، و لەدژی کردار و وتاری جووەکان نەئەدوا، بۆیە هەموو ئایەتەکانم بۆ نەنووسیت تا نامەکەم

---

(20) سورة آل عمران/ 71.
(21) سورة المائدة/ 13.
(22) سورة المائدة/ 60.
(23) سورة المائدة/ 62.

زۆر درێژنەبێ، خۆت ئەتوانی لەقورئاندا سەرێك لە پێشەكی سورەتی ئەلبەقەرە بدەیت،لە ئایەتی چل(40)ەوە باسی جووەكان دەكات و چەوت وچەوێلییان ئاشكرا دەكات، تا 78، و پاشان لەئایەتی 181 ی سوورەتی ئالی عیمران، وئایەتی 156 لەسورەتی (نیساء)، وئایەتی 30 لە سوورەتی (توبە)دا.

## بەراوردێك لە نێوان قورئان و تەوراتدا:

ئێستا با لەنێوان قورئان و تەوراتدا بەراوردێك لەو بابەتانەدا بكەین كە لەهەردوویاندا هەن. وەك سووخواردن، و باسی خوا و پێغەمەران سلاَوی خوایان لێ بێ...

سوو (الربا): باسی سوو لە قورئان و تەوراتدا كراوە، با بزانین لە قورئاندا چۆن باسكراوە، و تەوراتیش لەو بارەوە چ دەڵێ؟

قورئان دەفەرموێ: " وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا "[(24)]. واتە: خوا كڕین و فرۆشتنی حەلاَل كردووەو سووی حەرام كردووە. و لەئایەتێكی تری پاش ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: " يَمْحَقُ اللّهُ الْرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ "[(25)]. خوا سوو لەناو ئەبات و بەرەكەتی لێ هەڵ ئەگرێت، و بەرەكەتیش ئەخاتە بەخشینەوەو گەشەی پێ دەدات....

هەروەها لە دوو ئایەتی تری ئەم سوورەتەدا خوا دەفەرموێ: " يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ، فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ.." [(26)]. واتە:ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! لەخوا بترسن و ئەگەر خۆتان بەخاوەن باوەڕ ئەزان واز لە پاشماوەی سوو بێنن.. ئەگەر واتان نەكرد ئەوا شەڕ لە دژی خوا و پێغەمەرەكەی رابگەیەنن.

---

**(24) سورة البقرة/ 275.**
**(25) سورة البقرة/ 276.**
**(26) سورة االبقرة/ 278 و279.**

بەلاَم لە تەوراتدا بەم جۆرە باسی سوو کراوە: " لِلأجْنَبِي تُقرضُ بِربًا، وَلكِنْ لأخِيكَ لاتُقرضْ بِربًا " [27] واتە: بۆ بێگانە قەرز بەسوو بدە، و بەلاَم بۆ براکەت(جوو) قەرز بە سوو نەدەیت..

برام کاك هێمن! قورئان رایگەیاندووە مامەڵەکردن بەسوو وەك شەڕکردن لەتەك خواو پێغەمەرا وایە، بۆ ئەو کەسەی موسوڵمان بێ یا نا موسوڵمان..

بەلاَم تەورات مامەڵەکردن بەسووی تەنیا بۆ جوولەکان حەرام کردووە، و ئەوەی جوو نەبێ حەلاَڵە سووی لێ وەر بگیرێ، دەبینین تەورات جیاوازی لە نێوان جوولەکە و نا جوولەکەدا دروست کردووە.

لەبارەی مامەڵەکردن بە (سوو)ەوە ئەم جیاوازییە گەورەیەمان لەنێوان قورئان و تەوراتدا بەدیکرد.. با بزانین لەبارەی پێغەمەرانەوە- سلاَوی خوایان لێبێت – چ جیاوازییەك هەیە؟ خۆ هەردوویان باسی ئەوانیان کردووە.

## باسی پێغەمەران لە تەوراتدا:

أ - **نووح** سلاَوی خوای لێ بێ: تەورات لە سیفری تەکویندا ئاوەها باسی نووح دەکات: " وَشَرِبَ مِنَ الخَمْرِ فسَكِرَ، وتعَرَّى فِي داخِل خَبائِهِ " [28] واتە: نوح شەرابی خواردەوە تا سەرخۆش بوو، لەناو جێگەکەیا عەورەتی دەرکەوت..

بەلاَم قورئان بەم جۆرە باسی دەکات: " ذُرِيَّةَ مَنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ إِنَّهُ كَانَ عَبْدًا شَكُورًا " [29]. واتە: ئەمانە نەوەی ئەوانەن کەلەتەك نوحدا هەڵمان گرتن ( با سوپاسگوزار بن )، چونکە بەراستی نووح بەندەیەکی سوپاسگوزار بوو.

---

**(27)الكتاب المقدس(العهد القديم والجديد) سفر التثنية /إصحاح/23 , مقطع/20،. منشورات دارالكتاب المقدس في العالم العربي/1976.**
**(28) المصدر السابق سفر التكوين/إصحاح 9 , مقطع/21.**
**(29) سورة الإسراء/3.**

ب - **مووساو هاروون** سلاَوی خوایان لیّ بیّ: له تەوراتدا بەم جۆره باسیان کراوه: " هُوَ یکونُ لكَ فمًا، وأنتَ تكوُنُ لَهُ إلهًا " [30]. واته: ئەو بۆتۆ دەبێته دەم، و تۆیش بۆ ئەو دەبیته خوا..

بەلاَم له قورئاندا مووسا بەبرای هاروون دادەنیّ و هاروونیش به وەزیری، و به زمانی مووساوه دەفەرمویّ: . " وَاجْعَل لِّي وَزِيرًا مِّنْ أَهْلِي هَارُونَ أَخِي، اشْدُدْ بِهِ أَزْرِي، وَأَشْرِكْهُ فِي أَمْرِي " [31] حەزرەتی مووسا داوا لەخوا دەکات: هاروونی برای که کەسی خۆیەتی بۆی بکاته وەزیر، تاپشتی خۆی پیّ پتەوبکات، و بیکاته هاوبەش لەکارەکەیا. دەبینین لەتەوراتدا مووسا بەخوای هارون دانراوه، بەلاَم لەقورئاندا به برای.

ج - **لوط** سلاَوی خوای لیّ بیّ: لەتەوراتدا بەم پێیه باسکراوه: " فَسَقتا أباهُمَا خَمْرًا فِي تِلكَ الليْلةِ، فحَبلتْ ابنتا لوُطٍ مِنْ أبيهمَا "[32]. واته: دوو کچەکەی لووت لەو شەوەدا شەرابیان به باوکیان دا، و سەرخۆشیان کرد، هەردوو کچەکه له باوکیان سکیان پڕبوو.!!

بەلاَم له قورئاندا بەم جۆره باسی دەکات: " إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ، فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ "[33]. واته:پێی گوتن: من لەلایەن خواوه نێرراوێکی دڵسۆز و ئەمینم بۆتان. ئێوەش لەخوا بترسن، و گوێڕایەڵم بن.. دەبینین لەتەوراتدا به زیناکەر و لەقورئاندا به دەست پاك ناو براوه.

د - **خوا له قورئاندا،** بەم جۆره وەسفی خوا کراوه:

1- " لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ، وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ " [34]. واته: منداڵی نابیّ، و لەکەس نەبووه، و هیچ کەسێك هاوتای نییه.

---

**(30) الكتاب المقدس سفر الخروج/إصحاح 4 , مقطع/17.**
**(31) سورة طه/30- 32 .**
**(32) س الكتاب المقدس سفر التكوين/إصحاح 39 , مقطع/33-36 .**
**(33) سورة الشعراء/162-163.**
**(34) سورة الإخلاص / 3و4.**

2- "  إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ  " [35]. واته:بیگومان خوا بەسەر هەموو شتێکا تواناى هەیە..

3- " وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالأرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ "[36]. واته: بێگومان لەشەش رۆژدا ئاسمانان و زەوى و چى لە نێوانیاندایە دروستمان کرد و هیچ ماندوویش نەبووین، و هیلاکى رووى تێ نەکردین..

4- "...لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ..."[37].واته: نە وەنەوز دەدات و نەخەو دەیگرێت..

**خوا لە تەوراتدا**، بەم جۆرە وەسفى خوا کراوە:

1- " وَفَرَغَ اللهُ فِي اليَوْمِ السَّابِعِ مِنْ عَمَلِهِ الذي عَمِلَ، فَاسْترَاحَ فِي اليَوْمِ السَّابِعِ مِنْ جَمِيع عَمَلِهِ الذِي عَمِلَ "[38]. واته: خوا لە رۆژى حەوتەمدا لێبووەوە لەو کارەى کردبووى، و لەرۆژى حەوتەمدا پشووى دا، و لەهەموو ئەوکارەى کردبووى ئیسراحەتى کرد..

2- " اسْكتوا ياكلَّ البَشَرِ قدامَ الربِّ، لأَنَّهُ قدْ اسْتيْقظَ مِنْ مَسْكَنِ قُدْسِهِ "[39]. واته: ئەى خەڵکینە هەموو لەبەردەم پەروەردگارا بێدەنگ بن، چونکە لە جێى پیرۆزیا خەبەرى بووەتەوە.

کاك هێمن! لەم بەراوردییەدا بۆمان دەردەکەوێ کە قورئان هەرچى سیفەتى تەواوە بۆ خواى داناوە، ناخەوێ، وەنەوز نادات، بێدەسەڵات نییە، کەڕ نیە، کوێر نییە، بێ وێنەیە...

(35) سورة فاطر / 1.
(36) سورة ق / 38.
(37) سورة البقرة/ 255.
(38) الكتاب المقدس سفر التكوين/إصحاح 2.
(39) الكتاب المقدس سفر زكريا/ إصحاح 2 .

بەلاَم لەتەوراتدا هەرچی سیفەتی ئادەمزادە بەخوا دراوە: ماندووبوون، نوستن، هەستان لەخەو...

چاوەکەم! جیاوازی نێوان تەورات و قورئان زۆرە، بەلاَم هەروەك دەڵێن: مشتێ نموونەی خەروارێکە، ئەم چەند نموونەیەی باسکران بەسن، بۆ دەرخستنی جیاوازی لەنێوان قورئان و تەوراتدا..

ئێستا لەتۆ دەپرسم: ئایا دەگونجێ قورئان لە تەوراتێکی ئاوەهاوە وەر گیرابێ؟ ئایا لە بوختانەوە راستەقینە بەدی دێ؟ ئایا دادگەری لەستەمەوە روودەدات؟ قورئانێك کە بەوهەموو رێزەوە باسی پێغەمەران - علیهم السلام - ی کردووە، چۆن ژیری وهۆشمان رێ دەدات بڵێین: قورئان لەو تەوراتەوە وەرگیراوە، کە: پێغەمەران بە شەرابخۆر وزیناکەر و ستەمکار ناوزەد دەکات؟!

برای خۆم! لەدوو توێی نامەکەماندا ئەودەقانەی تەوراتمان لەسەرچاوە ئیسلامییەکانەوە وەرنەگرتووە، بەڵکو رۆیشتم بۆ کتێبخانەی ناوەندیی و راستەوخۆ لە{ الکتاب المقدس -ی العهد القدیم والعهد الجدید }م وەرگرتووە، کەلەساڵی 1976 لە {دار الکتاب المقدس في العالم العربي} چاپ و بلاَو کراوەتەوە..

رێزدارەکەم ! لەم بەراوردییەی کەلەنێوان تەورات وقورئاندا کرا، خۆت بریڤان بە، و حوکم بدە..

ئێمە دەڵێین: ئەم تەوراتەی کە ئێستا هەیە لەلایەن جووەکانەوە دەستکاری کراوە(مُحَرَّفَ)ە، ئەگەر دەڵێن: لەتەوراتە ئەسڵییەکەوە قورئان وەرگیراوە، نەك لەم تەوراتە، ئێمەش دەڵێین: ئەو تەوراتە ئەسڵییە مژدەی هاتنی پێغەمەرﷺ تێدایە، ئەوەبوو هەرکات عەرەبەکان کارێکی ناپەسەند و خراپیان بکردایە جووەکانی مەدینە پێیان دەگوتن: بەم زوانە پێغەمەری ئاخیر زەمان دێت، ولەناوتان دەبەین. بەلاَم تەنیا چەند زانایەکیان باوەڕیان هێناو ئەوانی تر شوێن دەمارگیریی کوێرانە کەوتن، و هەموو نیشانەکانی پێغەمەریان لەتەوراتدا لابرد وگۆڕییان.. ئەگەر دان بەبوونی

تەوراتی ئەسڵیدا دەنێن دەبێ هەموو باوەڕ بە پێغممەر بێنن، ئەگەر دەڵێن: هەر ئەمەیە: ئەوە جیاوازییەکەی نێوانیانە کە دیمان.!!

چاوەکەم ئەمە وەڵاَمی ئەو خۆرهەڵاَتناسانە بوو کە دەیانەوێ بە پڕو پاڵاَنتە سەر لە خەڵکی بشێوێنن، و قەڵاَی پۆڵاَینی ئیسلام بڕووخێنن..

لەکۆتاییدا رێز وسڵاَوم دووبارە دەکەمەوە، و بەگەرمیش هەواڵی کاك وریا دەپرسم، و سڵاَوی منی پێ بگەینە.. پێم خۆشە ئەگەر دەستان کەوت کتێبی (هذا نبيك ياولدي/للشيخ محمود غريب) بخوێننەوە.. چونکە من بەشی زۆری ئەم وەڵاَمەم لەوێوە وەرگرتووە.

ئیتر تا نامەیەکی تر بەخواتان دەسپێرم..

# # #

## (5)

# ئایا قورئان بەرهەمی بیرکردنەوەی پێغەمبەرەﷺ ؟

### ناوەرۆکی ئەم ئەڵقەیە:

ئایا قورئان بەرهەمی بیرکردنەوەی پێغەمبەرەﷺ ؟
وەلامی نامەکە ..
رەوشتی پێغەمبەرﷺ پێش پێغەمبەریەتی.
دانانی بەردە رەشەکە لە دروستکردنەوەی کەعبەدا.
نەزری کورِی حاریس.
ئەبوجەهل و ئەخنەس.
کۆبوونەوەکەی تەپۆڵکەی سەفا.
دانانی حەزرەتی عەلی لەجێی خویا لەکاتی کۆچکردنیدا.
پرسیارەکەی پاشای رۆم لە ئەبووسوفیان.
پاش پێغەمبەرایەتی:
مردنی ئیبراهیمی کورِی.
خیانەتی چاو.
غەیبزانی.

برای رابەر ودەستگیر وپشت وپەنای تەنگانەکەم کاکە هیوای ئازیزم!

سەرەتا سلاَوی خوای میهرەبانت لێبێت..

برا بەرێزەکەم ! نامە جوانەکەت گەیشت، گوتە جوانەکانت زاخاوی دڵیان دام، بەڵگە بەجێ کانت گومان ودوو دڵیان راماڵی. خوا پاداشتت بداتەوە.

برای بەرِێز! وەنەبێ تەنیا من سوودم لەوەلاَمەکەت وەرگرتبێ، بەڵکو خێرا بردیشم بۆ وریای ئامۆزام، سوپاس بۆ خوا ئەو لەمن زیاتر بەوەلاَمەکان خۆشحاڵ بوو، بەڵگە زانستییەکان قسەیان لەتەك ژیری و بیرا دەکرد.. بۆیە داوای لێکردم جارێکی تریش نامەت بۆ بنووسم، و پرسیارێکی ترت ئاراستە بکەم، تا لەبارەی قورئانەوە بەتەواوی دڵنیا ببێت..

کاکی بەرِێز! وریا لەتەك چەپکێ گوڵی بۆندارا سلاَوت ئاراستە دەکات، و ئەم پرسیارەی هەیە: "دەڵێن: گوایا پێغەممەر ﷺ لە ئەنجامی بییر کردنەوەی زۆرا ئەم قورئانەی داناوە !! "

لەراستیدا خۆم توانای ئەوەم نەبوو پێی بسەلمێنم کەوانییە، بۆیە داوای لێکردم پرسیارەکەت بۆ بنێرین، و جارێکی تریش عەزێتت بدەین.. وا لەسەر داخوازی ئەو بۆم ناردیت.. بەراستی وریا هۆگری نامەکانت بووە، و تامەزرۆی بینینتە.. لەهەوڵەکەیدا جیددیە، و دەیەوەێ ببێتە قوتابییەکی قورئان، ودەرسی ئیسلام ناسی لای ئێوە بخوێنێ..

ئیتر هیوادارم خوا لەئێمەت نەسێنێ، و کاتێکی خۆش بەسەر بەریت، و بەم زوانە بەدیتنت شاد ببینەوە..

برات هێمن

**تێبینی:** لەنامەکەتا نووسیبووت: نامیلکەی(هذا نبيك يا ولدي)بخوێنینەوە، بەداخەوە لە کتێبخانەکاندا نەما بوو، چونکە هەر زوو فرۆشرابوو.

# # #

بسم الله الرحمن الرحيم

هێمنی خۆشەویست! سلاَوی خوای میهرەبانت لێ بێ

هیوادارم خوا بتپارێزێ، و لەبرینی رێی حەق و راستیدا هێزی ئەژنۆت زیاتر بکات، و لەکاروانی باوەڕ و تێکۆشاندا دواکەوتوو نەبیت..

نازانم ئێستا حاڵتان چۆنە؟ هیوادارم کامەران و بەختەوەربن.

برای بەرێز! ئەگەر ئەدیب بوومایە نامەکەم بەوشەی ئەدیبانە دەڕازاندەوە، ودەمگوت: شەپۆلی ئارەزووی چاوپێکەوتنتانم لە هەڵچوون دایە، سۆزم بۆتان وەك سۆزی گوڵە بۆ شەونم، پێویستیم پێتان وەك پێویستی باخچەیە بۆ بەهار، تینوویەتیم بۆ دیتنتان وەك تینوویەتی ساوایە بۆ ئامێزی دایکی.. بەڵێ ئەگەر ئەدیب بومایە ئاوها وێنەیەکی خۆشەویستی خۆمم بۆ دەکێشان، بەلاَم هەروەك خۆت دەمناسی و باش دەزانی من ئەدیب نیم، و ناشمەوێ خۆم بهاوێمە ناو دەریایەکەوە کە مەلە نازانم، و کەرەسەی مەلەوانیشم پێ نییە.. باواز لەوەسفی تامەزرۆی دیدارتان بێنم، بۆت هەیە لەدڵی خۆت پرسیار بکەیت، بێگومان ئەو باش ئاگادارە.. چونکە پێشینان فەرموویانە: دڵ ئاوێنەی دڵە..

هێمن گیان! هەواڵی بێداری وریات بۆ نووسیبووم، مەگەر خوا خۆی بزانێ بەو هەواڵە چەند شاد و دڵخۆش بووم!! خوا بییەوێ هەردڵێ ئاوەدان بکاتەوە پرشەیەك لەنووری خۆی بۆ دەنێرێ..

بەهەر حاڵ، سلاَوی گەرم وگوڕی منی پێ بگەیەنە، لەتەك ئەو پەڕی ئاواتما بۆ گەیشتنی بە چڵە پۆپەی تێگەیشتن وحاڵی بوون لە ئیسلام..

لەبەر ئەوەی کە وەلاَمی پرسیارەکەت بەنامەیەك تەواو نابێ، پێم خۆشە وەلاَمەکەی هەڵبگرین بۆ کاتێ کە خۆم دێمەوە، ئەوکاتە - پشت بەخوا - پێکەوە دادەنیشین و بەدرێژی باسی لێوە دەکەین. بەلاَم لێرەدا دەمەوێ هەندێ لە سیفەت و ڕەوشتەکانی پێغەمەرتان ﷺ بۆ باس بکەم، تا بزانیین ئایا پێغەمەرﷺ لەو دەست بڕانە بووە کە خەڵك دەخڵەتێنن؟ یا لەشیری پاڵفتە بێخەوش تر بووە؟

## ڕەوشتی پێغەمەرصلی الله علیه وسلم پێش پێغەمەریەتی:

لێرەدا هەندێ لەڕەوشتەکانی پێغەمەرﷺ لەدوو سەردەمی پێش و پاش پێغەمەریەتیدا دەخەینە پێشچاو، تا بزانین ئەو پێغەمەرە صلی الله علیه وسلم چ زاتێ بووە؟

لەپێش پێغەمەریەتیدا پێغەمەر ﷺ بەرەوشت بەرز، و دەستپاك، و ڕاستگۆ بەناوباگ بووە، وا بۆ نموونە چەند دەقێکی مێژوویی دێنین، و دەیخەینە بەردەستان:

**ئەلف / بەردە ڕەشەکە** - پێنج ساڵ پێش پێغەمەریەتی قورەیشییەکان ویستیان خانووی کەعبە نوێ بکەنەوە، لەبەر ئەوە تێکیان دا، و دیواریان دەستپێکرد، تاگەیاندیانە شوێنی بەردە ڕەشەکە( حجر الأسود )، لەویادا خەڵکەکە ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، و لەبۆچونیاندا بۆ دانانی بەردەکە پەرتەوازەبوون.. هەریەك لە هۆزەکانی قورەیش دەیویست شەرەفی دانانی بەردەکە بەر خۆی بکەوێ، ئەمیان دەیگوت: ئێمە دای دەنێین، و ئەویان دەیگوت: ئێمە دای دەنێین!! نزیکبوو بیکەنە شەڕ، و یەکتر داپاچن.. لەئەنجامدا هاتنە سەر ئەم ڕایە: ئەو یەکەم کەسەی سبەینێ لە دەرگای سەفاوە هاتە ناوحەوشەی کەعبەوە، بیکەنە بریڤان (حەکەم)، و هەرقسەیەکی کرد لەقسەی دەر نەچن.. ئەوەبوو سبەینێ یەکەم کەسێ کە لەدەرگای سەفاوە هاتە ژوور، حەزرەتی موحەممەد بوو، هەموو هاواریان کرد و گوتیان: ئەوە ئەمینەکەیە، قایلین، قایلین.

برای خۆم کاك هێمن! ئەمە ڕەوشتی پێغەمبەر بووە ﷺ لەپێش پێغەمبەریەتیدا، لەناو شارەکەیدا بەئەمین ودەستپاك ناسراو بووە.

**بێ / نەزری کوڕی حاریس-** لەکاتێکا قورەیشییەکان کۆبوونەوە تا لەکاتی حەجدا کە خەڵکی بۆحەج دێن قسەیان لەبارەی پێغەمبەرەوە ﷺ یەك شێوەبێ، و لەڕاو بۆچوونیاندا پەرتەوازەیی و جیاوازی نەبێ..

هەریەکە لەقەبێکی بۆ دۆزییەوە تابەخەڵکی بڵێن: موحەممەد ئەوعەیبەی هەیە، بۆیە ئێمە شوێنی ناکەوین، یەکێ لەوانە گوتی: بابڵێین: جادووگەرە، نەزری کوڕی حاریس (نضر ابن حارث) کە دوژمنێکی زۆر سەرسەختی پێغەمبەر بوو، گوتی: موحەممەد هەر لەمنداڵیەوە تائێستا لەناو ئێوەدا پێگەیشتووە، لە قسەدا لەهەمووتان ڕاستگۆتر بووە، و لێی ڕازی بووین، لەدەستپاکیدا لەهەمووتان گەورەتربووە، ئێستا کە نیشانەی پیریەتی پێوە دەبینن،و بەوردیاریەوە هاتووە بۆلاتان پێی دەڵێن: جادووگەر! سوێند بەخوا جادووگەر نییە..

کاك هێمن ئەم باسە لە لاپەڕە 319 سیرەتی ئیبنو هیشامدا بەدرێژی باسکراوە، ئینجا ئەمە قسەی دوژمنێکی سەرسەختی پێغەمبەر بووە، داوا لەخەڵکەکە دەکات کە لەبارەی پێغەمبەرەوە، قسەیەکی وابکەن خەڵکی بڕوایان پێ بکات، و بۆیان بسەلمێنێ، تا بەدرۆ نەکەونەوە.. جا بزانە ئەم دوژمنە سەرسەختە کە باسی ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ کراوە، بەوجۆرە باسی کردووە کە نووسیمان. ئێستا دەزانیت کە پێغەمبەر ﷺ چ ڕەوشتێکی هەبوە؟!

**جیم/ ئەخنەس و ئەبو جەهل** - جارێکیان ئەخنەس[40]. و ئەبو جەهل پێکەوە دەبن، وئەخنەس پێی دەڵێ: ئەبولحەکەم! خۆ هەرخۆم وخۆتین، و کەس لەنێوانماندا نییە. ئەرێ پێم ناڵێیت موحەممەد ڕاستگۆیە، یا درۆزن؟

ئەبوجەهلیش لەوەلاَمیدا دەڵێت: ماڵ وێران! وەڵلاهی موحەممەد ڕاست گۆیە، وهەرگیز درۆی نەکردووە، بەلاَم ئەگەر خێڵی قوسەی ئالاَی هۆز،

---

**(40) ئەڵبەت ئەخنەس لە دواییدا موسڵمان دەبێ و لەکاتێکا موسڵمانە ئەم قسەیە دەگێڕێتەوە.**

و ئاودانی زەمزەم، و زێوانی کەعبە، و پێغەمەرایەتیشیان بە دەستەوەبێ، ئەی ئیتر چی بۆ خەڵکی قورەیش بمێنێتەوە؟!

برای خۆم کاك هێمن! ئەبو جەهل ددان بەوەدا دەنێت کە پێغەمەر ﷺ راستگۆیە، و درۆی نەکردووە، بەلاَم بەخیلی و چاوچنۆکی هانی دەدا، خۆی بکاتە کۆڵووی دۆزەخ..

**دال/ تەپۆڵکەی سەفا**- پاش ئەوەی کە ئایەتی " وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الأقْرَبِينَ " [41]. هاتە خوار، و پێغەمەرﷺ ویستی خزمەکانی لەبارەی ئاینی ئیسلام ئاگادار بکاتەوە، رۆیشتە سەر تەپۆڵکەی سەفا، و یەك بەیەك بانگی هۆزەکانی قورەیشی کرد، تا هەموو کۆبوونەوە، ئەوسا فەرمووی: خزمینە! ئەگەر هەواڵتان بدەمێ کە لەپشت ئەوشاخەوە لەشکرێك هەیە، و دەیەوێ شەبەیخون بکاتە سەرتان، ئایا بڕوام پێ دەکەن؟

هەموو گوتیان: بەڵێ.. چونکە تا ئێستا دروت لێ نەبیستراوە..

**هێ / سپاردەکان**- لەساڵی سیانزەی پێغەمەرایەتیا ئەوەبوو قورەیشییەکان ویستیان پێغەمەر ﷺ بکوژن و خوای بالاَدەست ئاگاداری کردەوە، و ئەویش بڕیاری کۆچی دا، و لەتەك ئەبوبەکردا کۆچیان کرد، بەلاَم عەلی کوڕی ئەبوتالیبی لەجێی خۆیا دانا،و لەتەك خۆیا نەیبرد، و ئەگەری کوشتنی حەزرەتی عەلی زۆر بەهێز بوو. ئایا دەزانی بۆچ عەلی لەتەك خۆیدا نەبرد؟

تا ئەو ئەمانەت و سپاردانەی لای پێغەمەر ﷺ دایان نابوو، حەزرەتی عەلی بیداتەوە بە خاوەنەکانیان.. ئەو کافرانەی باوەڕیان بە پێغەمەر ﷺ نەدەهێنا، و ئیسلامیان وەرنەدەگرت، لە دەست پاکی پێغەمەر ﷺ دڵنیا بوون، و ئەمانەتیان لا دادەنا.!! ئایا بۆرەوشت بەرزیەتی پێغەمەر ﷺ بەڵگە لەمە گەورەتر دەبێ، دوژمنت بن و بێن ئەمانەتت لا دابنێن؟.

---

**(41) سورة الشعراء/ 214. واتە: خزمە نزیکەکات بیدار بکەوە.**

**واو/ دیمانەکەی ئەبوسوفیان**- پاش رێکەوتنەکەی (حودەیبییە)لەنێوان موسڵمانان وبت پەرستانی قورەیشدا، هێشتا ئەبو سوفیان موسڵمان نەبووبو، پاش موسڵمان بوونی دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: بۆ بازرگانی لەگەڵ کۆمەڵێ پیاوانی قورەیش رۆیشتبووم بۆ شام، (دوحیە) نامەیەکی لە پێغەمەرەوە بۆ میری (بوسرا) هێنابوو، ئەویش بۆ (هیرەقل)ی پاشای رۆمی هێنابوو، (هیرەقل)یش پرسیبووی: ئەو پیاوەی داوای پێغەمەریەتی دەکات خزم و کەسوکاری لێرە هەیە؟ ئەوانیش گوتبوویان: بەڵێ..

من وچەند کەسێکی تری قورەیشییان بۆلای هیرەقل برد، و لەبەردەمیا رایان گرتین، هیرەقل کە گەورە پیاوانی رۆمی بە دەورەوە بوو، ئێمە و تەرجومانەکەی بانگ کرد، و گوتی: کێتان نزیکترین خزمی ئەو پیاوەن کە پێی وایە پێغەمەرە؟ منیش گوتم: من..

گوتی ئەمەیان بێننە پێشەوە، و ئەوانی تریش لە دوایەوە راگرن، پاشان بەتەرجومانەکەی گوت: پێیان بڵێ: من لەبارەی ئەو پیاوەوە پرسیار لەمە دەکەم، ئەگەر درۆی پێ گوتم، ئێوە بەدرۆی بخەنەوە،- ئەبوسوفیان- دەڵێ: وەڵلاهی ئەگەر ترسی ئەوەم نەبوایە بەدرۆم بخەنەوە درۆم دەکرد..

ئەوسا بەتەرجومانەکەی گوت: لێی بپرسە: بنەماڵەی چۆنە لەناوتانا؟

گوتم: خانەدانە..

گوتی: پاشا لەباب و باپیریا هەڵکەوتووە؟

گوتم: نەخێر..

گوتی: پێش ئەوەی لەبارەی پێغەمەریەتییەوە قسەتان بۆبکات درۆتان لێ بیستووە؟

گوتم: نەخێر..

گوتی: ئایا دەوڵەمەند و پیاوماقوڵاَن شوێنی دەکەون، یا هەژار و چەوساوەکان؟

گوتم: هەژارو چەوساوەکان..

گوتی: شوێنکەوتەکانی زۆر دەبن یا کەم دەبن؟

گوتم: زۆر دەبن..

گوتی: ئەوانەی دەرِۆنە ناو ئاینەکەیەوە لێی زویر دەبن، و واز لە ئاینەکەیان دێنن؟

گوتم: نەخێر..

گوتی: شەرِتان لەتەکا کردووە؟

گوتم: بەڵێ..

گوتی: شەرِەکەتان لەتەکیا چۆن بووە؟

گوتم: بەنۆرە بووە ، جاری وابووە ئەو سەرکەوتووە، و جاری وابووە ئێمە..

گوتی: غەدر دەکات؟

گوتم: نەخێر، تائێستا ئێمە لەپەیمانی ئاشتیداین، نازانم چۆن دەبێ لە تەکماندا..

گوتی: کەس لەپێش ئەمدا باسی ئەم پێغەممەریەتیەی کردوە؟

گوتم: نەخێر..

گوتی:مادام ئەو لەتەك خەڵكا درۆنەكات، لەتەك خوایشدا درۆ ناكات[42].

برای خۆم كاك هێمن! ئەم رووداوە كۆمەڵێ رەوشتی پێغەمەری ﷺ تێدایە، چ لەپێش پێغەمەرایەتی و چ لە پاشدا، بەلاَم لێرەدا مەبەستم ئەو قسەی ئەبوسوفیانەیە كە هیرەقل لێی دەپرسێ: پێش ئەوەی ئەمەتان بۆ باس بكات درۆتان لێ بیستووە؟ یا تۆمەتی درۆتان داوەتە پاڵی؟ ئەویش دەڵێت: نەء.. نەخێر درۆمان لێ نەبینیوە..

ئەمە رەوشتی پێغەمەر بووە ﷺ ، لەماوەی چڵ ساڵی تەمەنیدا، بەشایەتی گەورەترین دوژمنانی، جا كە پێغەمەرێك ﷺ دوژمنانی ئەو شاهیدییەی بۆ بدەن، لەبارەی دەستپاكی و راستگۆییەوە، چۆن دەتوانرێ پێی بگوترێ: درۆزن یان دەستبڕ؟!

ئەمانەی باسمانكرد نمونەیەك بوون لەخەرمانی رەوشتی بەرزی پێغەمەر ﷺ، پێش ئەوەی خوا بیكاتە پێغەمەر ﷺ . بائێستا بزانین پاش ئەوەی كرا بە پێغەمەر ﷺرەوشتی راستی و دەستپاكی چۆن بووە؟

**پاش پێغەمەرایەتی:**

**ئەلف/ مردنی ئیبراهیم** - لەساڵی دەیەمی كۆچیدا ئیبراهیمی كوڕی پێغەمەر ﷺ مرد و كۆچی دوایی كرد، ویستی خوا وابوو لەو رۆژەدا خۆر گیرا، هەندێ لەموسڵمانانی سادە وایانزانی، كە: لەبەر مردنی ئیبراهیم خۆر گیراوە! پێغەمەرصلى الله عليه وسلم كەبەمەی زانی نەیهێشت لەبیرو بۆچوونیاندا ئەم هەڵەیە بمێنێتەوە، بۆیە رۆیشتە سەر میمبەر و فەرمووی: خۆر ومانگ دوو نیشان و دەستكردی خوان، بۆ مردن وژیانی كەس ناگیرێن، كە دیتان گیران داوای لێخۆشبوون لەخوا بكەن، و بۆلای خوا بگەڕێنەوە.. بۆ درێژی ئەم باسە سەریك لە لاپەڕە (479)ی كتێبی ژیانی پێغەمەری مەزن ﷺ بدە..

برای بەرێز! ئەگەر خوا نەخواستە پێغەمەر ﷺ لەوانە بوایە كەپیشەیان دەستبڕین وچاووڕاوە، ئایا سادەیی ئەوانەی بەهەل نەدەزانی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكەی خۆی؟!

---

**(42) أخرجه البخاري في صحيحه كتاب الوحي/باب كيف كان بدأ الوحي(6)، ص3. برقم: 7.**

**ب / خیانەتی چاو** - لەکاتی رزگارکردنی شاری مەککەدا پێغەمبەرﷺ چەند کەسێکی لە لێبوردن هەڵبوارد کەشیاوی لێبوردن نەبوون، یەکێك لەوانە (عەبدوڵلای کوڕی ئەبی سەرح) بوو، ئەم پیاوە بۆ پەیمان بەستن هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ، تا بەیعەتی پێ بدات، بەڵام تا سێ جار حەزرەتی عوسمان تکای بۆ نەکرد، پێغەمبەر ﷺ دەستی نەدایە بەیعەتی لەتەکا بکات، پاشان رووی کردە هاوەڵەکانی و فەرمووی: ئەوە پیاوێکی ئازاتان تیا نەبوو، کەمن دەستم نەدایە دەستی، هەستێ بۆی و بیکوژێ؟

عەرزیان کرد قوربان! ئێمە نازانین چی لەدڵی جەنابتایە!! بۆ بەچاو هێمایەکت بۆ نەکردین؟!

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دروست نییە پێغەمبەرێك خیانەتی چاوی هەبێ.

برای خۆم کاك هێمن! پێغەمبەرﷺ بەوە قایل نەبووە کەبەتیلی چاو خیانەت بکات، بەرامبەر بە دۆژمنێکی سەرسەختی، بەخوێنی سەری موسڵمانان تینووی، و تا توانی دوژمنایەتی موسڵمانانی کرد، و ئازاری بەگەروویانا کرد.. ئەمە بووە رەوشتی پێغەمبەر ﷺ ..

**جیم/غەیبزان**- لەزەماوەندی ئافرەتێکی مەدینەییدا، چەند کیژۆڵەیەك دەفیان لێ دەدا و سروودێکیان دەگوت، کەوەسفی شەهیدەکانی بەدر بوو، ناکاو کچۆڵەیەکیان گوتی: پێغەمبەرێکی غەیب زانمان لەناودایە.. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: جارێکی تر قسەی وا نەکەیت.. و سروودەکانی پێشووتان بڵێن..

برای خۆم! هەرکەسێکی تر بوایە لەجیاتی پێغەمبەر ﷺ، گەشەی پێ دەکەوت و هانی دەدان، و ئەو نەزانینەی ئەوانی بەهەل دەزانی بۆمەبەستی تایبەتی خۆی؟! بەڵام پێغەمبەر ﷺ نەیهێشت قسەی وا بکات چونکە رەوشتی پێغەمبەریەتی رێی پێ نەدا..

هێمن گیان! ئەمە هەندێ لەسیفەتی راستی، ودەست پاکی و ئەمانەتی پێغەمبەربوو ﷺ.. بۆ ئەوەی شارەزایی زیاترت هەبێ، سەرێك لە کتێبی (النبأ العظیم)ی دکتۆر (محمد عبد الله دراز) بدە. بەو هیوایەی تا لەم

هەفتانەی داهاتوودا - ئینشائەڵلا- دێمەوە بۆلاتان، بەشێکی زۆری ئەم کتێبەتان خوێندبێتەوە..

جاریکی تریش بەهیوای بەختەوەری و سەرکەوتنتانەوە، بەخواتان دەسپێرم..

براتان هیوا

# # #

# (6)

## ئایا نەسازی لەقورئاندا هەیە ؟

پاش پێنچ رۆژ نامەکەی هیوا گەیشت، هێمن بە ئارەزوومەندی و تامەزرۆییەوە خوێندییەوە، و سوپاسی پەروەردگاریشی کرد، چونکە زیاتر پێی ئاسوودە و دڵنیابوو، وەك باوی خۆی بەپەلە نامەکەی گەیاندە وریای ئامۆزا و تازە هاوەڵی، و هەردوو لەسەر پێ بەخشینی ئەم هاوەڵە دڵسۆزە سوپاسگوزاری خوا بوون..

هەردوو چاوەڕێی هاتنەوەی هیوای هاوەڵ و مامۆستایان دەکرد.. وەك دەڵێن: رۆژیان بەهەفتەو هەفتەیان بەمانگ لێ دەرۆشت!! چاوەڕوانی لەخۆیا ناخۆشە، بەتایبەت چاوەڕوانی پزیشك، نەخوازەلا پزیشکی دەروون و بییرو هۆشیش..

دوهەفتە بەسەر نووسینی نامەکەی هیوادا تێپەڕیبوو، هێمن لەناو جێگەکەیدا راکشاوە، سەعات دەی شەوە بەلاَم هێشتا خەو لەچاوی نەکەوتبوو، لەجیهانی بییرو ئەندێشەدا بوو، ناکاو هات بەخەیاڵیا کە دوو هەفتە تەواو بوو، بۆچ هیوا نەهاتەوە؟ ئەو لەم داڵغەیەدا بوو زەنگی تەلەفونەکەیان لێی دا.. بەپەلە خۆی گەیاندێ و هەڵی گرت و، گوتی: فەرموو..

گوتی: بێ زەحمەت کاك هێمن نە نوستووە؟

هێمن کە خێرا دەنگی ناسیەوە گوتی: هێمن کە چاوەڕوانی تۆیە، و بییرو هۆشی لای تۆیە چۆن خەوی لێ دەکەوێ؟! سوپاسی خوا دەکەین کە بەبێوەی هاتوویتەوە.. چاومان رۆشن.. ئەوەکەی هاتییتەوە؟

هیوا گوتی: هەر ئێستا، تەنیا دە دەقیقە دەبێ گەیشتوومەتە ماڵەوە، بەپێویستم زانی پێش هەموو شتێ هەواڵی تۆ بزانم، بۆیە هێشتا خۆم نەگۆڕیوە، و تەلەفونم بۆ کردی..

هێمن: یاخوا بەخێر بێنەوە، و پارێزراو بن، دەزانی چەند چاوەڕێی هاتنەوەت بووین؟!

هیوا: خوا پاداشتان بەخێر بداتەوە و سوپاستان دەکەم.. ئەرێ کاك ووریا وەزعی چۆنە؟

هێمن: سوپاس بۆخوا باشە، ئەویش هەمیشە هەواڵی دەپرسیت و دەیگوت: ئەوە کاك هیوا نەهاتەوە؟!

هیوا: زۆر سوپاسی دەکەم، وهیوادارم خوا دڵ و دەروونی هەموومان بە نووری خۆی رووناك بکاتەوە.. پشت بەخوا سبەینێ دەتان بینم..

هێمن: ئینشائەڵلا ئێمە سبەینێ دێین بۆ سەردان و بەخێر هاتنەوەت، بەلاَم بۆ ئەوەی نەبینە زەحمەت چ کاتێ بێین باشە؟

هیوا: پێویست بەو زەحمەتە ناکات.. هەرکاتێ بێن بەخێر بێن.. بەلاَم ئەگەر پاش سەعات نۆ بێن، کاتەکە کاتێکی گونجاوە..

هێمن: کاك هیواگیان! ئێستا ماندووی رێیت، بالەمەزیاتر، کاتت نەگرم، فەرموو پشوو بدە، تا سبەینێ پێك دەگەینەوە بەخوات دەسپێرم، و خوات لەگەڵ..

هیوا: خوات لەگەڵ، برای بەرِێز! خوات لەگەڵ..بەو جۆرە تەلەفونەکەی دانایەوە..

شەو هەر شەوە، بەلاَم شەوێك دیداری خۆشەویستی لەدوابێ درەنگ دەڕوات.. سەر لەبەیانی زوو هەواڵی بەووریای ئامۆزای دا، و لەسەعات نۆدا بۆ بەخێرهاتنەوەی هیوای برایان گەیشتنە ئەوێ..

مامۆستا وقوتابی، یا برا و برا ئەملاو لای یەکتریان ماچ کرد، و پاشان هێمن ووریای پێناساند و گوتی: کاك هیوا! ئەمە کاك ووریای هاوەڵمانە، کە زۆر ئارەزوومەندی دیدارتان بوو..

هیوا: بەدیتنی زۆر شادمانم، و ئاواتە خوازم کامەران و بەختەوەر بێ، و هەمووومان لەسایەی قورئانا بحەوێینەوە..

ووریا: برای بەرێز! بەراستی من زۆر سودم لەونامانە وەر دەگرت، کە بۆ کاك هێمنت دەناردن، ئەوەی سەرنجی منی رادەکێشا وەلاَمەکانی بەرِێزتان مەنتتیقی بوون، وقسەیان لەتەك ژیری و هۆشدا دەکرد، بۆیە برِیارم دا کە بە دەستگیر و مامۆستای خۆمت دابنێم، چونکە من پێم وایە مرۆڤ بۆ گەیشتن بەراستەقینە، پێویستی بە رێنوێنیکەرێك هەیە، بەو هیوایەی لەدەریای گومان و دوودڵی رزگارم بکەیت، و تا کەناری دڵنیایی دەستم لێ بەر نەدەیت.

هیوا: برای خۆم! سوپاسی هەستی بەرزت دەکەم، وادیارە لەرووی خۆش خولقی خۆتەوە متمانەیەکی زیادت بەمن هەیە، هەرچەند من ئەوە نیم، چونکە من خۆم باشتر دەناسم، من وەك هاوەڵێکی دڵسۆز ئەوەی لەتوانامدا هەبێ –ئینشائەڵلا- کەمتەر خەمی ناکەم، و سوپاس بۆخوا خزمەت گوزارانی قورئان نووسراوی باشیان هەیە، و بەهۆی لوتفی خوا و پاشان نووسینەکانی ئەوانەوە، لە لێوارەی راستەقینەو دڵنیایی نزیك دەبینەوە..

ووریا: کاك هیوا لەوماوە پێشووەدا نووسراوێکم خوێندەوە، کە قسەی چەند کەسێکی داخ لەدڵ بەرامبەر بەئیسلام و قورئانی تێدابوو، گوایا ئەوانە گوتبوویان کە: قورئان چەندەها نەساز{ تناقض }ی تێدایە، هەندێك لەو ئایەتانەم نووسیوەتەوە، کە بەبۆچوونی ئەوان نەسازی تێدایە، تا لەلای ئێوە باسی بکەم، و راستییەکەی حاڵی ببم..

هیوا: کارێکی زۆر ژیرانەت کردووە کە ئەو ئایەتانەت نوسیوەتەوە، تا لەکاتی پێویستا بەشوێنیا نەگەرِێیت، و کاتت بەزایە نەچێ.. فەرموو بزانم ئەو ئایەتانە چین؟

## بەرپرسیاریی:

وریا: كاك هیوا ئەم ئایەتانەن: 1- " فَوَرَبِّكَ لَنَسْأَلَنَّهُمْ أَجْمَعِيْنَ، عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ "[43]. 2- " فَيَوْمَئِذٍ لا يُسْأَلُ عَن ذَنبِهِ إِنسٌ وَلا جَانٌّ "[44]. ئەوان دەڵێن: قورئان لەئایەتی یەكەمدا گوتوویەتی: سوێند بە پەروەردگارت لە بارەی ئەوكردەوانەی كردوویانە پرسیار لەهەموویان دەكەین.. و لەئایەتی دووەما گوتوویەتی: لەو رۆژەدا پرسیار لەتاوانی ئادەمزاد و پەری ناكرێ..

ئەوان ئەمەیان بەنەسازی لەقورئاندا داناوە، لەرواڵەتیشا مرۆڤ واحاڵی دەبێ، بۆیە پێم خۆش بوو كە ئێوە راستەقینەمان بۆ روون بكەنەوە..

هیوا: ئەی كاك هێمن تۆ چۆن لێی حاڵ دەبیت؟

هێمن: ئەوی راستی بێ من لەو بارەوە ئاگاداریم نیە، بەلاَم لەرواڵەتدا وا دەر دەكەوێ كە وریا گوتی، ئەی تویش وای نابینی؟

هیوا: نەخێر..

هێمن: كەوابوو فەرموو راستەقینەمان بۆ روون بكەرەوە..

هیوا: برایان! جارێ فەرموون با ماستاوەكەمان بخۆینەوە..ئەوسا خوا یاربێ روونی دەكەینەوە.

هیوا: كاك وریا ! ئەگەر من بڵێم: وریا دانیشتوە، و كاتێ هەستایتە سەر پێ گوتم: وریا دا نەنیشتووە، ئایا هیچ سەرت سوورِ دەمێنێ، و نەسازی لە نێوان ئەم دووقسەیەمدا دەبینی؟!

---

**(43) سورة الحجر/92.**
**(44) سورة الرحمن/39.**

وووریا: نەخێر..

هیوا: بۆچ؟

وووریا: چونکە ئەم دووقسەیە باسی دوو کاتی جیاواز دەکەن..

هیوا: رەحمەت لەبابت..منیش هەر ئەوەم دەوێ.. کاك وووریا ! لەرۆژی قیامەتدا خەڵکی دەوەستێنرێن و پرسیاریان لێ دەکرێت، و هەرکەس بەپێی کردەوەی خۆی پاداشتی دەدرێتەوە.. ئالێرەدا خوا دەفەرموێ: " فَوَرَبِّكَ لَنَسْأَلَنَّهُمْ أَجْمَعِيْنَ، عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ"[45]. واتە: سوێند بە پەروەردگارت لەبارەی ئەوەی کردوویانە پرسیار لەهەموویان دەکەین..

کاتێ دادگا تەواو دەبێ، و خەڵکی هەموو دادگایی کراون، و چاك و خراپ لێك جودا کراونەوەتەوە، هەرکەس جێی خۆی دەزانێ، و بەختەوەر و کلۆڵ دەرکەوتووە، ئالێرەدایە کە ئیتر کەس پرسیاری لێناکرێ، وخوا دەفەرموێ: " فَيَوْمَئِذٍ لا يُسْأَلُ عَن ذَنبِهِ إِنسٌ وَلا جَانٌّ" **[46]**. واتە: لەو رۆژەدا ئادەمزاد و پەری پرسیار لەتاوانی ناکرێ.. حوکم دەرچووە، ئیتر پرسینەوەی چی؟

هێمن: ئەی خوا پاداشتت بداتەوە کە بەو ئاسانییە ئەو گومانەت لابردین.

وووریا: کاك هیوا! خێرت بنووسێ، منیش بەتەواوی لەبارەی ئەو دوو ئایەتەوە دڵئاسوودە بووم.. بەلاَم ئەی ئەم دوو ئایەتەی تر، چۆن بزانین کە نەسازیان تیا نییە؟

## تاوانت بەئەستۆم:

ئایەتی یەکەم: " وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى "[47]

---

**(45) سورة الحجر/92.**
**(46) سورة الرحمن/39.**
**(47) سورة فاطر/18.**

.و دووەمیان "  وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالاً مَّعَ أَثْقَالِهِمْ "(48).

. هەرخۆت واتاکەشیان بکە..

هیوا: برایان! خوا لەئایەتی یەکەمیانا دەفەرمویٚ: هیچ کەس تاوانی هیچ کەسی تر هەڵناگریٚ.. واتە: ئەگەر یەکێك بەناهەق مرۆڤێکی کوشت، باوکی بکوژ یا براکەی لەتاوانی ئەوا ناکوژرێتەوە..

واتای دووەمیشیان بەم جۆرەیە: بێگومان کۆڵی قورسی خۆیان هەڵدەگرن، و کۆڵگەلێکی تریش لەتەك کۆڵەکەی خۆیاندا..

وریا: ئایا کاك هیوا! لەرواڵەتی ئەم دوو ئایتەدا نەسازی نییە؟

هیوا: کاك ووریا ناحەزانی ئیسلام بۆ چەواشەکردنی خۆیان و خەڵکی کارگەلێکی سەیر ئەنجام دەدەن، بۆنموونە: پێش یا پاشی ئایەتێك دەقرتێنن و دەڵێن: ئەوەنییە خوا وای فەرمووە؟ بۆ نموونە: قورئان دەفەرمویٚ: " فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ الَّذِينَ هُمْ عَن صَلاتِهِمْ سَاهُونَ "(49). واتە: هاوار و وا وەیلا بۆ نوێژگەران، ئەوانەی گویٚ بەنوێژەکانیان نادەن و بەدڵ لێی غافڵن.. کابرای خوا نەناس دێت ودەڵێت: کاکە قورئان خۆی دەڵێت: واوەیلا بۆ نوێژگەران.!! ئاخر بابە تۆ ئایەتەکە تەواو بکە بزانە چی دەفەرمویٚ؟

ووریا: مەبەستت ئەوەیە ئەو ئایەتەش دەستەواژەی لیٚ پچڕاوە؟

هیوا: بەڵیٚ.. باسەرێك لەقورئان بدەین، بزانیین لەپێش ئەو ئایەتەوە چی هەیە؟

"  وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا اتَّبِعُوا سَبِيلَنَا وَلْنَحْمِلْ خَطَايَاكُمْ، وَمَا هُم بِحَامِلِينَ مِنْ خَطَايَاهُم مِّن شَيْءٍ، إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ "(50). واتە: کافرەکان

---

**(48) سورة العنكبوت/13.**
**(49) سورة الماعون /4و5.**
**(50) سورة العنكبوت /12.**

هەندێ جار بەئیمانداران دەڵێن: وەرن شوێن ڕێبازمان بکەون، ئەگەر هەڵەبوو تاوانتان بەئەستۆمان، و ئێمە گوناهتان هەڵدەگرین، بەلاَم ئەوان ناتوانن هیچ کۆلێك لەسەرشانیان لابەرن، و بەراستی درۆزنن..

هێمن: واتە: ئەوانەی سەرلێشێواو و بێ باوەڕن، و دەبنە هۆی سەرگەردان کردنی خەڵکی، و لەرێی ڕاست لایان دەدەن، نەك هەر ناتوانن کۆڵ لەسەر شانی شوێنکەوتەکانیان لابەرن، بەڵکو بەقەد کۆڵی ئەوانیش دەدرێ بەکۆڵیاندا..

هیوا: بەڵێ..

وریا: مەبەستت ئەوەیە ئەوکۆلاَنەی تر کە دەدرێ بە کۆڵیاندا هەر ئەو چالاکییەی خۆیانە کە بۆ سەرگەردان کردنی خەڵکی ئەنجامیان داوە؟..

هیوا: بەڵێ، کاك وریا! مەبەست هەر ئەوەیە دەمخۆش. ئەوەتە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: " مَنْ سَن فِي الإسْلامِ سُنةً سَيئةً، كانَ عَليهِ وزرُهَا، و وِزرُ مَنْ عَمِلَ بهَا مِنْ بَعدِهِ، مِنْ غيْر أَنْ يَنقصَ مِنْ أوْزارِهِمْ شيءٌ"[51]. واتە: ئەوەی لەئیسلاما بەرنامەیکی خراپ بەدی بێنێ، و پاش خۆی خەڵکی کاری پێ بکەن، ئەوە بەقەد کۆڵی تاوانی شوێنکەتووانی بۆ دەنووسرێ، بێ ئەوەی هیچ لەکۆڵی تاوانی شوێنکەوتەکان کەم ببێتەوە..

قورئان لە ئایەتێکدا دیمەنی رق و قینی شوێنکەوتەکانمان بۆ وێنە دەکێشێ، کاتێ کە دەبینن پێشەواکانیان درۆیان لەتەکا کردوون، و بەو رۆژە رەشەیان گەیاندون دەڵین: " رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا"[52]. پەروەردگارمان! دووبەرابەری ئێمە سزایان بدەو لەعنەتێکی گەورەیان لێبکە.

هیوا: برایان ! ئێستا لەواتای دوو ئایەتەکە تێگەیشتن؟

---

**(51) صحيح مسلم: كتاب العلم / باب من سن سنة حسنة أو سيئة، برقم: 1017 .**
**(52) سورة الأحزاب/ 68.**

هێمن و وریا: بەڵێ..

هیوا : فەرموو کاك ووریا واتاکەیانمان بۆ بکە..

ووریا: من بەم جۆرە واتای ئایەتی یەکەم حاڵی بووم: هەرکەس تاوانێك بکات، کەسێکی تر لەجێی ئەو سزا نادرێ، نە دایك و باب، نەخوشك وبرا، نە خزم وکەس وکار.. بەمەرجێ هانیان نەدابێت، و لە تاوانەکەیا دەستیان نەبووبێت. واتای دووەمیش: هەرکەس خەڵکی بۆ تاوان هان بدات و ڕێنوێنییان بۆ کاری نارِەوا بکات، ئەوا ئەوکەسەش وەك تاوانکارەکە تاوانبارە..

هیوا: سوپاس بۆ خوا باش لێی حاڵی بوویت.. ئێستا دەپرسم: ئایا ئەم دوو ئایەتە لەنێوانیاندا هیچ نەسازییەك هەیە؟

ووریا: نەخێر .. خوا پاداشتی تۆ بداتەوە کاك هیوا..

هیوا: ئەی کاك هێمن! تۆ واتای ئەم دوو ئایەتەمان چۆن بۆ وێنە دەکێشیت؟

هێمن: کاك هیوا! من وا حاڵی بووم: ئەگەر هەموو خەڵکی ئاو بخواتەوە و من تینووم بێت، تینویەتی من ناشکێ، ئەگەر برادەرێکی خراپ پەلی کاك وریای گرت، و خستیە قورِاوێکەوە، هەرچەند خۆیشی قورِاوی بێ، قورِاوی بوونەکەی ئەمیشی لە ئەستۆدایە..

هیوا: دەست خۆش ..

وریا: کاك هیوا! بەرِاستی عەزێتمان دایت، خوا پاداشتت بداتەوە..

# # #

## ( 7)

### ســـــزادان:

وريا: كاك هيوا! بەراستى عەزێتمان دايت، خوا پاداشتت بداتەوه..

هيوا: ببوره كاك وريا! من هيچ به عەزێتى نازانم، وبەڵكو بەپێچەوانەوه خۆم به بەختەوەر دەزانم، كەخوا يارمەتيم بدات و بتوانم گومانێ لەدڵى موسڵمانێكدا لابەرم..

ووريا: كاك هيوا گيان! زۆرم لەهەگبەكەى (گۆڵدزوهێر) و(لۆسيان)وه نووسيوه، ئەوەى بەبيرى تەسكى خۆيان بەنەساز له قەڵەميان داوه، ئەگەر كاتت هەبێ پێم خۆشه راستەقينه حاڵى ببم، و دڵ و دەروونم تەمى گومانى تيا نەمێنێ..

هيوا: من ئامادەم، وهەر پرسيارێكت هەيه بپرسه، و ئەگەر زانيم وەلآمت دەدەمەوه. چونكه لەمرۆ بەولاوه تا هەفتەيەكى تر كاتم نابێ، و ناتوانم پێكەوه دابنيشين. فەرموو ئەو ئايەتانەى گومانت له بارەيانەوه بۆ دروست بووه بيان خوێنەرەوه..

ووريا: زۆر سوپاس. خوا دەفەرموێ:" وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ، وَمَا كَانَ اللّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ"(53). واته: تا تۆ لەناوياندا بيت خوا سزايان نادات، و تا ئەوان داواى لێخۆشبوون بكەن خوا سزايان نادات. كەچى لەئايەتەكەى پاش ئەوا دەفەرموێ: " وَمَا لَهُمْ أَلاَّ يُعَذِّبَهُمُ اللّهُ وَهُمْ

**(53) سورة الأنفال/33.**

يَصُدُّونَ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ "[54]. چۆن خوا سزايان نەدات كە ئەوان نايەڵن خەڵكى رووبكەنە كەعبە؟

ئايا چۆن بزانين كە لەنێوان ئەم دوو ئايەتەدا نەسازى نييە؟

كاك وريا! ئەم دوو ئايەتەش وەك ئەودوو ئايەتەن كە پێشتر باس كران.

وورِيا مەبەستت ئەوەيە لەيەك كاتدا نەبوون؟

هيوا: بەڵێ.. كاتێك پێغەمەرصلى الله عليه وسلم و موسوڵمانان لە مەككەدا بوون، نەزرى كورِى حاريس(نضر بن حارث) كەيەكێك بوو لە ناو دارانى قورەيش، و دوژمنێكى سەر سەختى ئسلام بوو، پارايەوەو گوتى: " اللَّهُمَّ إِن كَانَ هَـذَا هُوَ الْحَقَّ مِنْ عِندِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِّنَ السَّمَاء أَوِ ائْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ "[55].. ئەى خوايە! ئەگەر ئەوقسانەى محمد راستن، و لەلايەن تۆوە گراوە بە پێغەممەر، بەرد بەسەرمانا ببارێنە، يا سزايەكى سەختمان بۆ بنێرە. مەبەستيشى ئەوەبوو پێغەممەر ﷺ و موسوڵمانان تيا بچن!! ئينجا خوا ئەم ئايەتەى نارد: " وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ، وَمَا كَانَ اللّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ " تاتۆ لەناوياندا بيت، و موسڵمانان لەناوياندا بن، و داواى لێخۆشبوون بكەن، خوا بەردبارانيان ناكات، و سزاى گشتييان بۆ نانێرێ. ئەو سزايەى تەرِو وشك پێكەوە بسووتێنێ..

ئايەتى دووەميش لەكاتێكا دابەزيوە كە موسوڵمانان كۆچيان كردووە و لەمەدينەدان، هەموو ماڵ و سامان و ئاو و خاكى خۆيان بەجێ هێشتووە.. موسڵمانان ويستيان لە مەدينەوە بۆ زيارەتى كەعبە برِۆن بۆ مەككە، بەلاَم كافرەكانى قورِەيش نەيانهێشت ئەم زيارەتە بكەن، وخوايش ئەم هەرِەشەيان لێ دەكات: " وَمَا لَهُمْ أَلاَّ يُعَذِّبَهُمُ اللّهُ ..."..

وورِيا: مەبەستت ئەوەيە كات و جێى ئايەتەكان جياوازن.. كەوابوو هيچ بوارێك بۆ نەسازيى نييە..

---

**(54) سورة الأنفال/34.**
**(55) سورة الأنفال/32.**

هیوا: بەڵێ، کاك ووریا.. ئەگەر لەهەگبەی ڕۆژهەلاَتناسەکاندا شتێکی تیاماوە، فەرموو هەڵی تەکێنە.

ووریا: کاك هیوا زۆری تیاماوە، بەلاَم وا پێدەچێ ئەوانیش هەروەك ئەمانەی پێشوو بن، بەلاَم من بڕیاری خۆمم داوە کە: گەردیلەیەك گومان لەدڵما نەهێلمەوە، دەبێ بپرسم، چونکە من شارەزاییم نییە، دەبێ تێبگەم..

## تاقیکردنەوە:

لەنێوان ئەم دوو ئایەتەدا:" الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَملاً"[56]. ماڵ و منداڵ ،و ڕۆڵە و سامان، جوانی ژیانی دنیان. وە تۆیشووی کردەوەی چاکەش پاداشتی لای پەروەردگارت زۆرترە، و جێی باشترین هیوایە.. " إِنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلادُكُمْ فِتْنَةٌ وَاللَّهُ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ "[57]. ماڵ ومنداڵتان، ڕۆڵەو سامانتان جێی تاقیکردنەوەتانن، و(ئەگەر لەوتاقیکردنەوەدا سەکەوتووبن) خوا پاداشتی گەورەی لەلایە..

لەئایەتی یەکەمدا ماڵ ومنداڵی بەجوانی و زینەتی ژیانی دنیا داناوە، لەئایەتی دوەمدا بەفیتنە.. چۆن بزانین نەسازی تیانییە؟

هێمن: کاك هیوا ئەگەر ڕێم پێ بدەیت من وەلاَمی دەدەمەوە.

هیوا: فەرموو کاك هێمن.. من خۆشحاڵم..

هێمن: کاك ووریا لەنێوان ئەم دوو ئایەتەدا هیچ نەسازییەك نییە، دەزانی بۆ؟

ووریا: نەخێر.. نازانم.. فەرموو بۆم ڕوون بکەوە..

هێمن: ئەوەی سەری لەوان چەواشە کردووە، و بەو هەڵەت و هەڵەیەیدا بردوون، ئەوەیە کە: وشەی فیتنە چەند واتایەکی هەیە، یەکێ لەو

---

**(56) سورة الكهف/64.**
**(57) سورة التغابن/15.**

واتایانەی سەرگەردانی و شێتیەتییە، تاقیکردنەوەیە، نەخۆشییە، سزایە، بەلاَم لەم ئایەتەدا بەواتای تاقیکردنەوەیە، جا ئەو ماڵ و رۆڵە و سامانە کەجوانی ژیانی دنیان، جێی تاقیکردنەوەتانن، تا خاوەن باوەڕان خۆیان بناسن کێ باوەڕێکی رەسەن و پتەوی هەیە، و کێیش باوەڕێکی خوارو خێچ و قەڵب!! چونکە دوا بەدوای ئایەتەکە خوا دەفەرموێ: خوا پاداشتێکی گەورەی لەلایە.. بۆ کێ؟ بۆ ئەوانەی لەو تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتوو دەبن..

هیوا: سوپاس بۆخوا کاك هیمن! باش لەواتای ئایەتەکان تێگەیشتوویت.. هەروایە، ئەوانەی باوەڕ لاوازن منداڵ و سامان دەبنە هۆی سەرگەرمی و سەرقاڵیان، جگە لەوەی کە لەفەرمانەکانی خوا سست و بێ ئاگا دەبن، وایان لێ دێت هەموو ئاواتیان دەبێتە زۆرکردنی منداڵ و ماڵ و سامان، تا لەناو خەڵکیدا خۆیانی پێوە هەڵکێشن، و بەچاوێکی سووك سەیری ئەوانە بکەن، کە لەوان کوڕ وسامانیان کەمترە.. بێگومان بۆ ئەوانە تاقیکردنەوەبوو، بەلاَم لەتاقیکردنەوەکەدا سەرنەکەوتن و دەریان خست کەباوەڕەکەیان لە چ ئاستێکدایە..

بەلاَم کەسانێکی تریش کە سامان وکوڕی زۆریان دەبێ، بەسامانیان دەستگرۆیی هەژار و نەدارای پێ دەکەن، وکوڕەکانیان ناکەنە هۆی ترساندنی خەڵکی، بەڵکو دەیانکەنە پشتیوان بۆ بێ کەسان، و ماف بۆ مافخوراوانیان پێ وەر دەگرنەوە.. چونکە چاویان بڕیوەتە پاداشتی خوایی و ژیانی پڕ ناز و نیعمەتی هەمیشەیی بەهەشت، و بۆژیانێکی کورت خوا لەخۆیان ناڕەنجێنن..

ئەو ماڵ و سامانە بۆهەردوولا خشڵ وجوانییە، بەلاَم تاقمی پێشوو کەوتن و لەو فیتنەو تاقیکردنەوەدا دەرنەچوون، و بۆیان دەبێتە دەرد وئازار لەقیامەتدا. و تاقمی دووەم بەسەربەرزییەوە لە تاقیکردنەوەکەدا دەر چوون.هەروەك لەدنیادا خشڵ وجوانییە بۆیان، هۆی بەختەوەری قیامەتیشیانە.. ئێستا دەزانی جیاوازی ئەو دوو تاقمە چەندە؟

وریا: خوا پاداشتان بەچاکە بداتەوە ئەو گومانەشم نەما.

هیوا: کاك وریا ئەگەر پرسیاری ترت ماوە فەرموو..

## سوجده و سەرنەویكردن:

ووریا: بەڵێ..كاك هیوا پرسیارم ماوە، ئەوەی من تێی گەیشتبم ئەوەیە، كە: ئیسلام هەوڵی بێ ووچانی داوە، بۆ بنەبڕكردنی هاوبەشی پەیدا كردن بۆ خودا (الشرك).. كەچی من شتێكی سەیرم بینی، لەم ئایەتەدا خوا فەرمان بە فریشتەكان دەكات كڕنووش بۆ ئادەم بەرن " وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلاَئِكَةِ: اسْجُدُواْ لآدَمَ..." [(58)]. ئەی كڕنووش بردن بۆ جگە لەخوا گومڕایی نییە؟ ئایا نابێتە هاوبەشی پەیداكردن بۆ خوا؟

هیوا: كاك ووریا ! وشەی (سەجدە) لە زمانی عەرەبیدا كۆمەڵێ واتای هەیە، (سَجَدَ) بەواتای سەرخستنە سەرخاك بۆ خوا لەنوێژدا هاتووە، (سَجَدَ) بەواتای سەرنەویكردن بۆ ڕێز وسلاَو هاتوە. (سَجَدَ ) بەواتای لاربوونەوە هاتوە وەك دەڵێن: (سَجَدَتِ النَّخلةُ) واتە: دارخورماكە لاربووەوە، وە بەواتای ڕێز لەگەورە هاتووە، وەك دەڵێن: (سَجَدَ لِعَظيمٍ) واتە: ڕێزی گەورەیەكی گرت.. كاتێ قورئان باسی یوسفمان بۆ دەگێڕێتەوە، و دەفەرموێ: "...وَخَرُّواْ لَهُ سُجَّدًا ... " [(59)]. واتە: هەموو سەری ڕێزیان بۆ دانەواند، یوسفیك كە خۆی لەسەر تەختی پاشایەتی دێتە خوارێ، و باوكی و دایكی لەسەر دا دەنێ، و چاوپۆشی لەو برا تاوانبارانەی دەكات كەویستیان بیكوژن، ئەو یوسفە شیاوی ئەوەیە ڕێزی بگیررێ، ئەمە لەلایەكەوە..

لەلایەكی ترەوە ئەم كڕنووشە لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ، یا لەمرۆڤەوە بۆ شتێكی تر نەبووە، بەڵكو لەفریشتەوە بووە بۆ ئادەم.. لەبەر ئەوەی كە لەفریشتەوە بووە، خوا بەیەك ناسین(تەوحید) لەمەترسیدا نەبووە، ئینجا ئێمەش نازانین شێوەی كڕنووشبردنی فریشتەكان چ جۆرێك بووە؟ و كاتێ كڕنووشبردن بۆ یەكێكی تر دەبێتە شیرك كە بەخوای بزانێ، خۆ ئەم كڕنووشبردنە لەبەر ئەوە نەبووە، بەڵكو بۆ بەجێهێنانی فەرمانی خوا بووە.. ئێمە دەبێ بپرسین: بۆ كڕنوشبردن بۆ جگە لەخوا بە شیرك دا دەنرێ؟

---

**(58) سورة البقرة/34.**
**(59) سورة يوسف/100.**

هێمن: چونكه خوا قەدەغەی كردووە، ونابێ سەرپێچی لەفەرمانی بكرێ..
هیوا: ئەی كرنووش بردنی فریشتەكان بۆ ئادەم بەئارەزووی خۆیان بووە یا بەفەرمانی خوا؟

ووریا: بەفەرمانی خوا..

هیوا: مادام كه بەفەرمانی خوا بووە، ئیتر بۆچ هاوبەشی پەیداكردنە؟ كاتێ كه بەجێهێنانی فەرمانی خوا له ئارادا بێ كوفر نییە، بەڵكو بەپێچەوانەوە لەبەجێ نەهێنانی فەرمانیا كوفر بەدی دێ..

ئەوەبوو ئیبلیس سەرپێچی لەفەرمانی خوا كرد، خوا تەوقی لەعنەتی له ئەستۆ كرد.. " فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ "(60). هەموو كرنووشیی رێزیان برد جگه لەئیبلیس كه سەرپێچی كرد، و خۆی بەزلزانی و خۆی خسته ریزی كافرانەوە..

سوپاس بۆ خوا ئەو گومانەشم نەما.. واته: ئەم سوژدەیەی فریشتەكان بۆ پەرستن نەبووە، و تەنیا بۆ رێزگرتن له ئادەم بووە، كاتێ سوجدەبردن بۆ خەڵكی تر كوفره كه بۆ پەرستن بێ، هەروەها له خۆیشیانەوە نەبووە، بەڵكو به فەرمانی خوا بووە.

كاك هیوا زۆر سوپاست دەكەم، و داواكارم خوا پاداشتت بداتەوە. بەلاَم ئەوی راستی بێ دوو پرسیارم ماوە، جا نازانم كاتت هەیه یان نە؟

هیوا: برایان! كات بۆ ئێوه نەبێ بۆ چی باشه؟ فەرموو پرسیارەكانت بكە..

## رۆژهەلاَت و رۆژئاوا:

وریا: كاك هیوا له سێ ئایەتدا خوا باسی رۆژهەلاَت و رۆژئاوا دەكات بەلاَم جارێكیان بەتاك و جارێ تر به جووته، وجاری سێهەم بەكۆ باسی دەكات، وەك لەم ئایەتانەدا دەبینرێت:

---

**(60) سورة البقرة /34.**

" رَبُّ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ لا إِلَهَ إِلاّ هُوَ فَاتَّخِذْهُ وَكِيلاً"[61]. "رَبُّ الْمَشْرِقَيْنِ وَرَبُّ الْمَغْرِبَيْنِ"[62]. "فَلا أُقْسِمُ بِرَبِّ الْمَشَارِقِ وَالْمَغَارِبِ إِنَّا لَقَادِرُونَ"[63]. ئایا رۆژهەلاَت و رۆژ ئاوا هەر یەكێك نییە؟ و ئەگەر وانییە پێم خۆشە راستەقینەمان بۆ روون بكەیتەوە..

هیوا: كاك وریا! هەروەك ئاشكرایە رۆژهەلاَت بریتییە لەو جێیەی رۆژی لێ هەڵدێ، و رۆژ ئاوایش ئەو شوێنەیە كە رۆژی لێ ئاوا دەبێت. بە شێوەیەكی گشتی لە سەر زەویدا رۆژ دەبینین لەلایەكەوە دێت و لەلایەكی ترەوە دەڕوات.. ئەمە واتای ئایەتی یەكەم..

ئەگەر سەرنجێكی نەخشەی گۆی زەوی بدەین چەند هێڵێكی لەسەرە، هێڵی خولگەی قرژاڵ ( مدار السرطان )،كە دەكەوێتە نیوەی سەرووی گۆی زەوی، و هێڵی خولگەی كارژەلە (مدار الجدی)، دەكەوێتە نیوەی خوارووی گۆی زەوی، جا رۆژ لەهاوینا لەسەر هێڵی قرژاڵەوە هەڵدێ، و لەو سەریەوە ئاوا دەبێ، بەلاَم لە زستانا لەسەر هێڵی كارژەلەوە هەڵدێ و لەوسەریەوە ئاوا دەبێ..

بەم پێیە رۆژهەلاَتی هاوین و رۆژهەلاَتی زستانمان هەبوو، هەروەها رۆژئاوای هاوین و رۆژئاوای زستانیشمان هەبوو.. كەوابوو جێی خۆیەتی ئایەتی دووەم بە دوو رۆژهەلاَت و دوو رۆژئاوا ناوی ببات..

هێمن: كاك هیوا! من نامیلكەیەكم خوێندەوە[64]، مامۆستای نووسەری واتایەكی تریش باس دەكات ئەگەر رێم بدەیت باسی دەكەم..

هیوا: كاك هێمن ! من بەم لێهاتووییەت زۆر شادمانم، فەرموو..

هێمن: كاك هیوا! نووسەرەكەی دەڵێت: لەزمانی عەرەبیدا بەباوك ودایك دەگوترێ:(والدان) واتە: باوكان، لەهەمانكاتا باوكە و دایك. وە بە مانگ وخۆر دەگوترێ: (شمسان)واتە خۆرەكان، لەگەڵ ئەوەدا خۆرە و مانگ. و بەدەریاو رووبار دەگوترێ: (بحران)واتە: دەریاكان، لەگەڵ ئەوەدا دەریایەو رووبار. ئەمەش لەرەوانبێژی عەرەبدا پێی دەگوترێ:

---

(61) سورة المزمل/9.
(62) سورة الرحمن/17.
(63) سورة المعارج/40.
(64) حتى لا نخطئ فهم القرآن/ للشيخ محمود غريب..

(تەغلیب).واتە: ڕێزدانی یەکێکیان بەسەر ئەوی تریانا.. جا دەگونجێ مەبەستیش لە (مەشریقەین) مەشریق و مەغریب بێت، و مەبەستیش لە (مەغریبەین) مەغریب و مەشریق بێت..

هەروەها دەگونجێت مەبەست ڕۆژهەڵاتی هەردوو بەشی زەوێ بێ، هەروەك دەزانن کاتێ لەبەشی باکووری زەوی بەهارە، لەبەشی باشووری زەویدا پایزە، و ڕۆژگاریش لە بەهارا درێژەو لە پایزا کورت.

هیوا: دەم خۆش، بۆچوونێکی جوانە، بەلاَم هەڵیش دەگرێ مەبەست لە (مەشریقەین) ڕۆژهەلاَتی خۆر و ڕۆژهەلاَتی مانگ بێت، و (مەغریبەین)یش ڕۆژئاوای خۆر و ڕۆژئاوای مانگ بێت..

ووریا: هەردوو بۆچوونەکە جوانن..

هیوا: بەلاَم ڕۆژهەلاَتەکان و ڕۆژ ئاواکان بریتین لەو خالاَنەی کە خۆری پیا دەڕوات لەنێوان خولگەی قرژاڵ وخولگەی کارژۆلەدا، هەروەك روونە یەکسەر لەخولگەی قرژاڵەوە بۆ خولگەی کارژۆلە باز نادات.. کەوابوو هەر خاڵێك خۆری پیا دەڕوات لەنیوان ئەو دوو خولگەیەدا دادەنرێ بە ڕۆژ هەلاَتێك. و لەبەرامبەریشیەوە ڕۆژئاوایەك.. بەم پێیە ڕۆژهەلاَتەکان و ڕۆژ ئاواکان پەیدا دەبن.. دەش گونجێ مەبەست لە ڕۆژهەلاَتەکان ڕۆژهەلاَتی ئەستێرەکان بێت، و ڕۆژئاواکانیش ڕۆژئاوای ئەستێرە کان بێت.. چونکە هەر ئەستێرەیەك ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوای خۆی هەیە..

کەوابوو چ نەسازییەك لەو سێ ئایەتانەدا هەبوو؟..

وریا: بەڕاستی نەسازی لەئایەتەکاندا نییە، بەڵکو تێگەیشتنەکان نەسازیان تێدایە.. خوا پاداشتت بەخێر بداتەوە.

# # #

# ( 8 )

## قۆناغەکانی دروستبوونی ئادەمیزاد:

وريا: كاك هيوا! هەگبەی خۆرهەڵاتناسەکانم هەڵتەکاند، وا دیاره لەبنکرەکەیدا ئەم پرسیارەی تیا ماوە، ئەویش پەیوەندی بەدروستبوونی ئادەمەوە هەیە، ئایەتەکانم نووسیوە بەم جۆرەیە:

"وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاء بَشَرًا فَجَعَلَهُ نَسَبًا وَصِهْرًا وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا" (65). واتە: خوا ئەو خوایە لە ئاو بەشەری دروست کردووە، و خزمایەتی بەرو پشتی لێ پێکهێناوە ،{بەهۆی باوکەوە خزمایەتی پشت (نەسەب)، و بەهۆی دایکەوە خزمایەتی بەرە(رەحەم)، بێگومان پەروەردگارت بەتوانایە..

" يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ "(66). واتە:خەڵکینە! ئەگەر ئێوە گومانتان لە زیندوو بوونەوە هەیە، ئەبێ ئەوە بزانن کە سەرەتا ئێوەمان لەخۆڵ دروست کردووە..

" إِنَّا خَلَقْنَاهُم مِّن طِينٍ لازِبٍ "(67). واتە:بێگومان ئەوانمان لە قورێکی لینج دروست کردووە.

" وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإنسَانَ مِن سُلالَةٍ مِّن طِينٍ "(68). واتە: ئادەمیزادمان لە ئاوێتەیەکی پێکهاتوو لەخاك بەدیهێناوە.

---

**(65) سورة الفرقان /54.**
**(66) سورة الحـــــج /5.**
**(67) سورة الصافات/ 11.**
**(68) سورة المؤمنون/12.**

" وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ "(69). واته:بێگومان مرۆڤمان له قوڕێكی ترشاو دروست كردووه.

"خَلَقَ الإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ "(70). واته: ئادەمیزادی له قوڕێكی وشكبووی وەك سواڵەت دروستكردووه..

" فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُ سَاجِدِينَ "(71). واته: كاتێ كه تەواوم كرد و له گیانی خۆمم پێ بەخشی، هەمووتان كڕنووشی ڕێزی بۆ بەرن..

كاك هیوا! پرسیارەكه ئەمەیە: ئایا دەگونجێ مرۆڤ جارێك لەئاو، و جارێك له خۆڵ، و جارێكی تر له قوڕی لینج، و چوارەم جار لەقوڕی ترشاو، و پێنجەم جار لەقوڕێكی وشكی وەك سواڵەت دروستكرابێ؟

هیوا: سوبحانەڵلاَ كاك وریا ! زۆر بەشێوەیەكی زیرەكانه ئایەتەكانت باسكرد، دەتوانم بڵێم: وەلاَمی بەڕێزت له خودی پرسیارەكەتدایه!

ووریا: چۆن كاك هیوا؟

هیوا: كاك وریا! خوا لەم ئایەتانەدا قۆناغەكانی دروستبونی ئادەمی بۆ باس كردووین، خۆڵ و ئاو تێكەڵ كراوه چی لێ دروست بووه؟

ووریا: قوڕ..

هیوا: نەك قوڕێكی ئاسایی بەلكو قوڕیكی پاڵفتەی لینج، ئەم قوڕە لینجەش وای لێ دێت ڕەش هەڵدەگەڕێ، و كزر دەبێتەوە، ئینجا پەیكەری بێگیانی ئادەمی لێ دروست دەكرێ، پاشان ئەم پەیكەرە وشك كراوەتەوە تاوەك سواڵەت ڕەق بووە، ئینجا كۆ ئەندامەكانی وەكار خراون، لێرەدا قۆناغی دروستبوونی سەرەتایی دوایی دێت.. ئینجا (ئادەم)ی باپیرە گەورەمان،

---

**(69) سورة الحجر/26.**
**(70) سورة الرحمن/14.**
**(71) سورة الحجر/29.**

کاتێك خوا لەگیانی خۆی پێ بەخشی، فەرمانی بە فریشتەکان کرد کڕنوشی ڕێزی بۆ بەرن، هەروەك لەقورئاندا دەفەرموێ: " فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُ سَاجِدِينَ "(72). واتە: کاتێ کە تەواوم کرد و لە گیانی خۆمم بەبەردا کرد، هەمووتان کڕنووشی ڕێزی بۆ بەرن..

هێمن: بەراستی کاك هیوا بۆ چوونێکی جوانە! دەبێ کاتی ئەم تەواوکردنی سەرەتاییە، لەکاتی ڕۆح بەبەرا کردندا جیاوازبێ، چونکە لە دەقە قورئانییەکەدا (واو)ی (عاتیفە) هەیە، " فَإِذَا سَوَّيْتُهُ " " وَنَفَخْتُ فِيهِ " کەوابوو کاتی تەسوییەکە جیاواز بوو لەکاتی نەفخی ڕۆحەکە..

کاك هیوا! ئەگەر ڕێم بدەیت ئەمەوێ قسەیەك بکەم؟

هیوا: تکات لێ ئەکەم.. فەرموو .. فەرموو..

هێمن: وابزانم یەکەم ئایەتی ئەو ئایەتانەی کاك وریا باسی کردن: " وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ مِنَ الْمَاء بَشَرًا "(73). بۆ سەرەتای دروستبوونی ئادەم نییە، چونکە لەهەمان ئایەتدا باسی باوك و باپیر و ژن و ژنخوازی دەکات..

هیوا: ڕاستە، کاك هێمن، ئەو ئایەتە بۆ سەرەتای دروستبوونی ئادەم نییە، بەلاَم ئێمە مەبەستمان لە ئاو بوو، خودایش دەفەرموێ: " وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ ... " واتە: ئێمە هەموو گیاندارێکمان لە ئاو دروستکردووە..

هێمن: خوا پاداشت بداتەوە کاك هیوا! داوای لێ بوردن دەکەم، وا بزانم قسەکەی پێشووت تەواو نەکردبوو، پێم بڕیت..

هیوا: خوا ببورێ، بەڵێ کاك هێمن! ویستم بڵێم: ئیبلیس (شەیتان) هۆی بەهەڵەدا چوونەکەی ئەوە بوو، کە: تەنیا لایەنە ماددیەکەی ئادەمی

**(72) سورة الحجر/29.**
**(73) سورة الفرقان/54.**

لەپێشچاو گرتبوو، ئیتر لەحەنای لایەنە رۆحییەکەیدا کوێر بوو، یا بایەخی بۆ دانەنا..

ووریا: جا کاك هیوا گیان! ئێستاش ئەوانەی کە تەنیا لەگۆشەیەکەوە بییر دەکەنەوە، وبەیەك چاو دەڕوانن، تەنیا هەست بەلایەنە مادییەکەی مرۆڤ دەکەن، ئەمانیش لەحەنای رۆحدا چاوەکەی تریان نابینێ.

هیوا: بەڵێ کاك ووریا! ئەمە پیشەی مادییەکانە لەهەموو سەردەمێکدا. با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، ئەم ئایەتانەی کە خوا لەقورئاندا باسی دروستکردنی ئادەمی تیا کردوون، هەریەکەیان تەواو کەری ئەوی تریانە..

ئاو، خۆڵ، قوڕ، قوڕی خەست، سواڵەت، رێکوپێك کردنی، و گیان بەبەراکردنی..ئیتر نەسازییەکەی لەکوێدا بوو؟ یا دژایەتی نێوانیان چی بوو؟؟

ووریا: خوا پاداشتت بداتەوە کاك هیوا! بەراستی لێی دڵنیا بووم، خوا دڵنیات بکات..

هیوا: کاك هێمن هەندێ جار تۆیش بەشوێن نوکتەیەکی خۆشا دەگەڕێیت، لەم بابەتەی خۆماندا مامۆستا مەحموود غەریب نوکتەیەکی باس کردووە، منیش بۆ ئێوەی باس دەکەم..

هێمن: زۆر سوپاس کاك هیوا! فەرموو..

هیوا: کاك هێمن! ئەگەر باڵەخانەیەکی پێنج نهۆمی تێك بدرێ، بۆ ئەوەی شتێکی باشتر لەجێیدا دروست بکرێ، یا بکرێ بەشتێکی تر، لەپێشدا کام نهۆمی دەڕوخێنرێ؟

دوایین نهۆمی، ئەگەر پێنج نهۆمی بێت، لەپێشدا پێنجەم، و پاشان چوارەم و بەو جۆرە هەتا دوایی.. هیوا: کاك هێمن! ئادەمزادیش کاتێ مرد، لەپێشدا قۆناغی دوایینی دەڕوخێنرێ، و گیانی دەر دەچێت، ئینجا لاشەی وەك سواڵەت رەق دەبێ، و پاشان دەبێتەوە بەخۆڵ..

هێمن: بەراستی بۆ چوونێکی جوانە! خوا پادشتی تۆیش وئەویش بداتەوە..

هیوا: ئێستا کاك ووریا! پرسیارت نەماوە؟

ووریا: نەخێر کاك هیوا گیان! خوا پاداشتی خێرت بداتەوە.

هیوا: ئەی تۆ، کاك هێمن؟

هێمن: نەخێر کاك هیوا گیان! زۆر سوپاس، منیش هیچ پرسیارێکم نەماوە، خوا پاداشتی خێرت بداتەوە. ئەوسا هێمن رووی کردە ووریاو گوتی: فەرموو کاك وریا با لەمە زیاتر ئازاری کاك هیوا نەدەین.. و ماڵئاوایی بکەین..

ووریا: زۆر باشە، فەرموو بابڕۆین.. منیش هەر نیازم وابوو.. دووپاتی دەکەمەوە کە داوای لێ بوردن دەکەین، وخوا بۆ ئێمەت بهێڵێ..

هیوا: ببورن برایان! من کۆڵێکم نەکێشاوە، من تەنیا ئەرکی سەرشانی خۆم بەجێهێناوە.

ووریا: بەهەرحاڵ ئێمە بەهیوای خۆمان گەیشتووین، بەم ئاسانییە دەست بەرداری نابین، بەراستی ئێمە پێویستمان بەتۆ هەیە، تا لەم بارەوە بەرچاو روونتر و شارەزاترمان بکەیت، لەبەر ئەوە دەمانەوێ سەرت لێ بدەینەوە، بۆیە پێمان خۆشە خۆت کاتمان بۆ دیاری بکەیت..

هیوا: برایان منیش بەدیتنتان شاد و دڵخۆش دەبم.. پشت بەخوا هەفتەی داهاتوو سەرم لێ بدەنەوە..

هێمن، و ووریا: زۆر سووپاس و بەخوات دەسپێرین..

هیوا: خواتان لەگەڵ ..

# # #

## (9)

## دووباره بوونەوە لەقورئاندا:

ڕەوڕەوەی ڕۆژگار لەخولانەوەی بەردەوامدایە، هێمن و ووریا هەردوو ئەویندارى ڕاستەقینەن، چاوەچاویانە هەفتە زوو بڕوات، بەدیدارى مامۆستا و ڕابەریان شاد ببنەوە، ڕۆژی دیاریکراو هات، و ئەوانیش بەجووتە بەرەو کانیاوى شیرینى ڕاستەقینە، بەرەو ماڵى هیواى برادەریان ڕێکەوتن.. بەڵێ، بە کۆڵێ پرسیارەوە گەیشتن.. پاش سلاَو و چۆن وچاکی بەم جۆرە ئاخاوتن:

هیوا: برایان! هیواداەرم ئەم ماوەیەتان بەخۆشی بەسەر بردبێ..

هێمن و ووریا: زۆر سوپاست دەکەین، و تۆخۆش بیت ئینشائەڵلاَ دڵخۆش دەبین، و لەگێژەڵووکەی نەفامى بەدوور دەبین..

هیوا : داواکارم خوا لەسایەی بەرنامەکەی خۆیدا بمان حەوێنێتەوە..

ووریا: کاك هیوا! ئەمڕۆ هەگبەکەم پڕ لەپرسیار کردووە، بەو هیوایەی وەك باوى خۆت وەلاَمی دڵنیامان بدەیتەوە..

هیوا: خوا بکات وەلاَمەکانی بزانم بەسەر چاو.. وەنەبێ ئێمە هەمووشت بزانین.. خوایش دەفەرموێ: " فَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ "[74]. لەژوور هەموو زانایەکەوە زاناترێك هەیە..

ئەمە ڕاستە، بەلاَم ئیمە لەم بارەوە لەتۆ زاناترمان دەست نەکەوتووە..

---

**(74) سورة يوسف/76.**

هیوا: کاك هێمن! دەزانی پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: کاتێ ئەو کەسانەتان بینی، کە: بەشێوەیەکی نابەجێ بەباڵای خەڵکیدا هەڵدەخوێنن، خۆڵ بە روویاندا بکەن. " إذا لقِيتمُ المَدَّاحِينَ فاحْثوُا فِي وجوهِهِمُ الترابَ "[(75)].

کاك هیوا، ئەمە پیا هەڵخواندن و(مەدح)کردن نییە، بەڵکو ئەمە حەقیقەتێکی واقیعە..

ووریا: مادام پێغەمبەر ﷺ پێی ناخۆش بووە بەرەو روو مەدح بکرێ، ئێمەش لەمەو دوا بەرەو روو مەدحت ناکەین، ئەگەر رێم بدەیت دەمەوێ پرسیارەکانم ئاراستەت بکەم..

هیوا: فەرموو..

ووریا: کاك هیوا! لەوکاتەوە خوا رێی راستی پێ نیشان داوم، و لێکۆڵینەوەی قورئانیم دەست پێکردووە، ئەوەی سەرنجی راکێشابم ئەوەیە: تەنیا بەسەرهاتی یوسف پێغەمبەر سلاَوی خوای لێ بێ، لەیەك سوورەتدا باسکراوە، ئیتر هەموو پێغەمبەرەکانی تر هەریەکەیان لەچەند سوورەتێکا دووبارە و سێ بارە کراوەتەوە، دەمویست بزانم ئەم دووپات کردنەوە هۆی چییە؟ بۆ نموونە: باسی حەزرەتی مووسا لە سوورەتەکانی (طه، الشعراء، و الأعراف )دا بە درێژی باسکراوە، جگە لەوەی لەچەند سوورەتێکی ترا بە کورتی هێمای بۆ کراوە، ئایا ئەم هموو دووپات کردنەوەیە بۆ؟

هیوا: کاك ووریا پێش وەلاَمەکە دەبێ بڵێم: ئەوەی لەوێژەدا شارەزایی هەبێ، و کەمێ لێکۆڵینەوەی هەبێ، دەزانێ کە لەئەدەبی عەرەبیدا دووپات کردنەوە زۆر بەکار هێنراوە، بۆ نموونە: ئەوپارچە شیعرەی حاریسی کوڕی عوبباده. کە لەجەنگی (بەسووس)دا گوتوویەتی، پڕیەتی لە دووپات کردنەوە:

---

**(75) أخرجه مسلم في كتاب الزهد والرقائق/ باب النهي عن المدح، برقم: 5323. واللفظ لأبي داود كتاب الأدب/باب في كراهة التمادح، برقم: 4170. ولفظ مسلم (إذا رأيتم المداحين).**

قـربا مـربط النعامـة مـني    إن قتـل الكريم بالشسع غـالي

قـربا مـربط النعامـة مـني    شاب شعري وأنكرتني عيالي

قـربا مـربط النعامـة مـني    قربـــاه وقـــربا ســربـالي.

ئەوەتە لەهەرسێ شیعرەکەدا نیوەدێری یەکەم دووبارە بوەتەوە.

هەروەها (موهەلهەل) لەوپارچە شیعرەیدا کە (کولەیب)دەلاوێنیتەوە دەڵێ:

علـى أن ليس عـدلا مـن كليـب   إذا مـا ضيم جيـران المجـير

علـى أن ليس عـدلا مـن كليـب   إذا ما أعلنت  نجوى الخـدور

علـى أن ليس عـدلا مـن كليـب   إذا خيف المخوف من الثغور

ئەم پارچە شیعرە پارچەیەکی دوور و درێژە، و لە هەموو شیعرێکیدا نیوە دێری یەکەمی تیا دووپات کراوەتەوە..

لەبەر ئەوە کە وێژەی عەرەبی دووپات کردنەوەی بەخۆیەوە دیوە، ئەو ئایەتانەی کە بەرواڵەت لەقورئاندا دووپات کراونەتەوە، بەلایانەوە سەیر و نامۆ نەبووە. بەڵکو زۆر ئاسایی بووە..

بۆیە گوتم: لە رواڵەتدا چونکە دووپات کردنەوە لەقورئاندا بێ مەبەست نییە، تەنانەت ئەم ئایەتەش: " فَبِأَيِّ آلاء رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ؟ "[(76)]. واتە: بە کام لەناز و نیعمەتەکانی خوا بێ باوەڕن؟ کەچەند جارێك دووپات کراوەتەوە، لە هەر جارێکدا بۆ نیعمەتێکی جیاواز لەوەی پێشوو هێما دەکات. چونکە ئەو ئایەتە بە زۆری لەپاش ئەو نیعمەتانەوە باسکراوە کە خوا بە پەری و ئادەمیزادی بەخشیوە..

## حەزرەتی موساو قەومەکەی:

ئێستا نۆرەی وەڵامەکەت هاتووە.. کاك ووریا! ئەگەر لێت بپرسم: ئایا لەتابلۆیەکدا دەتوانرێ هەموو کون و قوژبنێکی ئەم خانووە دەربخرێ، و پیشان بدرێ؟ چ وەڵامێکم دەدەیتەوە؟

---

**(76) سورة الرحمن/13.**

ووریا: دەڵێم: بەهیچ کلۆجێ ئەنجامدانی شتی وا لەتوانادا نییە، بەڵکو پێویستی بەچەندان تابلۆ هەیە، تا هەریەکەیان لە گۆشەیەکەوە پیشانی بدەن..

هیوا: کاك وریا! هەر لەبەر ئەمەیە کە پەروەردگار ئەو دیمەنانەی لە چەند تابلۆیەکدا پیشان داوین، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە ئەو بەسەرهاتانەی کەلەقورئاندا باسکراون، بۆ جێگیرکردنی باوەڕ، و پتەوکردنەوەی ئیمان بووە.. تا بەپێی پێویست باوەڕی موسڵمانە نوێیەکان پتەو و دامەزراوتر بکاتەوە. قورئان کتێبێکە بۆ بانگکردنی خەڵکی، بۆ باوەڕهێنان بە تەنیایی خودا، و پەرستنی ئەو زاتە،و وازهێنان لەپەرستنی هەموو دارو بەردو گیاندار و تاغوتێك، تا مژدەی دلنیایی بە باوەڕداران بدات: بەپاشە رۆژێکی بەختەوەر، و بێ باوەڕانیش لەخەوی خەفڵەت دا بچڵەکێنێ.. و ئەم حەقیقەتەیان پێ بسەلمێنێ کە: ئەوانەی باوەڕ ناهێنن و بەرامبەر بە پێغەمەر ﷺ دەم درێژی دەکەن، ئەنجامیان وەك ئەوانە وا دەبێ کەبەرامبەر بەو پێغەمەرانە بوویانە.

هەر لەبەر ئەم مەبەستانەیە کەباسی مووسا و هەندێ لە پێغەمەرانی تر- سلاَوی خوایان لێ بێت – چەند جارێك لەقورئانا باسکراون.. هەروەك پێشتر گوتم، ئەوەش بزانە، کە دووپاتکردنەوە بە واتای ئەو وشەیە، لەهیچ چیرۆکێکی قورئانیدا نییە.. چونکە لەگەڵ هەر باسکردنێکی نوێدا گۆشەیەکی باس نەکراوی ژیانی ئەو پێغەمەرەی خستۆتەروو، ئێستا باسەرێك لەبەسەرهاتی حەزرەتی مووسا بدەین، تا بەچاوی خۆمان ئەو راستەقینەیە ببینین..

خوای بالاَدەست لە سوورەتی (تاها)دا تابلۆیەکمان پیشان دەدات، کە پاش بە پێغەمەر بوونی حەزرەتی مووسا، یەکەم چاوپێکەوتنیەتی لەگەڵ فیرعەوندا:

" اذْهَبَا إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى، فَقُولا لَهُ: قَوْلاً لَّيِّنًا، لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى، قَالا: رَبَّنَا إِنَّنَا نَخَافُ أَن يَفْرُطَ عَلَيْنَا أَوْ أَن يَطْغَى، قَالَ:لا تَخَافَا إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَى، فَأْتِيَاهُ فَقُولا: إِنَّا رَسُولا رَبِّكَ فَأَرْسِلْ مَعَنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلا

تُعَذِّبْهُمْ، قَدْ جِئْنَاكَ بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكَ، وَالسَّلامُ عَلَى مَنِ اتَّبَعَ الْهُدَى. إِنَّا قَدْ أُوحِيَ إِلَيْنَا: أَنَّ الْعَذَابَ عَلَى مَن كَذَّبَ وَتَوَلَّى. قَالَ: فَمَن رَّبُّكُمَا يَا مُوسَى؟ قَالَ: رَبُّنَا الَّذِي أَعْطَى كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُ ثُمَّ هَدَى."(77).

واته:خۆت وبراكەت بڕۆن بۆ لای فیرعەون چونكە یاخی بووە و لەسنووری بەندایەتی دەرچووە، بەنەرمی لە تەكیا بدوێن، بەڵكو هۆشێ بكاتەوە و لەسزای پاشەرۆژ بترسێ.هەردوو گوتیان: ئەی پەروەردگار ئێمە دەترسین پەلامارمان بدات، و لەناومان ببات، یا زیاتر یاخی ببێت. خودا فەرمووی: مەترسن بێگومان من لەتەكتاندام دەبیستم و دەبینم، بڕۆن بۆلای، و پێی بڵێن: ئێمە لەلایەن پەروەردگارتەوە نێرراوین، واز لەئازاردانی بەنی ئیسرائیلییەكان بێنە، و بەرەڵایان بكە، با بێن لە تەكمانا، ئێمە لەلایەن پەروەردگارتەوە هاتووین و موعجیزەشمان پێیە، سلاویش لەو كەسانە بێت، كە شوێن هیدایەت و رێی راستەقینە دەكەون. بەراستی ئێمە وەحیمان بۆ هاتووە، كە سزاو ئازار بۆ ئەو كەسەیە بڕوانەكات، و پشتی تێ بكات. فیرعەون گوتی: ئەرێ مووسا! خوای ئێوە كێیە؟ ئەویش گوتی: پەروەردگارمان ئەو زاتەیە كە هەمووشتێكی دروست كردوە، پاشان رێنموونیشی كردووە.

ئەنجا هیوا رووی كردە هاوەڵەكانی و گوتی: برایان ! لەخوێندنەوەی ئەم ئایەتانەدا، لە گوێ بیستی ئەم وتو وێژەی نێوان فیرعەون و مووسادا، لەسەرخۆیی و ئارامی نێوانیان بەدی دەكرێ. حەزرەتی مووسا هەروەك لەسەر خۆ قسە دەكات، بەتەنیا قسە ناكات بەلكو بەناوی خۆی و هاروونی برایەوە دەدوێ..

كەچی لەتابلۆی دووەم لەسوورەتی (شوعەرا)دا دێمەنێكی تر دەبینین، كاتێ كە فیرعەون منەت بەسەر حەزرەتی مووسادا دەكات و دەڵێت: ئایا بەمنداڵی لەناوماڵی خۆمانا پەروەردەمان نەكردیت؟ و چەندان ساڵ لەناوماندا تەمەنت بەسەر نەبرد، و پێمان نەگەیاندی؟ و ئەوەشت كرد كە كردت (مەبەستی كوشتنی قیبتییە كەیە)و ئێستاش باوەڕت بە خوایەتی من

---

**(77) سورة طه/ 43- 50.**

نییه؟ وەك ئەوە بڵێت: ئیتر بۆچ وا یاخی بوویت؟! " أَلَمْ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدًا وَلَبِثْتَ فِينَا مِنْ عُمُرِكَ سِنِينَ، وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ الَّتِي فَعَلْتَ وَأَنْتَ مِنَ الْكَافِرِينَ ؟ "(78). حەزرەتی مووسا بەتوندی وەلاَمی فیرعەون دەداتەوەو دەفەرمویَ: " وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنْ عَبَّدْتَ بَنِي إِسْرَائِيلَ ؟ "(79). واتە: جائەوە نیعمەتە تۆ باسی دەکەیت، و منەتم بەسەردا دەکەیت، کە بەنی ئیسرائیلییەکانی (کەسو کارم)ت کردۆتە کۆیلەو بەندەی خۆت؟

برایان! دەبینن فیرعەون ئەم وەلاَمە رەقەی مووسا بەرسوایی خۆی دەزانیّ، بۆیە بەتەواوی پەست دەبێت، و روو لە دەست وپێوەندەکانی دەکات، ودەڵیّ: ئەوە گوێتان لیّ نییە چ دەڵیّ!! بەراستی ئەو پێغەممەرەی نیراوە بۆ لاتان شێتە! " قَالَ لِمَنْ حَوْلَهُ: ألا تَسْتَمِعُونَ؟ " ... " قَالَ: إِنَّ رَسُولَكُمُ الَّذِي أُرْسِلَ إِلَيْكُمْ لَمَجْنُونٌ "(80).

کاك وریا! لە تابلۆی پێشوودا تەنیا دیمەنی موساو فیرعەون دەبینرا، بەلاَم لەم تابلۆیەدا مووساو هاروون لەلایەکەوە و فیرعەون ودەست و پێوەندەکەشی لەلایەکی ترەوە دەبینرێن.. واتە: لەم دیمەنەدا کاتیّ مووسا قسە لەتەك فیرعەونا دەکات، فیرعەون تەنیا نیە، وخەڵکێکی زۆر لەدەوریا دانیشتوون.

کەچی لەتابلۆی سیّ هەم لەسوورەتی (ئەعراف)دا مووسا بەتەنیا خۆی قسە دەکات، بە زبری لەتەك فیرعەونا دەدویّ.. ماوەیەکە هاتوچۆی دەکات، و قسەی لەتەکا دەکات، و شەرمی لیّ شکاوە، بۆیە پێویستی بە پشتیوانی هاروونی برای نییە، گویّ لە وتوو وێژەکەیان بگرە، بزانە هێز و توانای قسەکانی مووسا چەند دیار وئاشکرایە؟!

" ثُمَّ بَعَثْنَا مِن بَعْدِهِم مُّوسَى بِآيَاتِنَا إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَظَلَمُواْ بِهَا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ وَقَالَ مُوسَى يَا فِرْعَوْنُ إِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ

**(78) سورة الشعراء/18- 19.**
**(79) سورة الشعراء/22.**
**(80) سورة الشعراء/25- 27.**

الْعَالَمِينَ، حَقِيقٌ عَلَى أَن لاَّ أَقُولَ عَلَى اللّهِ إِلاَّ الْحَقَّ، قَدْ جِئْتُكُم بِبَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ، فَأَرْسِلْ مَعِيَ بَنِي إِسْرَائِيلَ. "[81].

واته: پاش ناردنی ئەوپێغەمەرانەی (لەسوورەتەکەدا)باسکران مووسامان بە کۆمەڵێ موعجیزەو نیشانەوە نارد بۆ لای فیرعەون و هاوخوانەکانی، کەچی ستەمیان کرد وباوەڕیان پێ نەکرد، جا سەیربکە بزانە سەر ئەنجامی خراپەکاران چۆنە، مووسا گوتی: ئەی فیرعەون! من لەلایەن پەروەردگاری جیهانەوە نێرراوم، ئەوی شیاوبێ ئەوەیە من جگە لەحەق و راستی شتێك بەدەم خواوە باس ناکەم، و بەبەڵگەو موعجیزەوە لەلایەن پەروەردگارەوە بۆلاتان هاتووم، تۆیش واز لەبەنی ئیسرائیلییەکان بێنە بابێن لەتەکما و بەرەلاَیان بکە..

لەهیچ کام لەو تابلۆیانەدا بتەکانی فیرعەون نەخرابوونە پێش چاو، بەلاَم وا لێرەدا و لەم تابلۆیەدا بتەکان بەدی دەکرێن: کۆمەڵێ لەپیاوماقولاَنی قەومی فیرعەون گوتیان: ئایا تۆ واز لە مووساو قەومەکەی دێنی خراپەکاری لەسەرزەویدا بلاَوبکەنەوە، و واز لە پەرستنی خۆت و خواکانت بێنن؟ " وَقَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِ فِرْعَونَ: أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ؟ "[82].

ووریا: کاك هیوا! من لەم دەقە قورئانیەدا شتێکی ترم بەدیکرد ئەویش ئەمەیە: وا دیارە بەدرێژایی مێژوو دەست و پێوەندی کۆشکی فەرمانڕەوا بۆ خۆبردنە پێشەوەی خۆیان دوو روویی و مەرایی زۆریان کردووە، و بەهەڵنان و پیاهەڵخواندنی درۆ، ئەستۆی ئاغاکانیان شکاندووە،و کۆمەکی بوون تا ئەوەندەی تر فەرمانڕەوا حەق پێشێل بکات..

هیوا: بەڵێ، کاك وریا! بۆچوونەکەت جوانە، و ئەمە پیشەی دەستو پێوەندێ خراپی فەرمانرەوایانە لە هەموو سەردەمێکدا.. با بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان، هەروەك گوتمان: لێرەدا و لەم تابلۆیەدا بۆ یەکەمجار (خواکان) بتەکان بەدی دەکرێن، و باس دەکرێن.. ئەمەش

---

**(81) سورة الأعراف/103-105.**
**(82) سورة الأعراف/ 127.**

بەڵگەیە بۆ لاوازبوونی پلەوپایەی فیرعەون لەناو خەڵکیدا، چون لەوەپێش دەیگوت: من خوای هەرە بەرزی ئێوەم. (فَقَالَ: أَنَا رَبُّكُمُ الأَعْلَى) [83].
کەچی لێرەدا بووەتە بەندەیەکی لاواز و زەبوونی بتەکان، هەرچەند لەوە پێش لەبەرچاو خەڵکیدا خوای هەرە بەرزبوو، بەلاَم ئێستا لەپێش چاویاندا بووەتە بەندەیەکی لاوازی بتەکان..

برایان! ئێستا لە مەبەستەکەم تێگەیشتن کە گوتم: دووبارەکردنەوە لە قورئاندا نییە؟!..

ووریا و هێمن: بەڵێ، باش حاڵی بووین، خوا پاداشتت بداتەوە.. مەبەستت ئەوەیە هەرکات قورئان باسی یەکێ لەو پێغەممەرانە دەکات، وێنەیەکی نوێ و گۆشەیەکی بەسەرهاتەکە بۆ مەبەستێکی تازە پێشچاو دەخات..

هیوا: سوپاس بۆ خوا باش حاڵی بوون، بۆ زیاتر شارەزابوون سەرێك لەبەشی (القصة في القرآن) بدەن، لە کتێبی" التصوير الفنى فى القرآن"دا.

ووریاو و هێمن هەردوو سوپاسی هاوەڵی دڵسۆز و دەستگیری بەتوانایان کرد، و بە هیوای دیدار، خوا حافیزی و ماڵئاواییان لێ کرد، و بەکۆمەڵێ چاو روونییەوە، بۆ جێی خۆیان گەڕانەوە..

# # #

**(83) سورة النازعات/ 24.**

## (10)

## حەزرەتی ساڵح و هۆزی سەموود:

ئێوارەیە و لارە سێبەر بەسەر نزارەکاندا هاتۆتەوە، تیشکی زێڕینی خۆر هێشتا بەسەر لووتکەی چیا بەرزەکانەوە ماوە، ووریا و هێمن بە جووتە بەرەو قوتابخانەی دڵنیایی کەوتنە رێ.. بەڵێ، گەیشتنە لای ئەو برادەرە راستەقینەیان کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە دڵی خۆی بۆ دەکردنەوە، و بەرەو ئاسۆیەکی فراوانی پڕ لەبەختەوەری دوارۆژی دەبردن..

پاش خۆشهاتن وبەخێرهاتن هیوا لێی پرسین: ئەمڕۆ لەچ گۆشەیەکەوە باسەکەمان دەست پێ بکەین؟ ئەوانیش گوتیان: ئەوی راستی بێ لەرێگەی هاتنمان بۆ ئێرە، بڕیارمان دا هەر لەسەر باسەکەی پێشوو بڕۆین.. بەلاَم بەسەرهاتی پێغەمەرێکی تر ..

هیوا: برایان! بەویستی خوا، ئەمڕۆ لەسەر داخوازی خۆتان لەبارەی بەسەرهاتێکی ترەوە دەدوێین، کە قورئان دیمەنەکانی لەچەند تابلۆیەکی جیاواز و لەچەند سوورەتێکدا بۆ باس کردووین.. کە ئەویش بەسەرهاتی حەزرەتی (ساڵح) پێێغەممەرە سلاَوی خوای لێ بێ..

پاش ئەوە کە چاییەکەیان خواردەوە ووریا گوتی: کاك هیوا! وابزانم پاش بەسەرهاتی حەزرەتی مووسا، باسی حەزرەتی ساڵح لەهەموو بەسەرهاتە کانی تر زیاتر باسکراوە..

هیوا: بەڵێ، کاك ووریا! هەروایە.. ئەم بەسەرهاتە لە سوورەتەکانی: (الأعراف) و (هود) و(الحِجْر) و (الشعراء) و (النمل)و (القمر) و (الشمس) دا باسکراوە.. هەندێکیان بە درێژی و هەندێکیشیان بەکورتی.. هەوەها لەم سوورەتانەشیا (الإسراء) و(فصلت)و (الذاريات)و (الحاقة) وەك هێمایەك هێمایان بۆ کراوە. لەتەك ئەم هەموو باسکردنەدا، لەهەر

سوورەتێکا گۆشەیەکی تازەی بەسەرهاتەکە، بۆ مەبەستێکی تازە پێشچاو خراوە، بۆ نموونە: قورئان لە سوورەتی ئەعرافدا بەم جۆرە دیمەنەکانمان پێشان دەدات:

" وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ: يَا قَوْمِ! اعْبُدُواْ اللّهَ، مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ، قَدْ جَاءتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ، هَـذِهِ نَاقَةُ اللّهِ لَكُمْ آيَةً، فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللّهِ، وَلاَ تَمَسُّوهَا بِسُوَءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ، وَاذْكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ عَادٍ، وَبَوَّأَكُمْ فِي الأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِن سُهُولِهَا قُصُورًا، وَتَنْحِتُونَ الْجِبَالَ بُيُوتًا، فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ، وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ، قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِ لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُواْ لِمَنْ آمَنَ مِنْهُمْ: أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَالِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِ؟ قَالُواْ: إِنَّا بِمَا أُرْسِلَ بِهِ مُؤْمِنُونَ، قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ: إِنَّا بِالَّذِيَ آمَنتُمْ بِهِ كَافِرُونَ، فَعَقَرُواْ النَّاقَةَ، وَعَتَوْاْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ، وَقَالُواْ: يَا صَالِحُ! ائْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ، فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ، فَتَوَلَّى عَنْهُمْ، وَقَالَ: يَا قَوْمِ! لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ، وَلَكِن لاَّ تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ. " [(84)].

واتە: " بۆ هۆزی سەموود ساڵحی برایانمان نارد، وپێی گوتن: خزمینە! خوا بپەرستن، جگە لەو خوایەکی ترتان بۆ نییە، بەڵگەی پێغەمبەربوونی منتان لەلایەن خواوە بۆ هاتووە، ئەم وشترەی خوا بەڵگەیە بۆ ئێوە، وازی لێ بێنن لەو سەرزەوییەی خوادا بۆ خۆی بلەوەڕێ، بەخراپە دەستی بۆمەبەن، دەنا تووشی سزای بەسوێ دەبن، یادی خۆتانی بێننەوە، پاش قەومی عاد خوا ئێوەی کردە جێ نشینیان، و لەم سەرزەوییەدا جێگیر و پایەداری کردوون، لە دەشتاییەکاندا کۆشك دروست دەکەن، ولەناو شاخەکانیشدا خانوو دەتاشن، نیعمەتەکانی خوا بێننەوە یادتان، و خراپە لەسەر زەویدا بلاَو مەکەنەوە.

"پیاوانی خۆ بەزلزانی ناوهۆزەکەی بەئیماندارانی لاواز وکەم دەسەلاَتیان دەگووت: ئێوە باوەڕتان وایە کە ساڵح لەلایەن خواوە نێررابێ، و کرابێ بە پێغەمبەر؟ گوتیان: بەڵێ، ئەوەی ئەو بۆی هێناوین

(84) سورة الأعراف/ 73-79.

باوەڕمان پێیەتی.. خۆ بەزلزانەکان گوتیان: ئێمە بێ باوەڕین بەوەی ئێوە باوەڕتان پێی هێناوە!! ئیتر وشترەکەیان سەر بڕی ولەفەرمانی خوا لایان دا، و گوتیان: کاك ساڵح ئەوە ئێمە وشترەکەی خوامان سەربڕی، دەتۆیش ئەگەر ڕاست دەکەیت، وپێغەممەریت، ئەوهەڕەشانە بێنە دی کە دەیانکەیت!! ئینجا لەرز دایگرتن (بوومەلەرزە لێی دان)، ولەناوماڵەکانیاندا بۆ هەمیشەیی کڕکەوتن. ئەویش بەجێی هێشتن وپێی گوتن: خزمینە! هاوارم لێکردن، و بەدڵسۆزی ئامۆژگاریم کردن، بەلاَم بەداخەوە، ئەوەی دڵسۆزتان بێ، ئێوە خۆشتان ناوێ..

**لەم تابلۆیەدا خوا چەند دیمەنێکمان پێشچاو دەخات:**

**یەکەم:** پەیامی ساڵح پێغەممەر سلاَوی خودای لێ بێ بریتی بووە لە خوا بەیەکناسین، و بۆ ئەم مەبەستەش چەند بەڵگەیەکی هێناوەتەوە.

**دووەم:** لەبەر گەورەیی موعجیزەکە، بەووشترەکە وتراوە: وشترەکەی خوا.

**سێهەم:** وتووێژی نێوان چینی هەژاری خاوەن باوەڕ، و تۆێژی سەرمایەداری بێ باوەڕ ..

**چوارەم:** پێشرەوتی شارستانیەتی ئەو سەردەمە، وەك دروستکردنی کۆشك و داتاشینی شاخ و کێو..

**پێنجەم:** گرنگی نەدان بەهەڕەشەکانی حەزرەتی ساڵح، و سەربڕینی وشترەکە.

**شەشەم:** هەستکردنی ساڵح بەنزیکبوونەوەی غەزەبی خوا، کاتێك پەژارەی خۆی دەر دەبڕێ و پشتیان تێ دەکات..

ووریا: کاك هیوا! لەم تابلۆیەدا پیشان نەدراوە خەڵکەکە پاش سەر بڕینی وشترەکە چەند ڕۆژ ماونەتەوە..

هیوا: راسته برای خۆم، بەڵام لەسوورەتی(هوود) دا لەتابلۆیەکا باسی ئەو ماوەیە و چەند لایەنێکی تری بەسەرهاتەکە دەکات  و دەفەرموێ:

" وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ. قَالُواْ يَا صَالِحُ قَدْ كُنتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَـذَا أَتَنْهَانَا أَن نَّعْبُدَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ. قَالَ: يَا قَوْمِ! أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَى بَيِّنَةً مِّن رَّبِّي وَآتَانِي مِنْهُ رَحْمَةً فَمَن يَنصُرُنِي مِنَ اللّهِ إِنْ عَصَيْتُهُ فَمَا تَزِيدُونَنِي غَيْرَ تَخْسِيرٍ، وَيَا قَوْمِ هَـذِهِ نَاقَةُ اللّهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللّهِ وَلاَ تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ، فَعَقَرُوهَا، فَقَالَ: تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمْ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ، ذَلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ، فَلَمَّا جَاء أَمْرُنَا نَجَّيْنَا صَالِحًا وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَمِنْ خِزْيِ يَوْمِئِذٍ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ، وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ. "(85).

بۆ هۆزی سەموود ساڵحی برایانمان نارد، و پێی گوتن: خزمینە! تەنیا ئەڵلا بپەرستن، و جگە لەو خوایەکی ترتان بۆ نییە، ئەو لە خاك ئێوەی دروست کردووە، و کردوونی بەئاوەدانکەرەوەی زەوی، کەوابوو داوای لێ خۆشبوونی لێبکەن، و پاشان بۆلای ئەو بگەڕێنەوە، بێگومان خوا نزیکە،و وەڵامی داخوازیتان دەداتەوە.. گوتیان: ئەی ساڵح! تۆ پێشتر جێی هیوامان بووی، ئایا داوامان لێدەکەیت: شتێك نەپەرستین، کە باوکو باپیرانمان پەرستوویانە؟ بەراستی ئەوەی ئێمەی بۆبانگ دەکەیت، لێی بەگومان و بەدبینین!! گوتی: خزمینە! ئەگەر من لەسەر ڕێی راستی پەروەردگارم بووم، و رەحمەتی خۆیشی پێ بەخشیبووم، پێم بڵێن ئەگەر سەرپێچیم کرد کێ کومەکم دەکات؟! ئێوە بەم هەڵوێستەتان جگە لە زەرەرەومەندی سوودێکم پێ ناگەیەنن..و خزمینە! ئەم وشتری خوایە بەڵگەیە بۆ ئێوە، وازی لێ بێنن، لەو سەرزەوییەی خوادا بۆ خۆی بلەوەڕێ، بەخراپە دەستی بۆمەبەن دەنا بەم نزیکانە تووشی سزا دەبن، ئینجا ئەوان سەریان بڕی، ئەویش گوتی: سێ رۆژ لەناو ماڵەکانتانا رابوێرن، تەنیا ئەوەندە مۆڵەتتان هەیە،و ئەوەش بەڵێنێکی درۆ نییە، کاتێ

---

**(85) سورة هود/61-67.**

فەرمانی ئێمە هات -بە میهرەبانیی و بەزەیی خۆمان- ساڵحمان رزگارکرد و ئەوانەش کەلەتەکیا باوەڕیان هێنابوو، لەرسوایی ئەو رۆژە رزگارمان کردن، بەراستی پەروەردگارت خۆی خاوەن دەسەلاَتە، ئەو دەنگە سامناکە هەموو ستەمکارانی گرتەوە، و لەشوێنی خۆیانا لاڵ وپاڵ لێی کەوتن و بە زەوییەکەوە کڕبوون..

هیوا رووی کردە هاوەڵەکانی و گوتی: برایان لەم تابلۆیەدا دوو دیمەن دەبینین کە لەسوورەتی ئەعرافدا باس نەکرابوون:

**یەکەم**: لەوەپێش نە دەزانرا ئایا کتوپڕ سزاکەیان بۆ هاتووە، یا پاش ماوەیەك؟ و ئەگەر پاش ماوەیەك بووە ماوەکە چەند بووە؟ بەلاَم لەم تابلۆیەدا پیشانمان دەدات کە پاش سەر بڕینی وشترەکە خەڵکەکە سێ رۆژ ماونەتەوە..

**دووەم**: هەروەك خوا حەزرەتی ساڵحی رزگار کرد ئەوانەشی رزگار کرد کە باوەڕیان پێی هێنا بوو.

هێمن: کاك هیوا! لەو دوو تابلۆی رابوردوودا تا ئێستا باسی کات و شوێنی سزایەکە نەکراوە.. کەی و لە کوێ بووە؟

هیوا: راستە. بەلاَم ئەو دوو گۆشەیە خوا لەسوورەتی (ئەل حیجر)دا بۆمان باس دەکات، و دەفەرموێ:

وَلَقَدْ كَذَّبَ أَصْحَابُ الحِجْرِ الْمُرْسَلِينَ، وَآتَيْنَاهُمْ آيَاتِنَا فَكَانُواْ عَنْهَا مُعْرِضِينَ، وَكَانُواْ يَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا آمِنِينَ، فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ مُصْبِحِينَ، فَمَا أَغْنَى عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَكْسِبُونَ. " (86).

واتە: خەڵکی (حیجر) (87) باوەڕیان بەپێغەممەران نەکرد، بەڵگەو نیشانەی دەسەلاَتی خۆمانمان بۆ ناردن، کەچی پشتیان تێکرد، لە چیاکاندا خانوویان دەتاشی، وبەجێیەکی قایم و بێوەی یان دەزانی، لەبەرە بەیاندا

**(86) سورة الحجر/80 – 84.**

**(87) ناوچەیەکە لەنێوان مەدینەو تەبووکدا، شارە دێی حیجر کەوتۆتە باشووری شاری (تەیماء) ی سعودییەی ئێستاوە..**

نەعرەتەی فریشتەکان (دەنگە سامناکەکە) لێیدان و قەلاَی قایمیان نەیتوانی بیان پارێزێ.

ئەوەتە لەم تابلۆیەدا چەند گۆشەیەکی تر بەدی دەکرێت:

**یەکەم:** ئەوانەی باوەڕیان بە حەزرەتی سالّح نەکرد خەڵکی حیجر بوون، ئەم دێیەش لەنێوان حیجاز و شامدایە..تا ئێستاش شوێنەوارەکەی ماوەو دیارییە..

**دووەم:** خەڵکی حیجر تەنیا باوەڕیان بە سالّح نەهێنا..بەلاَم چونکە پەیامی پێغەممەران یەکێکە، وەك ئەوە وایە کە باوەڕیان بەهەموو پێغەممەران نەکرد بێ..

**سێ هەم:** خەڵکەکە دڵیان بەوە خۆش بووە کە خانووی داتاشراوی ناو چیاکان لە سزای خوا دەیان پارێزێ، بێ ئاگا لەوە کە سزای خوایی هات هیچ پارێزەرێك نامێنێ..

**چوارەم:** لەکاتی بەرەبەیاندا نرکەو ناڵەی بوومە لەرزە لێیدان، هەندێك لەژێرڕووخانی ماڵەکانا تیچوون، وئەوانی تریشیان هەر لەترسا تۆقین وزیڕەیان کرد..

ئێستاش باسەرێك لە سوورەتی شوعەرا بدەین تا هەندێکی تر لەو دیمەنانە ببینین کە نەمان دیتووە.. قورئان دەفەرموێ:

" كَذَّبَتْ ثَمُودُ الْمُرْسَلِينَ، إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ صَالِحٌ ألا تَتَّقُونَ؟ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ، فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ، وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ، أَتُتْرَكُونَ فِي مَا هَاهُنَا آمِنِينَ، فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ، وَزُرُوعٍ وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِيمٌ، وَتَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا فَارِهِينَ، فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ، ولا تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ، الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ ولا يُصْلِحُونَ، قَالُوا إِنَّمَا أَنتَ مِنَ الْمُسَحَّرِينَ، مَا أَنتَ إِلاَّ بَشَرٌ مِّثْلُنَا فَأْتِ بِآيَةٍ إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ، قَالَ هَذِهِ نَاقَةٌ لَّهَا شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ، ولا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَظِيمٍ، فَعَقَرُوهَا فَأَصْبَحُوا نَادِمِينَ فَأَخَذَهُمُ

الْعَذَابُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ، وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ. " (88).

واته: هۆزی سەموود باوەڕیان بە پێغەمەران نەكرد، كاتێ ساڵحی برایان پێی گوتن: ئەوە لەخوا ناترسن؟ بێگومان من نیراوێكی دەستپاكم بۆلای ئێوە، كەوابوو لەخوا بترسن، و گوێڕایەڵم بن، وەنەبێ من لەم كارەمدا داوای پاداشتێكتان لێ بكەم، پاداشتی من لای پەروەردگاری جیهانە، ئایا پێتان وایە هەروا بەبێوەی لێرەدا بمێننەوە و نەمرن؟ لەناو باخ وباخات وكانیاوی سازگاردا، و لەناو بێستان و دارخورمای بەر نەرم وناسكدا، ولەناو چیاكاندا خانووی خۆش وجوان بتاشن و بەبێوەی تیایا بژین؟! كورە لەخوا بترسن، و گوێ رایەڵم بن، بەقسەی لەڕێ لادەرەكان مەخڵەتێن، و گوێ ڕایەڵیان مەبن، ئەوانەی خەرێكی خراپە بلاَوكردنەوەن و كاری چاك ناكەن..

گوتیان: كاكە! تۆ جادووت لێكراوە، مەگەر تۆیش وەك ئێمە ئادەمزادێك نیت، ئەگەر راست دەكەیت بەڵگەو نیشانەیەكمان بۆ بێنە، كە تۆ پێغەمەری.. گوتی: ئامادەم.. ئەمە وشترێكە بەشێكی لەئاوی ئاوایی هەیە، و ئێوەش بەشێكتان لەرۆژێكی دیاریكراودا هەیە، بەخراپە دەستی بۆنەبەن دەنا تووشی سزای رۆژێكی سەخت دەبن. كەچی سەریان بڕی، و دوایش پەشیمان بوونەوە، بەلاَم بێسوود بوو، چونكە سزاكەیان تووش بوو. لەو بەسەرهاتەدا بەڵگەی ئەوە هەیە، كە خوا تۆڵە لەیاخی بوان دەسێنێتەوە، ئەویاخیانەی بڕوایان نەهێنا. بێگومان پەروەردگارت بەتواناو دلۆڤانە.

برایان! لەم تابلۆیەدا سێ چمكی تر لەبەسەرهاتی خێڵی سەموود دا پیشان دراوە:

**یەكەم:** كارەكەی حەزرەتی ساڵح لەبەر وەدەستهێنانی پوڵ و پارە نەبووە.

---

**(88) سورة الشعراء/141 – 159.**

**دووەم:** خەڵکەکە داوای موعجیزەیان لێ کردووە، و لەسەر داخوازیی ئەوان خوا ئەو وشترەی کردۆتە موعجیزەی.

**سێهەم:** خەڵکەکە پاش کەتنەکەیان و سەربڕینی وشترەکە پەشیمان بوونەتەوە، بەلاَم پەشیمان بوونەوەکەیان لەکاتێکی بێ سوودا بووە. لەبەر ئەوە سزاکەیان لەسەر لانەبراوە..

وریا: ئەی کاك هیوا لەسوورەتەکانی ترا گۆشەی تری باسنەکراوی ژیانی ساڵح باسکراوە؟

هیوا: بەڵێ، کاك وریا! باسکراوە.. بۆنموونە لەسورەتی(النمل)دا خوای بالاَدەست کە باسی حەزرەتی ساڵح دەکات دەفەرموێ:

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا إِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ فَإِذَا هُمْ فَرِيقَانِ يَخْتَصِمُونَ. قَالَ: يَا قَوْمِ! لِمَ تَسْتَعْجِلُونَ بِالسَّيِّئَةِ قَبْلَ الْحَسَنَةِ؟ لَوْلا تَسْتَغْفِرُونَ اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ. قَالُوا: اطَّيَّرْنَا بِكَ وَبِمَن مَّعَكَ قَالَ طَائِرُكُمْ عِندَ اللَّهِ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ تُفْتَنُونَ، وَكَانَ فِي الْمَدِينَةِ تِسْعَةُ رَهْطٍ يُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ وَلا يُصْلِحُونَ. قَالُوا تَقَاسَمُوا بِاللَّهِ لَنُبَيِّتَنَّهُ وَأَهْلَهُ، ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِ: مَا شَهِدْنَا مَهْلِكَ أَهْلِهِ، وَإِنَّا لَصَادِقُونَ. وَمَكَرُوا مَكْرًا، وَمَكَرْنَا مَكْرًا، وَهُمْ لا يَشْعُرُونَ، فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ مَكْرِهِمْ؟! أَنَّا دَمَّرْنَاهُمْ وَقَوْمَهُمْ أَجْمَعِينَ، فَتِلْكَ بُيُوتُهُمْ خَاوِيَةً بِمَا ظَلَمُوا، إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ، وَأَنجَيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ." (89).

واتە: بێگومان ساڵحی برایانمان بۆلای هۆزی سەموود نارد، و پێی گوتن: تەنیا ئەڵلا بپەرستن، و ئەوانیش بوون بە دووبەشی ناکۆکەوە. گوتی: خزمینە! ئەوە بۆ لەپێش تووشبوونی چاکەدا، پەلە بۆ تووشبوونی خراپە دەکەن، و پێتان خۆشە تووشی ناخۆشی ببن؟! بۆ داوای لێخۆشبوون لە خوا ناکەن، تا رەحمتان پێبکرێت؟ گوتیان: بەهۆی تۆ و هاوەڵەکانتەوە ئێمە تووشی نەگبەتی بووین، گوتی: لەلایەن خواوە تاقی دەکرێنەوە، تا بیربکەنەوە، ئەگەر پەشیمان نەبنەوە، تووشی نەگبەتی دێن..

---

**(89) سورة النمل/45 – 53.**

لەناو شارەکەدا نۆ تاقمی تاوانکار هەبوو، خەریکی بلاَوکردنەوەی خراپە بوون، و توخنی چاکە نەدەکەوتنەوە، هەموو ئەوانە سوێندیان بۆ یەکتر خوارد،کە: شەو بدەن بەسەر ساڵح و ماڵ ومنداڵیدا، و بنەبڕیان بکەن، و بە کەس وکارەکەیشی بڵێن: کە ئاگایان لەکوژرانی نییە، و لە قسەکەشماندا راستگۆین.. ئاوا ئەوان پیلانیان بۆ لەناوبردنی ساڵح وئیماندارانی دۆستی کێشا، و بێ ئاگابوون لەوە ئێمەش نەخشەمان بۆ رزگارکردنیان داڕشتووە، سەیربکە ئەنجامی پیلانەکەیان چۆن بوو؟ ئێمە خۆیان وهەموو قەومەکەیانمان لەناوبرد. ئەوە ماڵەکانیانە کەبەهۆی زوڵم وستەمیانەوە چۆڵ وکاولکراوە، بەراستی لەو رووداوەدا بەڵگە بۆ خەلکێك هەیە کە تێبگەن و بزانن، ئەوانەی باوەڕیان هێنابوو خەڵکێکی پارێزکاربوون، و ئێمەش رزگارمان کردن..

ئازیزان! لەم تابلۆیەشدا چەند چمکێکی تری ژیانی ساڵح و خزمەکانی پێشچاو دەخرێت، کە لەوەپێش باس نەکراون:

**یەکەم:** لەلایەن خۆ بەزلزانەکانەوە بەرنامەیەکی پڕوپاگەندە لەدژی ساڵح و باوەڕداران ساز دەکرێ تا هەرەمەی خەڵکی باوەڕ بەپەیامەکەی نەکەن و لێیان دووربکەونەوە..

**دووەم:** پیلانێك بۆ کوشتنی ساڵح و ماڵ و منداڵی سازدەکەن، ئەگەر سەر کەوتن ئەوا رزگاریان بووە، و ئەگەر پێشیان زانرا و دەرکەوتن، ئەوا هەموو بەجارێك سوێند دەخۆن کە: لەو تاوانە بێ ئاگان!!

ئازیزان خوای باڵا دەست لە سورەتی ئەلقەمەریشدا دوو گۆشەی تری دیمەنەکەمان دەخاتە پێش چاو، و دەفەرموێ:

كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِالنُّذُرِ، فَقَالُوا: أَبَشَرًا مِّنَّا وَاحِدًا نَّتَّبِعُهُ؟ إِنَّا إِذًا لَّفِي ضَلالٍ وَسُعُرٍ. أَؤُلْقِيَ الذِّكْرُ عَلَيْهِ مِن بَيْنِنَا؟ بَلْ هُوَ كَذَّابٌ أَشِرٌ. سَيَعْلَمُونَ غَدًا مَّنِ الْكَذَّابُ الأَشِرُ، إِنَّا مُرْسِلُو النَّاقَةِ فِتْنَةً لَّهُمْ، فَارْتَقِبْهُمْ وَاصْطَبِرْ، وَنَبِّئْهُمْ أَنَّ الْمَاء قِسْمَةٌ بَيْنَهُمْ كُلُّ شِرْبٍ مُّحْتَضَرٌ. فَنَادَوْا صَاحِبَهُمْ، فَتَعَاطَى فَعَقَرَ. فَكَيْفَ

كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ؟! إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَكَانُوا كَهَشِيمِ الْمُحْتَظِرِ، وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ " [90]. القمر/23-30.

واته:هۆزی سەموود باوەڕیان بە پێغەمەران نەكرد، و گوتیان: ئایا ئێمە شوێن كەسێكی خۆمان بكەوین؟ ئەگەر بڕوای پێ بكەین ئەوەنیشانەی سەرلێ شێواویمانە، ئایا لەناو ئێمەدا وەحی تەنیا بۆئەو هات؟ نەخێر، ئەوە درۆزن و خۆ پەرستە!! سبەینێ دەزانن كێ درۆزن وخۆپەرستە!! ئەو پەڵپەی لێیان گرت، كە لەناو گابەردەكەدا وشترێكیان بۆ دەر بێنێ، بۆیان دەنێرین، و بەوەش تاقییان دەكەینەوە، و چاوەڕوانبە بزانە چی دەكەن، و خۆگریش بە لەبەرامبەر كاری ناپەسەندیانەوە، و پێشیان بڵێ: دەبێ ئاوی سەرچاوەی ئاوایی بەش بكەن رۆژێك بۆ ئەوان و ماڵاَتیان، رۆژێكیش بۆ وشترەكە، لەنۆرەی ئەوا هەر بەكارهێنانێكی ئاو قەدەغەیە. هاوڕێكەیان بانگ كرد وئەویش بێ باكانە پەلاماری شمشێری دا و سەری بڕی.

لەم سوورەتەیشدا دوو لایەنی تری باسەكە دەخرێتە پێشچاو كە لەمەوبەر باس نەكراون، ئەویش ئەویە:

**یەكەم**: خەڵكەكە بەڕای هەموویان پیاوێكیان هەڵبژارد بۆ كوشتنی وشترەكە.. بەهۆی ئەوەوە هەموو تاوانبار بوون.

**دووەم:** ئەوەی ئەو تاوانەی كرد هەروەك ئایەتی بیست و نۆهەم لەم سورەتی (ئەلقەمەر) دا باسی دەكات: خۆ بەزلزانەكان كەسێكیان بانگ كرد تا ئەوكەتنەی پێ بكەن، بەڵام پێش ئەوە شەرابیان دایێ بۆ ئەوەی سڵ لەتاوانەكە نەكاتەوە..

ووریا كاك هێمن! ئەوە بەرهەمێكی واقیعی شەرابە، چونكە ئەگەر سۆلسۆلەیەك ژیری لە ئادەمزادا بمێنێت، رێی نادات تاوانێكی وا گەورە ئەنجام بدات. بۆیە ئەوانەی تاوان بەخەڵكی دەكەن، پێش هەموو شتێك فێری عەرەق خواردنەوەیان دەكەن..

---

**(90) سورة القمر/23-31.**

هەروەك پێشتر باسمان كرد: قورئان بۆ پەروەردەكردنی ئیمانداران، و پتەو كردنەوەی بیرو باوەڕیان، ئەم بەسەرهاتانە باس دەكات، لەكاتێكدا باسی یاخی بووان و بێ باوەڕان دەكات، كە سەرەنجامیان چی بووە، و چۆن لەدنیادا تیاچوون، وسزای پاشەرۆژیش چاوەڕێیانە، و چۆن پاشە رۆژ بۆ ئیماندارانەو چۆن خوارزگاری كردوون، ئالەم سوورەتانەشدا (الإسراء /59. و فصلت/17و18. و الذاریات/44.. و الحاقة/4و5. و الشمس/11-15.) هێمایەك بۆ باسی خێڵی سەموود و حەزرەتیساڵح كراوە.

لەسوورەتی: (الإسراء)دا" وَآتَيْنَا ثَمُودَ النَّاقَةَ مُبْصِرَةً فَظَلَمُواْ بِهَا "(91). واتە: وشترەكەمان بەموعجیزە پیشانی خێڵی سەمود دا، تا بەرچاورِوونییەك بێ بۆیان، كەچی ستەمیان لێ كرد وسەریان بڕی!! و لەسوورەتی (فصلت) دا دەفەرموێ: " وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَاهُمْ فَاسْتَحَبُّوا الْعَمَى عَلَى الْهُدَى فَأَخَذَتْهُمْ صَاعِقَةُ الْعَذَابِ الْهُونِ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ وَنَجَّيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ "(92). سەموودیشمان بۆ چاكە ڕێنوێنی كرد، كەچی كوێرییان پێ خۆشبوو تا بەرچاو ڕوونی، بۆیە لە ئەنجامی كاری نا دروستیاندا، سزای سەرشۆڕكەر راپێچی كردن، و ئەوانەی باوەڕدار و پارێزكاربوون رزگارمان كردن .

لەم سوورەتەدا دوو گۆشەی تر لەبەسەرهاتەكە دەبینرێ كە لەوەپێش باس نەكراون:

**یەكەم**: ئەوانە لەگەل ئەو هەوڵە فراوانەی حەزرەتی ساڵحدا بۆ ڕێنوێنیان، هیچ ویستێكیان تیا نەبوو بۆ خۆگۆڕین، و بەرەو چاكە رۆیشتن، وەك ئەوە كوێر بن، وهیچ حەقیقەتێك نەبینن، یا كەڕبن، وهیچ راستییەك نەبیستن. بۆیە دەفەرموێ: كەچی كوێرییان پێ خۆشبوو، تا بەرچاو روونی!!

---

**(91) سورة الإسراء/59.**
**(92) سورة فصلت / 17و18.**

**دووەم**: ئەوە چ جۆرە سزایەك بوو کە ئەو خێڵە یاخی بووەی پێ لەناو برا؟ لەسوورەتەکانی تردا باسی ئەوە دەکات کە بەدەنگێکی گەورەی تۆقێنەر لەناو براون، بەلاَم لێرەدا باسی ئەو دەنگە دەکات، ئەویش گرمەو ناڵەی پاش چەخماخەو هەورە بروسکە بووە، وبە (صَاعِقَةُ الْعَذَابِ الْهُونِ) ناوی دەبات، و لەسوورەتی (الذاريات )یشدا بە (الصَّاعِقَة) ناوی دەبات.

لەسوورەتی (الذاريات) دا باسی ئەودەنگە دەکات کە خێڵی سەموودی پێ لەناو براوە و دەفەرموێ: "وَفِي ثَمُودَ إِذْ قِيلَ لَهُمْ: تَمَتَّعُوا حَتَّى حِينٍ، فَعَتَوْا عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ فَأَخَذَتْهُمُ الصَّاعِقَةُ وَهُمْ يَنظُرُونَ، فَمَا اسْتَطَاعُوا مِن قِيَامٍ وَمَا كَانُوا مُنتَصِرِينَ. "(93). واتە: بەسەرهاتی خێڵی سەممودیش پەند وئامۆژگاری تێدایە، کاتێ پێیان گوترا: تاماوەیەك رابوێرن!! ئەوانیش لە فەرمانی خوای خۆیان یاخی بوون، نا کاو بروسکەیەك راپێچی کردن، و بەچاو ئەبڵەقییەوە دەیانڕوانی، بەزەوییەکەوە کڕبوون، ونەیانتوانی لەجێی خۆیان راست ببنەوە، و سەرکەوتوویش نەبوون. وە لەسوورەتی (الحاقة) دا دەفەرموێ: " كَذَّبَتْ ثَمُودُ وَعَادٌ بِالْقَارِعَةِ، فَأَمَّا ثَمُودُ فَأُهْلِكُوا بِالطَّاغِيَةِ..."(94). واتە: خێڵی سەمود و عاد باوەڕیان بەزیندووبوونەوەو قیامەت نەبوو، (سەموود)مان بە دەنگێکی گەورەی تۆقێنەر لەناوبرد... ئاوەها هێمای بۆ کردووە.

لەسوورەتی (الشمس)یشدا هێمایەك بۆ خێڵی سەموود دەکات ودەفەرموێ: " كَذَّبَتْ ثَمُودُ بِطَغْوَاهَا، إِذِ انبَعَثَ أَشْقَاهَا، فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ: نَاقَةَ اللَّهِ وَسُقْيَاهَا، فَكَذَّبُوهُ فَعَقَرُوهَا، فَدَمْدَمَ عَلَيْهِمْ رَبُّهُم بِذَنبِهِمْ فَسَوَّاهَا، وَلا يَخَافُ عُقْبَاهَا. "(95). واتە: خێڵی سەموود بەهۆی یاخی بوونیەوە باوەڕی بە ساڵح نەکرد، و خراپترین کەسی خۆیان بۆ سەر بڕینی وشترەکە نارد، پێغەممەری خوا پێی گوتن: کاکە ! ئەو وشترە موعجیزەکەی خوایە، و شیردەرتانە، بەخراپە دەستی بۆ نەبەن!! کەچی باوەڕیان پێ نەکرد و

---

**(93) سورة الذاريات/43-45.**
**(94) سورة الحاقة /4 و5 .**
**(95) سورة الشمس/11-15.**

وشترەکەیان سەربڕی، بێ ئەوەی لەئەنجامەکەی بترسن، پەروەردگاریش بەهۆی ئەو تاوانەیانەوە کەسی لێ دەرنەکردن، و هەموویانی لەناوبرد.

لێرەشدا گۆشەیەکی تر پێش چاو دەکەوێ کە ئەوەی وشترەکەی کوشت خراپترینی کەسی ناو خێڵی سەموود بووە..

هێمن: کاك هیوا ! بەراستی ئەوەی ئەوتاوانەی کردووە خراپترین کەس بووە، چونکە بووەتە هۆی لەناوبردنی کۆمەڵگایەك بەتەواوی..

هیوا: راستە، کاك هێمن ئەو سەرکەشەی لەخوا یاخییە، مرۆڤێکی خراپ بووە، بەلاَم ئەگەر ئەوانەی دەوروبەری هانیان نەدایە، ولەتاوانەکەیا هاوبەش نەبوونایە ئەویش ئەوکارەی نە دەکرد، و قەومەکەیان بەقڕ نەدەدا.. هەموویان لەو تاوانەدا بەشدار وهاوبەش بوون.

دۆستانی بەڕێز! ئەم باس و لێکۆڵینەوە سەر پێییەمان بۆ ئەوەبوو تا بۆمان روون ببیتەوە ئایا راستە کە دەگوترێ: لەقورئانا دووپاتکردنەوە هەیە؟

ووریا و هێمن: خوا پاداشتی خێرت بداتەوە، بەراستی باش لەوەحاڵی بووین کە قورئان بەواتای دوو پاتکردنەوە، دووپاتکردنەوەی تیا نییە، تەنیا ئەوەیە قورئان لەچەند تابلۆیەکدا چەند دیمەنێکمان پیشان دەدات، و هەر دیمەنێکیشی لەوانی تری جیاوازە، و بۆ ئەوەیە تا وێنەکە تەواو ببێ، و بەتەواوی بزانرێ..

هیوا: منیش سوپاسی بێ پایانی خوا دەکەم کە یارمەتیدام ئەو خزمەتە بە ئێوە بکەم.. پێم باشە لەم ماوەیەدا ئەگەر بۆتان بلوێ سەیرانێك بکەین، ئێوە پێتان چۆنە؟

ووریا: منیش پێم خۆشە، وئامادەم..

هێمن: ئەگەر باوکم کاری نەبێ و رێم بدات، منیش بەو پێشنیازە خۆشحاڵم..

هیوا: برایان! ئەمڕۆ یەك شەممەیە، بەپشتیوانی خوا پێنچ شەممە دەڕۆین..كاك هێمن! تۆیش ئەمشەو لەباوكت بپرسە، و ئەگەر پێی باش بوو سبەی ئاگادارم بكەوە..

هێمن: ئینشائەڵلاَ ئاگادارت دەكەمەوە..

بەو جۆرە دانیشتنی ئەو رۆژەیان كۆتایی هات وخوا حافیزییان لەیەكتر كرد..

# # #

**( 11)**

# بەشی دووەم

## ئایا قورئان

## ئەنجامی بییرکردنەوەیە؟:

دەماودەمی نیوەڕۆ لەبن سیبەری شۆرەبییەکاندا، و لەقەراخ رووبارەکەوە دانیشتبوون، هاژەی ئاو و جریوەی چۆلەکە، و گەشتی پەپولە، و لەنجەی درەختەکان، وکەرویشکەی گوڵە گەنمەکانی ئەوبەرەوە، دیمەنێکی سەرنج راکێشیان دروست کردبوو، زیاتر گەورەیی و توانا ودەسەلأتی خوا لەم دیمەنەدا بەدی دەکرا، ئەمانیش لەم جێگا خۆشەدا گوێیان بۆ ئاوازە ناوازەکەی مەنشاوی شل کردبوو، کە گەیشتە ئەم ئایەتە: " وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا، فَأْتُواْ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ، وَادْعُواْ شُهَدَاءكُم مِّن دُونِ اللّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ، فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ وَلَن تَفْعَلُواْ، فَاتَّقُواْ النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ"[(96)]. چەند جارێك دووپاتی کردەوە، وریا بەهێواشی تەسجیلەکەی کوژاندەوە، و رووی کردە هیواو گوتی: لەیادتە هێشتا لەشەقلاَوە بوویت، کاك هێمن پرسیارێکی منی بۆ ناردیت، تۆیش لەوەلاَمدا نووسیبووت: باخۆم بێمەوە، ئەوسا خۆم لەو بارەوە بە درێژی بۆتان باس دەکەم، لە بیرتە؟

**(96) سورة البقرة/23,24.**

هیوا: شتێكم بیردێتەوە بەلاَم نەك بەتەواوی.. ئەوە پرسیارەكە چۆن بوو؟

هێمن: پرسیارەكە ئاوها بوو: هەندێك لە ناحەزانی ئیسلام دەڵێن: لەئەنجامی بییركردنەوەی زۆرەوە موحەممەد ئەم قورئانەی داناوە!!

هیوا: ئێستا دەتانەوێ لەوبارەوە بۆتان باس بكەم؟

وریاو هێمن: ئەرێ وەڵلا.. ئەگەر زەحمەت نەبێ..

هیوا: برایان! ئەم پرسیارە وەلاَمێكی دوورو درێژی دەوێ، و بەلاَم بەپێی توانای خۆم چەندم توانی لێرە بۆتان باس دەكەم..

وریا وهێمن: خوا پاداشتت بداتەوە..

هیوا: برایان! بەمتمانەی تەواوەوە من دەڵێم: قورئان بەهۆی بییركردنەوەی پێغەممەرەوە صلی الله علیه وسلم دا نەنراوە، لەبەر چەند هۆیەك:

**یەكەم:** لەنێوان فەرموودەكانی پێەممەر صلی الله علیه وسلم و لەنێوان فەرموودەكانی قورئاندا جیاوازییەكی فراوان هەیە، چ لەبارەی رەوانبێژییەوە، چ لەبارەی كەسایەتییەوە، چ لەبارەی ددان پیانانی خۆیەوە، چ لە بارەی (تحدا)وە..واتە: داواكردن لەوانەی باوەڕیان نییە كە قورئان فەرموودەی خودابێت، ئەوە عەرز و ئەوەش گەز، ئەگەر ئازاو لێهاتوون، فەرموون وێنەی قورئان دابنێن.. ئەمە پێی دەگوترێ مەیدان داری، ئەم مەیدان دارییە لە فەرموودەكانی پێغەممەردا صلی الله علیه وسلم نییە..

**دووەم:** پێغەممەر صلی الله علیه وسلم نەخوێندەواربووە، لەناو قورئاندا یاسا و دەستوور هەیە، كەبە شایەتی ناحەزان نەك دۆستان لەلووتكەدایە، لەقورئاندا كۆمەڵێ ئایەت هەن كە لەتەك تازەترین یاسای زانیاریدا پڕبە پڕ و دەقاو دەقن.. كۆمەڵێ هەواڵی داهاتووی تێدایە- داهاتووی نزیك و دوور- كە كتومت هاتوونەتە دی، ئایەتی هەڕەشەی تێدایە لەبارەی كەسانێكەوە ئەوانە بەكافری مردوون، كەسانێكی تریش هەبوون كە

گەورەترین دوژمنایەتیان کردووە کەچی ئایەتی هەرەشە لەبارەیانەوە نەهاتووە، و پاشان دەرکەوتووە کە ئەوانە موسوڵمان بوون..

**سێیەم:** بەڵێنی تێدایە بۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە خوا دەیپارێزێ.. و هەروایش بوو.. بەڵێنی تێدایە بەپاراستنی قورئان و هەروایش بووە.. بەدرێژایی ئەم هەزارو چوار سەد ساڵە..

جا بۆ وەلاَمی پرسیارەکەتان پێویستە ئەم سێ خاڵەتان بەخۆیان و لقەکانیەوە بەدرێژی بۆ باس بکەم تا دڵ و دەروونتان - ئینشا ئەڵلا - گەردیلەیەك گومانی تیا نەمێنێ..

وریا و هێمن: زۆر سوپاس، بەراستی هەر لەتوانای خوادایە پاداشتی ئەم چاکانەی تۆ بداتەوە..

هیوا: برایان پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم فەرموودەی خۆی هەیە کە بە (حەدیس) ناو دەبرێت، و لەنێوان قورئان و ئەوفەرموودانەدا جیاوازییەکی زۆر لەبارەی شێواز و دارشتنیەوە هەیە..

خۆ ئەگەر سەرێك لەو کتێبانە بدەین کە فەرموودەکانی پێغەمبەریان صلی الله علیه وسلم تیا کۆ کراوەتەوە، ولە گەڵ قورئاندا بەراوردیان بکەین، بەئاشکرا جیاوازیەکی گەورە لەنێوانیاندا بەدی دەکەین، لەبارەی بابەت و دەربرینەوە..

لەخوێندنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم خوێنەر هەست بەوە دەکات لەبەرامبەر کەسایەتییەکی ئادەمییەوەیە، بەلاَم لە خوێندنەوەی قورئاندا هەست بەکەسایەتییەکی وا ناکرێ، بەڵکو هەست بەوە دەکات کە لەبەرامبەر زاتێکی گەورەی بەدەستەلاَتەوەیە، زاتێکی بەتواناو خاوەن بەزەیی، زاتێکی دادگەر و دوور لەستەم.. دلۆڤانی دوور لەلاوازی.. برایان! ئەگەر قورئانیش دانراوی موحەممەد صلی الله علیه وسلم بوایە قورئان و فەرموودە شێوازێکیان دەبوو.

خۆ ئەوانەی دەستێکی بالاَیان لە وێژەدا هەیە، وسوارچاکی گۆڕەپانی ڕەوانبێژین، و زانای زمانەوانین، دەزانن کە زۆر ئەستەمە، کەسێك هەبێت بەدووشێوەی جیاوازی بنەڕەتی، دەربڕین و گوتاری هەبێت، لەهەمان کاتدا پێغەممەر صلى الله عليه وسلم خۆی ددانی بەوەدا ناوە، کە: قورئان دانراوی ئەو نییە، و دانراوی خودایە، ئینجا دەبێت بپرسین: بۆچ دەبێت موحەممەد صلى الله عليه وسلم ئەم قورئانە دابنێت و بڵێت: من دام نەناوە؟!

خۆ گەورەیی وڕێز و هونەری ئەو بەهێزتر دەبوو، ئەگەر ئەو بیتوانیایە کارێکی وا ئەنجام بدات، کە: هەرچی ئادەمیزادە لە ئەنجامدانی ئەوکارە زەبوون و دەستەپاچەبن!! کارێکی وا کە لەئاستی توانای مرۆڤدا نەبێت، پلەوپایەی ئەو بەرز دەکاتەوە.. ئینجا چ بەرژەوەندییەکی بۆ ئەوتێدایە؟ کە بڵێت: ئەو هونەرە ناوازەیە هی کەسێکی ترەو هی خۆم نییە؟!

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەتوانێت بڵێت: دانراوی خۆمەو زادەی بیرو مێشکی خۆمە، خۆ ئەگەر بیگوتایە هی خۆمە هیچ کەسێك بەرەنگاری نەدەکرد، ونەی دەگوت: هی من بووە و تۆ بردووتە!!

هێمن: کاك هیوا! ئێمە بیستوومانە نووسەر و ئەدیبی وا ڕێ دەکەوێت کە سەرو گوێلاکی پارچەیەکی هونەری ئەدیبێك بشکێنێت و بیکاتە هی خۆی، بەلاَم نەمان بیستووە هیچ کەسێك شاکاری ئەدەبێ، یا هونەری ناوازەی خۆی بکات بەهی خەڵکی و بڵێت: ئەمە هی من نییەو هی فلاَن ئەدیبە!!

وریا: لەوانەیە ناحەزان بڵێن: بۆیە پێغەممەر صلى الله عليه وسلم گوتوویەتی: لەلایەن خواوە بەوەحی بۆم هاتووە، تا زیاتر خەلك مل کەچی ببن، و گوێ ڕایەڵ بن بۆی، چونکە ئەگەر بڵێت: ئەم قورئانەم بەوەحی بۆ هاتووە، ئەو قورئانە ڕێز و گەورەییەکی بۆ دادەنرێت، بەلاَم ئەگەر بیگوتایە: دانراوی خۆمە، ئەو ڕێز و گەورەیی و پیرۆزییەی لەلای خەڵکی نەدەبوو..

## ڕێزی قورئان و فەرمووده:

هیوا: کاك وریا! ئەم قسەیە واقیع بەتوندی پەرچی دەداتەوە و پیشانی دەدات کە ناتوانێ لەسەرپێ بوەستێ، دەزانی بۆچ؟

وریا: بۆچ؟

هیوا: چونکە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم قسەی تایبەتی خۆی هەیە، کە بەفەرمووده (حەدیس) ناودەبرێت، و ئەم فەرموودانەش لەرێزو گەورەییدا هیچیان لەقورئان کەمتر نییە، بەڵکو لای موسوڵمانان ئەوانەی باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم هەیە ئەو فەرمودانە بەقەد قورئان پیرۆز و گەورە و بەڕێزن، و چەند گوێ رایەڵ و فەرمانبەرداری قورئانن ئەوەندەش گوێ رایەڵی فەرموودەکانن..

وریا: بەراستی قسەیەکی جوان وبەجێیە.. ئەگەر وانەبوایە دەبوو فەرمودەکانی خۆیشی بکردایەتە فەرموودەی خودا و بەقورئان دای بنایە..

هێمن: کاك هیوا! زەحمەت نەبێ واتای ئەو ئایەتەمان بۆ ناکەیت کە مامۆستا مەنشاوی دووپاتی کردەوە؟

هیوا: کام ئایەت؟

هێمن: ئەم ئایەتە: " وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا. .. "

هیوا: برایان! خوا ئەم ئاگاداری نامەیەی بۆ دانیشتوانی سەرزەوی نارد و بێ پەردەو پەنا فەرمووی: ئەگەر ئێوە گومانێکتان لەبارەی ئەم قورئانەوە هەیە، کە بۆبەندەی خومان(موحەممەد) مان ناردووە، ئەگەر راست دەکەن وەرن سوورەتێك وێنەی ئەو قورئانە دابنێن، و جگە لەخوا بانگی هەموو هاوکارەکانی خۆتان – لەشاعیران و رەوانبێژانی نووسەر - بکەن، تا یارمەتیدەرتان بن.

برایان! ئەم قسەیە قسەیەکی بچووك نییە، بەڵکو لەهەموو مێژوودا بێ وێنەو ناوازەیە..

وریا: دەکرێ بپرسین: بۆچ؟

هیوا: وریا گیان! چونکە هیچ نووسەریك بەدرێژایی مێژووی ئادەمیزاد، هێشتا نەیوێراوە پڕبکێشێت، و زاتی ئەوەی نەبوە بڵێت: هیچ نووسەرێك توانای نییە وێنەی ئەم کتێبەی من دابنێت!! هەرچەند ئەو نووسەرە وریا و زاناو بلیمەت و لێهاتوو هەڵکەوتوو بووبێت، چونکە هەرکردەوەیەك لەئادەمیزادەوە رووبدات، دەتوانرێت وێنەی بهێنرێت، جا ئەوکردەوەیە لەهەر بارێکەوە بێت.. بەلاَم کاتێك قسەیەکی وا بکرێت کە: " نووسراوێك هەیە و لەتوانای هیچ مرۆڤێکدا نییە وێنەی دابنێت " و بەدرێژایی مێژوو لەو کاتەوە قورئان دابەزیوە تائەمڕۆ، مرۆڤ لە دانانی وێنەی ئەو کتێبە زەبوون ودەستەپاچە بووبێت، ئالێرەدا واقیع دەیسەلمێنێت کە ئەو گوتراو و نووسراوە دانراوی مرۆڤ نییە، و دانراوی خودایە، و هەرشتێکیش لەچاوگەی دەسەلاَتی خواوە بوو، بەرەنگار کردنی لەتوانادا نییە..

هێمن: بۆچ کاك هیوا! کەس هەبوە بێتە ئەو مەیدانەوە، تاخۆی تاقی بکاتەوە، و بێ دەسەلاَتی وزەبوونی خۆی لەدانانی وینەی ئەو کتێبەدا بۆ دەربکەوێ؟.

هیوا: بەڵێ کاك هێمن، لەلاپەڕەکانی مێژوودا چەندان رووداو تۆمار کراون، وباسی ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە، کە: چەندان زانای پابەرزی رەوانبێژ لەو گۆڕەپانەدا خۆیان تاقی کردۆتەوە.. بۆ نموونە:

**لەبیدی کوڕی رەبیعە** کە لە نیوەدورگەی عەرەبیدا بە دەمتەڕ و رەوانبێژ و قسەزان بەناو بانگ بووە، و یەکێك بووە لە ناودارو کەڵەشاعیرەکان، کاتێ بیستی قورئانەکەی موحەممەد صلی الله علیە وسلم داوای مەیدان داری دەکات، بۆ پەرچدانەوە و بەدرۆ خستنەوەی ئەو قسەیە، چەند شیعرێکی بەو پەڕی رەوانبێژییەوە هۆنییەوە، و ملی ئەو رێگایە گرت و بەرەو ئەو مەیدانە کەوتە رێ، وشیعرەکانی بەدیواری کەعبەدا هەڵواسی،

هەڵواسینی شیعر بەدیواری کەعبەدا، تەنیا بۆ کەڵەشاعیرە ناودارەکان بوو..

یەکێك لەموسوڵمانان کە ئەم شیعرانەی لەبیدی بینی، چەند ئایەتێکی لەقورئاندا نووسییەوە، و بە نهێنی لەپەنای شیعرەکانی لەبیدا هەڵی واسی، بۆ رۆژی دوایی کە لەبید بەپەنای کەعبەدا تێپەڕی و چاوی بە ئایەتەکانی قورئان کەوت، لە جوانکاری و رەوانبێژی ئەوئایەتانە سەرسام بوو، بەشێوەیەك خۆی پێ نەگیرا، و هاواری کرد: وەڵلاهی ئەمە قسەی ئادەمیزاد نییە..

ووریا: بەراستی بەویژدان بووە! ئەی موسوڵمان نەبوو؟

هیوا: بەڵێ، لەساڵی نۆیەمی کۆچیدا بەئاشکرا موسوڵمان بوو. و لەئەنجامی ئەم کارلێکردنەی قورئاندا وازیشی لەشیعر گوتن هێنا.. جارێکیان عومەری کوری خەتتاب خوا لێی رازی بێت پێی دەڵێت: ئەبو عوقەیل هەندێ لەشیعرەکانی خۆتم بۆ بخوێنەرەوە، ئەویش سوورەتی (البقرة)ی بۆ خوێندەوە، و گوتی: من کە خوا فێری سورەتی بەقەرە و ئالی عیمرانی کردووم ئیتر چۆن شیعر دەڵێم؟

## ئیبنو موقەففەع:

رۆژهەلاَتناس (ولستن)لە لەلاپەڕە (143)ی کتێبەکەی خۆیدا باسی رووداوێکی سەیر دەکات، کە ئەمەش پاڵتفەکەیەتی و دەڵێت: " پشت قایمبوونی موحەممەد بە ئیعجازی قورئان، لەسەرهەوانتە و بناغەیەکی بۆشەوە نەبووە، رووداوێك کەلەپاش سەد ساڵ تێپەڕبوون بەسەر بانگەوازی موحەممەدا روویداوە، ئەو حەقیقەتە دەردەخات، رووداوەکەش هەروەك رۆژهەلاَتناسەکە باسی دەکات بەم جۆرەیە:

کۆمەڵێك لە موسقۆف و بێ بڕواکان زۆر بەوە زیز دەبن، کە: قورئان ئەو شوێنەوارە گەورەی لەناو دڵ ودەروونی بەشێکی زۆری خەڵکیدا هەیە! بۆیە بڕیار دەدەن بڕۆنە گۆڕەپانی دژایەتی قورئانەوە، تا وێنەی

قورئان دابنێن، و ئەوشوێنەوارە گەورەی لەدەروونی خەڵکیدا نەهێڵن، بۆ ئەوەی بەرنامەکەیان رێکخراو وپتەو بێت، بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیان بە (عەبدوڵلای کوڕی موقەففەع)ەوە کرد، عەبدوڵلا نووسەرێکی زیرەك و ئەدیبێکی بلیمەت بوو، بڕوای تەواویان بەلێهاتوویی هەبوو، ئەویش رووی پیشان دا، و ئامادەیی تەواوی خۆی بۆ ئەوکارە راگەیاند..

لەهەمان کاتدا پێی گوتن: ئەم کارە، ساڵە وەقتێکی تەواوی دەوێت، بەو مەرجە هەرچیی پێویست بێت ئەوان بۆی ئامادە بکەن، و خەرجیشی بکێشن.. ئەوانیش قایل دەبن و بڕیاری لەسەر دەدەن..

شەش مانگ بەسەر رێکەوتنەکەیاندا تێدەپەڕێت، ئەوانیش دێنەوە بۆلای هاوڕێی ئەدەیب و نووسەریان، تا بزانن لەبەرامبەر ئەم مەیدان دارییەی قورئانەوە، چی ئەنجام داوە؟

کاتێ دەڕۆنە ژووری نووسەر و زانای رەوانبێژەوە، دەبینن مات و خەمبار دانیشتووە، و لەبیرکردنەوەدا رۆچووە، و قەڵەمەکەی هەر بەدەستەوەیە، و کاغەزێکی زۆریش لەناو ژوورەکەدا  بە نووسراوی دڕاوە، و  پەرت و بلاَو بووەتەوە..

هاوڕێکانی بەسەر سوڕمانەوە پرسیاری لێ دەکەن: هاوڕێ! چیت کردووە بەچی؟

بە روو زەردییەکەوە ولاَمیان دەداتەوە، و دەڵێت:هاوڕێیان! لەماوەی ئەم شەش مانگەدا هەر رستەیەك یاهەردێڕێکم نووسیبێت، لەتەك قورئاندا بەراوردم پێکردوون، تەماشام کردووە نووسراوەکەی من لەبەرامبەر قورئانەوە، وەك نووسراوی منداڵێکی نەزانە، لەبەرامبەر نووسراوی شاکاری ئەدیبێکی ناوازەی رەوانبێژەوە!! لەم ماوە دوور و درێژەدا کۆڵم نەدا، بەو هیوایەی بتوانم سەرکەوتووبم و بە ئامانجی خۆمان بگەین.. بەلاَم ئەوە ئەنجامەکەیەتی کە خۆتان دەیبینن!! خەرمانێك کاغەزی نووسراوی شڕو هوڕکراو.. "

وریا: بەراستی کاك هیوا! ئەم نموونەیە لەنموونەکەی پێشوو سەیرو سەر سوورهێنەر تربوو!! ئایا پاش ئەم رووداوە ئەو ئەدیبە بەویژدانە هەر بە دوودڵی مایەوە؟

هیوا: کاك وریا ئەم کارەی ئیبنو موقەففەع بووە خێرێکی گەورە بۆی، چونکە بووە هۆی دامەزراوی و پتەوبوونی باوەڕەکەی، وتەواو دڵنیابوو کەئەم قورئانە دانراوی مرۆڤ نییە، بۆیە لەریزی گومانداراندا هاتە دەر، و دڵ و دەروونی بەتەواوی رووناك بوویەوە..

هێمن: بەراستی واتایەکی گرنگی هەیە.. من نەمزانیوە ئاوا هەوڵێك بۆ بەدرۆ خستنەوەی ئەو ئایەتەی قورئان دراوە..

هیوا: بەڵێ، کاك هێمن! هەوڵی زۆر زیاتر دراوە، بەلاَم ئەنجامی هەموو ئەو هەولاَنە زەحمەتێکی زۆر و رەنجێکی بێ بەربووە..

وریا: ئێستا تێگەیشتم، کەبۆچ مامۆستا ئەوەند لەخوێندنەوەکەیدا ئەو ئایەتەی دووپات دەکردەوە؟؟!!.

هێمن و وریا: خوا پاداشتت بداتەوە کاك هیوا..

هیوا: برایان! خوا پاداشتی ئێوەش بداتەوە، ئەگەر توانیتان لە کتێبخانەی گشتی کتێبی (الاسلام یتحدی ) بخوێننەوە، ئەو باسەی بەدرێژی تێدا باسکراوە..

پاش ئەو سەیرانە زانیارییە، لە دەماودەمی ئێوارەدا خۆیان کۆکردەوە، و بەکۆڵێك دڵخۆشییەوە بەرەو ناوشار گەڕانەوە،و بڕیاریان دا پاش دوو رۆژی تر لە ئێوارەی سێ هەمدا سەری لێ بدەنەوە.

# # #

## (12)

## نەخوێندەواری پێغەمەر:

قوتابیانی تینووی راستەقینە، ئێوارەی رۆژی شەممە، لەسەر بڕیاری پێشووی خۆیان، لەتەك مامۆستای دڵسۆز و هیوای داهاتوویاندا گرد بوونەوە، و بەم جۆرە کەوتنە گفت و گۆ:

هیوا: برایان! ئەگەر لەبیرتان بێت گوتمان: قورئان بەرهەمی بییر کردنەوەی پێغەمەر صلى الله عليه وسلم نەبووە، و لەوبارەوە چەندان نموونەو بەڵگەمان بۆسەلماندنی ئەوراستیە هێنایەوە، ئەمڕۆش خوا پشتیوان بێت بۆ ئەومەبەستە چەند نموونەیەکی تر دێنینەوە..

برایان! پێغەمەرصلى الله عليه وسلم نەخوێندەوار بووە، و قورئانیش لە سوورەتی ئەلعەنکەبووتدا دەفەرموێ: " وَمَا كُنتَ تَتْلُو مِن قَبْلِهِ مِن كِتَابٍ وَلا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذًا لارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ" (97).

واتە: لەپێش قورئاندا هیچ کتێبێکت نەخوێندۆتەوە، و نووسینت نەزانیوە، و بەدەست هیچت نەنووسیوە، ئەگەر خوێندنەوە و نووسینت بزانیبایە، نەفام و بەتاڵ پەرستان دەکەوتنە گۆمانەوە، و دەیانگوت: ئەمە خۆی دایناوە..

---

**(97) سورة العنكبوت/48.**

لەسوورەتی ئەل ئەعرافیشدا دەفەرمویَ:" فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ " (98).

واتە: ئێوەش باوەڕ بەخودا بێنن، و بەو پێغەمبەرەشی کە نێرراوێکی نەخوێندەوارە، ئەو پێغەمبەرەی کەخۆی باوەڕی بە خواو فەرمایش و قورئانەکەی هەیە.. ئێوەش شوێنی بکەون، بەڵکو هیدایەت وەربگرن و شارەزای ڕێی ڕزگاری ببن..

لەلایەن دۆست ودوژمنەوە نەخوێندەواری پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سەلمێنراوە، چونکە ئەوانەی کە دوژمنی سەرسەختی بوون لە یەکێکیان نەبیسترا بڵێت: خۆ تۆ خوێندەواوری و ئەم قورئانە خۆت دات ناوە!! چونکە پێگەیشتن و گەورەبوونی لەناو خۆیاندا بوو، باش دەیان ناسی، و دەیانزانی کە نەخوێدەوارە، جا ئەم پێغەمبەرە نەخوێندەوارە صلى الله عليه وسلم چۆن توانی قورئانێك دابنێت، کە چەندەها یاسا و دەستووری ڕێك وپێکی تێدایە، و دۆست و ناحەز دانیان بەم ڕاستییەدا ناوە، بۆ نموونە: لە ساڵی 1938دا لەشاری لاهای کۆنگرەی بەراوردکردنی یاساکانی نێو دەوڵەتی گیرا، و یاسا ناسانی جیهان لەوکۆنگرەیەدا بڕیاریان دا، کە: شەریعەتی ئیسلامی دادەنرێ بەسەرچاوەیەك لەسەر چاوە گشتییەکانی یاسادانانی گشتی، و ئەو شەریعەتە شتێکی گونجاو وشیاوی گەشە کردنە، و لەسەرچاوەیکی تریشەوە وەرنەگیراوە..

هەروەها لەساڵی 1948دا کۆنگرەی پارێزەرانی نێودەوڵەتی لەلاهای گیرا،و لەوکۆنگرەیەدا دان بە بەرزی وگەورەیی ئەو شەریعەتەدا نرا. (99).

برایان! من دەپرسم: ئایا ئینسانێکی نەخوێندەوار، دەتوانێ ئاوەها یاسایەك دابنێت؟ کە لەبارەی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەلاَیەتییەوە، هیچ کەم وکووڕییەکی نەبێت؟

---

**(98) سورة الأعراف/158.**
**(99) المدخل لدراسة الشريعة الاسلامية.**

وریا و هێمن: نەوەڵلا.. چونکە شتی وا پێویستی بەسەرچاوەی زۆر و کتێبخانەی گەورە هەیە..

## ئەوانەی لەبارەیانەوە ئایەتی هەڕەشە هاتووە:

نموونەیکی تر.. هیوا: برایان ئەگەر سەرنجێك لەمێژووی ئیسلام بدەین دەبینین، ئەوانەی کە ئالأی دوژمنایەتییان هەڵگرتووە، و هەمیشە هەوڵیان بۆ لەناوبردنی پێغەمەر صلی الله علیه وسلم، وئیسلام و موسوڵمانان داوە، هەندێکیان هیچ ئایەتێکی هەڕەشە لەبارەیانەوە نەهاتووە!!

هێمن: وەك کێ؟

هیوا: وەك ئەبو سوفیان، و خێزانەکەی، و خالیدی کوڕی وەلید، و وەحشی..

بەلأم ئایەتی هەڕەشە لەبارەی هەندێکی تریانەوە هاتووە، وەك ئەبولەهەب، و خێزانەکەی، و عوقبەی کوڕی ئەبی موعیت، و نەزری کوڕی حاریس، و وەلیدی کوڕی موغیرە، و... هتد

ووریا: باشە کاك هیوا! ئەوانەی پێشوو بۆچ هیچ ئایەتێکی هەڕەشە لەبارەیانەوە نەهاتووە، و ئەمانەی تر هەڕەشە لەبارەیانەوە هاتووە ؟

هیوا: باپێکەوە لاپەڕەکانی مێژووی ژیانی هەردوو تاقمەکە هەڵبدەینەوە، و نامەی کردەوەکانیان ببینین، ئەو کاتە بەباشی بۆمان روون دەبێتەوە، و تۆیش وەلأمی پرسیارەکەت وەردەگریتەوە..

### یەکەم: ئەبولەهەب و ژنەکەی:

ئەوەمان لەیاد نەچێ کە ئەبولەهەب مامی پێغەمەر صلی الله علیه وسلم بووە، و ناوی(عەبدول عوززا)و کوڕی (عەبدولموتەللیب)ە. خێزانەکەشی ناوی (ئەڕوا) کچی (حەرب)ە، کاتێ خوا فەرمانی بە پێغەمەر صلی الله علیه وسلم کرد، خزم وکەس وهۆزەکەی بۆ باوەڕ

کردن بە ئاینی ئیسلام بانگ بکات، بۆ بەجێهێنانی ئەم فەرمانە خواییە، رۆیشتە سەر تەپۆڵکەی (سەفا)ی نزیك شاری(مەککە)، و لەوێوە بەدەنگی بەرز، بانگی هەموو هۆزو تیرەکانی قورەیشی کرد، وئەوانیش هاتن، و بەدەوریدا کۆبوونەوە، و پێغەمەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: ئەگەر بڵێم: لەشکرێك لەپشت ئەو شاخەوە خۆی حەشارداوە، و دەیەوێ لە شەودا بدات بەسەرتاندا، ئایا بڕوام پێ دەکەن؟!

گوتیان: بەڵێ .. چونکە تائێستا هیچ درۆیەکت لێ نەبیستراوە..

فەرمووی: پێتان رادەگەیەنم کە من پێغەمەری خودام، و خوای تاك و تەنیا بپەرستن، و وازلەبت پەرستی بێنن، تا تووشی سزای سەختی دۆزەخ نەبن..

ئالەویادا ئەبو لەهەب هەستایە سەرپێ، وگوتی: هەی لەناوچیت، ئێمەت بۆ ئەوە کۆکردەوە؟

پێغەمەر صلی الله علیه وسلم زۆر دڵی تەنگ بوو، خوا لەجیاتی پێغەمەر صلی الله علیه وسلم وەڵامی دایەوە، و لەسوورەی (مەسەد) دا هەڕەشەی لە ئەبولەهەب وخێزانەکەی کرد کرد، و فەرمووی:

" تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ، مَا أَغْنَى عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ، سَيَصْلَى نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ، وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ ، فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ . " [(100)].

واتە: دەستەکانی ئەبولەهەب بشکێت، و رسوابێت، بێگومان رسوادەبێت، و لەناویش دەچێت. و ماڵ و سامانی فریای ناکەوێت، خۆی و ژنە کۆڵەدار هەڵگرەکەی – کە هەمیشە گوریسێکی لەپووشی خورما چنراو لەگەردنیدایە - لەناو ئاگرێکی بڵێسەداردا سوور دەکرێنەوە.

**(100) سورة المسد/1- 5.**

بەڵێ، خێزانەکەی ئەبو لەهەب ملوانکەی گەردنی فرۆشت تا ئاگری فیتنەی پێ هەڵایسێنێت، کەچی خۆی ومێردەکەی کەوتنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، و هەردووکیان بەکافری مردن..

## دووەم: نەزری کوری حاریس:

باواز لە ئەبو لەهەب وخێزانەکەی بێنین، بەرهەمی تاوانی خۆیان بخۆن، و سەرێك لە نەزری کوری حاریس (نضر بن حارث) بدەین.. ئەم پیاوە خۆی بۆ دوژمنایەتی ئیسلام و موسوڵمانان تەرخان کردبوو، چی لەتوانادا هەبوو بەکاری هێنا بۆ دوژمنایەتی پێغەمەرصلى الله عليه وسلم و لەناوبردنی موسڵمانان و ئاینی پیرۆزی ئیسلام..

دەرۆیشت کتێبی شانامە، و باسی شەرو شۆری ساسانییەکانی دەکڕی، و بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە، و دەیگوت: موحەممەد باسی عادو سەموودتان بۆ دەگێڕێتەوە، وەرن منیش باسی پاشاکانی ئێرانتان بۆدەگێڕمەوە. ئەم هەوڵەی بۆ ئەوەبوو، تاخەڵکی لەقورئان دوور بخاتەوە، وگوێی بۆ نەگرن، و دڵیان بە تیشکی قورئان ڕووناك نەبێتەوە.. بەوبۆنەوە ئەم ئایەتانە دابەزین:

" وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًا أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ، وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِ آيَاتُنَا وَلَّى مُسْتَكْبِراً كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا كَأَنَّ فِي أُذُنَيْهِ وَقْرًا فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ. " [(101)].

واتە: لەناوخەڵکیدا کەسی واهەیە گاڵتە بەقورئان دەکات، وقسەی هیچ وپووچ دەکڕێ تاخەڵکی لە ڕێی ڕاستی ئیسلام پێ لابدات، وچەواشەیان بکات، ئەوانە سزایەکی ڕسواکەریان بۆ هەیە، کاتێ ئایەتەکانی ئێمەی بەسەرا دەخوێنیتەوە بەفیزێکەوە پشت هەڵ دەکات، وەك ئەوە کە گوێی لێ نەبێت، و گوێی گران بێت، تۆیش مژدەی سزایەکی بەسوێی پێ بدە..

---

**(101) سورة لقمان/ 6 و7.**

ووریا: کاك هیوا! ئەم پیاوەی کە ئەم ئایەتانە لەبارەیەوە دابەزین، بەکافری مرد؟

هیوا: بەڵێ کاك ووریا! ئەم زەلامەش کە قورئان مزگێنی سزایەکی بەسوێی پێدا، بەکافری گیانی دەرچوو..

**سێ هەم: عوقبەی کوڕی ئەبی موعیت**:

یەکێکی تر لەدوژمنە سەرسەختەکانی ئیسلام عوقبەی کوڕی ئەبی موعیت بوو، ئەم پیاوە یەکێك بوو لە ناوداران و گەورە پیاوانی قورەیش، دەعوەتێکی لەماڵ خۆیدا بۆ سەرانی قوڕەیش سازکرد، و بۆ نانخواردن بانگی کردن، و پێغەمەریشی صلی الله علیه وسلم دەعوەت کرد..کاتێك نانیان لەبەردەم میوانەکان دانا، پێغەمەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: تا باوەڕ بە تەنیایی خوا و پێغەمەریتی موحەممەد نەهێنی من لەم نانە ناخۆم، عوقبە شایەتمانی هێنا، و پێغەمەرصلی الله علیه وسلم نانەکەی لەتەکا خواردن، عوقبە هاوڕێیەکی بەناوی ( ئوبەییەی کوڕی خەلەف) هەبوو، کە لەونان خواردنەدا بەشدار نەبوو، کاتێ بیستی عوقبەی هاوەڵی موسوڵمان بووە، زۆر تووڕەبوو، سوێندی بەلات ومەنات دەخوارد تاعوقبە ئازاری پێغەمەرصلی الله علیه وسلم نەدات و لەئیسلام پاشگەز نەبێتەوە چاوی بەنێو چاوی نەکەوێت، ونەڕواتە ماڵیەوە..

عوقبەش بۆ رازیکردنی دڵی ئەم هاوەڵەی ئازاری پێغەمەر صلی الله علیه وسلم ی دا و لەئیسلام پاشگەز بووەوە.. و ئەم ئایەتانە لەبارەیەوە دابەزین: " وَ يَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ: يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلاً، يَاوَيْلَتَى! لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلاَنًا خَلِيلاً، لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءنِي، وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلإِنسَانِ خَذُولاً " [(102)].

واتە: رۆژێك دێت کە ستەمکار قەپ بەهەردوو دەستی خۆیدا دەکات، ولە پەشیمانیدا گەز لەهەردوو دەستی خۆی دەگرێت، ودەڵێت: بریا لەتەك

---

**(102) سورة الفرقان/27-29.**

پێغەممەردا رێی باوەڕم بگرتایەتە بەر! خۆزگا فلاَن کەسم نەکردایەتە هاوەڵ و دۆستی خۆم! بەراستی لەیادی خوا چەواشەی کردم، و پاش ئەوەی راسپاردەی خودام پێگەیەنرا سەرگەردانی کردم، بێگومان شەیتان هەمیشە هۆی خەجاڵەتبوون و شەرمەزاری مرۆڤ بووە..

ئەمەش لەشەڕدا کوژرا، و بەکافری مرد، و لە پاشە رۆژیشدا بەوجۆرە پەشیمان دەبێتەوە، بەلاَم پەشیمانی لەو رۆژەدا بێسوودە..

## چوارەم: وەلیدی کوڕی موغیرە:

یەکێکی تر لەوانەی ئایەتی هەڕەشە لەبارەیانەوە هاتووە (وەلید ی کوڕی موغیرە) بووە، ئەمەش دوژمنێکی سەر سەختی ئیسلام بوو، جارێکیان پێغەممەر صلى الله علیه وسلم هەندێ قورئانی بۆ خوێندەوە، و قورئانەکە لە دەروونیدا کاریگەر بوو، تام و لەزەتێکی لێ چەشت، بۆیە خۆی پێ نەگیراو رۆیشتە ناو کۆڕی گەورە پیاوانی قوڕەیشەوە، و بەئاشکرا رای خۆی لەبارەی قورئانەوە دەربڕی، و لەوبارەوە سەر سوڕمانی خۆی نیشان دا، و پێی گوتن: ئەوقسانەی قورئان دارێژراوی مرۆڤ نین!!

ئەبوجەهل سەرنجی دا وا یەکێك لەگەورە پیاوانی قورەیش خەریکە موسوڵمان دەبێت، بە هەڵەداوان خۆی گەیاندێ و گوتی: مام وەلید! دەزانی هۆزی قوڕەیش لەبارەی تۆوە چ دەڵێن؟

گوتی: نەخێر!

گوتی: دەڵێن: ئەوە بۆیە وەلید موسوڵمان بووە تا لای موحەممەد و ئەبووبەکر سکی خۆی تێر بکات، چونکە چاو چنۆکەو دڵی نایەت لەماڵی خۆی بخوات!!

ئەم قسانەی ئەبوجەهل زۆر لە وەلیدا کاریگەر بوو، لەراستیشدا ئەبو جەهل لەژێی هەستیاری دا، چونکە زۆر کەمن ئەوانەی لەبەر تانەو توانجی خەڵکیدا بتوانن خۆ گربن!! وەلید خۆی پێ نەگیرا و لەترسی

سەرزەنشتی خەڵکی پەشیمان بوویەوە.. بۆ ئەوەی قورەیش رازی بکات گوتی: بابە! قورئان جادووە.. ئەم ئایەتانەش لەبارەی ئەوەوە دابەزین:

" ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا، وَجَعَلْتُ لَهُ مَالاً مَّمْدُودًا، وَبَنِينَ شُهُودًا، وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيدًا، ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ، كَلاَّ إِنَّهُ كَانَ لآيَاتِنَا عَنِيدًا، سَأُرْهِقُهُ صَعُودًا، إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَ، فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ، ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ، ثُمَّ نَظَرَ، ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ، ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ، فَقَالَ إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ يُؤْثَرُ، إِنْ هَذَا إِلاَّ قَوْلُ الْبَشَرِ، سَأُصْلِيهِ سَقَرَ، وَمَا أَدْرَاكَ مَا سَقَرُ، لاَ تُبْقِي وَلا تَذَرُ، لَوَّاحَةٌ لِّلْبَشَرِ، عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ "(103).

واتە: وازم لێ بێنە بۆ ئەوەی کە بەتەنیایی دروستم کردووە، ومالْ و سامانێکی زۆرم پێداوە، وچەندان کوڕ ونەوەش کەئێستا لەنزیکیا ئامادەن، و لەهەموو نازونیعمەتێك بەهرەوەرم کرد، کەچی ئەوەند بەتەماحە چاوی بڕیوەتە زیاتر، و دەیەوێ بۆی زیاد بکەم، نەخێر ئەوە بەهیچ شتێك تێر ناخوات، و بەرامبەر بە نیشانەکانمان سەرکەش وسەر سەختە، بەهۆی راونان بەکیوەکانی دۆزەخدا هیلاك و ماندووی دەکەم، ئەو بیری کردەوە، وپەیامەکەی هەڵسەنگاند، دەك لەناوبچێت بۆخۆی و هەڵ سەنگاندنی، ئەوە چ هەڵ سەنگاندنێك بوو!! پاشان هەر بەکوشت بچێت بۆ خۆی و هەڵ سەنگاندنێك کە کردی، ئینجا سەیری کرد، پاشان رووی خۆی مۆن و ناوچاوی گرژکرد، دواتر پشتی هەڵکرد وخۆی لێ بایی بوو، و گوتی: ئەم قورئانە) هیچی ترنییە جگە لەجادوویەکی کاریگەر، ئەمە هەر قسەی خەڵکییە، (بەسەریەوە ناچێت)دەبێ بەئاگری سەقەر بیبرژێنم، و تۆیش نازانیت سەقەر چییە؟ هیچ شتێك لەلاشەیان ناهێڵێتەوە کە نەی سووتێنێت، و هیچ ئەندامێکیش بێ سزاو ئازار بەجی ناهێڵێت، پێستیان هەڵ دەقرچێنێت، نۆزدە فریشتەی ئاگرەوان سەرپەرشتی دەکەن..

بەڵێ وەلیدیش کوژرا و بەکافری مرد.. خواش بەڵێنی داوە بەئاگری بەسوێی دۆزەخ بیسووتێنێت..

برایان ! ئایا دەزانن ئەمانە بۆچ ئایەتی هەڕەشە لەبارەیانەوە هاتە خوار؟

---

**(103) سورة المدثر/11-30.**

وریا: كاك هیوا! من شتێك بەخەیاڵمدا هات..

هیوا: ئادەی فەرموو.. بزانم..

وریا: حەتمەن خوا زانیویەتی ئەمانە هەرگیز موسوڵمان نابن، و باوەڕ بە پەیامەكەی ناهێنن، و بەكافری دەمرن، بۆیە ئایەتی هەڕەشە لەبارەیانەوە دابەزیوە..

هیوا: سوپاس بۆ خوا باش بۆی چوویت، ناوی خۆت بەزایە نەداوە..

هێمن: بەڕاستی وەلاَمێكی جوان بوو..

هیوا: بەڵێ، ئەمانە ئایەتی هەڕەشە لەبارەیانەوە دابەزی و بەكافری مردن..

## ئەوانەی ئایەتی هەڕەشە لەبارەیانەوە دانەبەزیوە:

### ئەبو سوفیان و ژنەكەی :

بەلاَم ئەبو سوفیان و ژنەكەی زۆر ئازاری پێغەمبەریان دا، و بەوپەڕی سەر سەختییەوە دوژمنایەتی یان لەگەڵ كرد، و بەخۆیان و سامانیانەوە شەڕیان لەگەڵ ئیسلام و پێغەمبەرەكەیدا كرد، و هەموو تیرەو هۆزی عارەبیان بۆ شەڕكردن لەگەڵ پێغەمبەردا هان دا، ئەبو سوفیان پەیوەندی بەهەموو پاشا وماشاكانی ئەوسەردەمەوە كرد، تاهەمو جیهان لە موسوڵمانان بكاتە ئاگر، هەرچی لەتوانایدا هەبوو بەكاری هێنا، كەچی لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵ وتەقەلا و دوژمنایەتی و بەربەرەكانێ كردنەدا، ئایەتێكی هەڕەشە لەبارەیەوە دانەبەزی. بەلاَم ژنەكەی ئەبولەهەب ملوانكەیەكی هەبوو فرۆشتی بۆ ئەوەی لەدژی پێغەمبەر وموسوڵماناندا خەرجی بكات، تا ئیسلام و بەرنامەكەی خوای پێ لەناوببات، ئایەتی هەڕەشە لەبارەیەوە دابەزی، بەلاَم ژنەكەی ئەبو سوفیان مەگەر خوا هەرخۆی بزانێت چەندەی بۆ لەناوبردنی ئاینی ئیسلام خەرج كرد، داخ لەدڵیەتییەكەی گەیشتبوە رادەیەك سكی حەمزەی مامی پێغەمبەری دا

بەدڕین، و جەرگەكەشیان بۆ دەرهێنا، دەمی پێوەنا و بەگاز پچڕی..لەگەڵ ئەم هەموو دوژمنایەتییەدا كەماوەی بیست ویەك ساڵی خایاند ئایەتێكی هەڕەشە لەبارەیەوە نەهاتە خوار!!

هەروەها خالیدی كوڕی وەلید لەغەزای (ئوحود)ا بووبەهۆی شەهید بوونی ژمارەیەكی زۆر لە هاوەڵەكانی پێغەمەر صلی الله علیه وسلم ، لەگەڵ ئەوەدا ئایەتێكی هەڕەشە لەبارەیەوە نەهاتە خوار..

وەحشی ئەوەبوو مامی پێغەمەر صلی الله علیه وسلم ی كوشت و سكی هەڵدڕی، و جەرگی دەرهێنا، و بردی بۆ ژنەكەی ئەبوسوفیان، ئەویش خوێنەكەی خواردەوە، لەگەڵ ئەوەدا ئایەتێكی هەڕەشە لەبارەیەوە نەهاتە خوار!!

هەموو یەك تاوانیان هەبوو، ئەویش دوژمنایەتیكردن بوو، لەگەڵ پێغەمەر صلی الله علیه وسلم و بەرنامەكەی خوادا، بۆ ئایەتی هەڕەشە بۆ وەحشی و خالید نایەتەخوار، بەلاَم بۆ وەلید ی باوكی خالید دێتە خوار؟

مامۆستا مەحموود غەریب هۆی ئەوە روون دەكاتەوە، و دەڵێت: ئەوانەی كەخوا زانیویەتی بە كافری دەمرن لەقورئاندا بەئایەت هەڕەشەی لێكردوون.. بەلاَم ئەوانەی كە خوا زانیویەتی لەئەنجامدا موسوڵمان دەبن خوا لەبارەیانەوە ئایەتی هەڕەشەی نەناردووە..

هیوا: ئێستا دەزانن مەبەستم لەم باسەدا چی بوو؟ بۆچ ئەم باسانەم بۆ كردن؟

هێمن: وابزانم من لەمەبەستەكەت گەیشتم..

هیوا: ئادەی كاك هێمن! فەرموو.. بزانم چۆنی لێ حاڵی بوویت؟

هێمن: پێم وایە مەبەستت ئەوەبوو بەشێوەیەكی ژیربێژی پێمان بسەلمێنیت كە: ئەم قورئانە خوا ناردوویەتی، و زادەی بیری پێغەمەرەكەی صلی الله علیه وسلم نییە..

هیوا: دەمخۆش، باش لەمەبەستەکەم گەیشتی، بەلاَم جوانتر بۆمان روون بکەرەوە تا تێی بگەین.

هێمن: کاك هیوا ئەم باسە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئەگەر ئەم قورئانە لەلایەن ئادەمیزادێکەوە دابنرایە، چۆن دەیتوانی دوژمنەکانی خۆی بەو جۆرە لێك جیابکاتەوە؟ دوژمنێك پێش ئەوەی موسڵمان ببێت دەمرێت و بەکافری دەڕوات، دوژمنێکی تر هەر چەند دوژمنایەتی بکات، لەئەنجامدا پەشیمان دەبێتەوە و بەموسوڵمانی دەمرێت، لای ئادەمیزاد زانینی شتی وا مەحاڵە.. و زانینی وا تەنیا لای خالقی ئەم ئادەمیزادەیە و بەس..

ووریا: سوپاس بۆ خوا بۆچوونەکەت زۆر ورد و رێك وپێك بوو..

هیوا: منیش زۆرسوپاسی خوا دەکەم کە تێگەیشتنێکی وای پێ بەخشیویت.. برایان! ئێستا بەباشی لەوە حاڵی بوون کە قورئان بەهۆی بیرکردنەوەی پێغەممەرەوە صلی الله علیە وسلم دانەنراوە؟

ووریا و هێمن: خوا پاداشتی خێرت بداتەوە کە ئەم حەقیقەتەت ئاوەها بۆ روون کردینەوە.. خوا تۆمان لێ نەسێنێت..

لەگەڵ کۆتایی هێنان بە گومانێك، لەوگومانانەی ناحەزانی ئیسلام لە دڵە بێگەردەکەیاندا دروستی کردبوو، ئەمانیش کۆتاییان بە دانیشتنی ئەو رۆژەیان هێنا.. و پێکەوە خوا حافیزی و ماڵئاواییان کرد، تا لەکاتی دیاریکراودا جارێکی دی پێك دەگەنەوە..

# # #

## 13

## موعجیزه زانیارییەكان لەقورئاندا:

جارێكی تریش قوتابیانی قورئان لەگەڵ مامۆستای ئەویندای قورئاندا كۆبوونەوە، و پاش نوێژی عەسر بەم شێوەیە گفتوگۆیان دەست پێكرد:

هێمن: كاك هیوا! لەسوورەتی (ئەلواقیعە)دا ئایەتێك هەیە باسی باران دەكات، ئەگەر زەحمەت نەبێت هەندێك لەوبارەوە بۆمان باس بكەیت..

### باران لەهەور دەبارێت:

هیوا: چ ئایەتێكە؟

هێمن: لەراستیدا ئایەتەكەم لەبەر نییە..ئەوەندە دەزانم باسی هەور و باران دەكات..

هیوا: كێشە نییە.. هەر ئێستا سەیری پیشاندەری ئایەتەكان دەكەم، و دەیدۆزمەوە.. پاش ئەوە كەسەیری كرد دیتیەوە، و گوتی: كاك هێمن لەوانەیە مەبەستت ئەم ئایەتانەبێت؟ :

" أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاء الَّذِي تَشْرَبُونَ، أَأَنتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ الْمُزْنِ أَمْ نَحْنُ الْمُنزِلُونَ، لَوْ نَشَاء جَعَلْنَاهُ أُجَاجًا فَلَوْلا تَشْكُرُونَ " [104]

هێمن: ئەرێ وەڵڵا، كاك هیوا گیان ئەو ئایەتانەم مەبەستە..

---

**(104) سورة الواقعة/68-70.**

هیوا: کاك هێمن! دەکرێت بپرسم مەبەست لە پرسیارەکەت چی بوو؟

هێمن: کاك هیوا! بێ زەحمەت واتاکەیشیمان بۆ روون بکەوە..

هیوا: واتە؛ ئەوە سەرنجی ئەو ئاوە نادەن کە دەیخۆنەوە، ئایا ئێوە دەی بارێنن، یا ئێمە لەهەورەوە دەیبارێنین؟ ئەگەر بمانەوێت دەیکەینە ئاوێکی سوێر، کەوابوو سوپاسگوزار بن..

هێمن: کاك هیوا! ئەم ئایەتە بە راشکاوی باسی بارینی باران لە هەورەوە دەکات، و دەفەرموێ: ئایا ئێمە باران لەهەورەوە دەبارێنین، یا ئێوە؟ مەبەستم ئەوەیە بەدەقی قورئان باران لەهەورەوە دەبارێت، کەچی هەندێ لەپیاوە بەسالاَ چووەکان، لایان وایە کە لەخودی عاسمانەوە دەبارێت، نەك لەهەورەکانەوە، ئەوە هۆی چییە؟

هیوا: کاك هێمن! ئەم رایەو چەندان رای تریش، دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمانەی پاش چەرخی زێڕینی ئیسلامی، کە موسوڵمانان خەویان لێ کەوت، و دوژمنانی ئیسلامیش بە ئارەزووی خۆیان، ئەوەندەی تر بەنجیان کردین..

ئەم بۆ چوونەی کە ئێمە لە بەسالاَچووەکانی ولاَتی خۆمانی دەبیستین هی خۆمان نییە..

هێمن: ئەی هی کێیە؟

هیوا: گیانەکەم! لەسەردەمی زێڕینی ئیسلامدا ژمارەیەکی زۆر لە کتێبی فەیلەسووفەکانی هیند و یۆنان وەرگێڕران، تا موسوڵمانان لەرای ئەوان شارەزابن، و ئەگەر شتێکیان تیابێت دژ بەرای موسوڵمانان پەرچی بدەنەوە، و راستیەکەی روون بکەنەوە.. ئەوەبوو چەندەها کتێب لەو بارەوە نووسرا، و بە بەڵگەی مەنتیقی راکانی ئەوانیان پەرچ دایەوە، و ئەوەش بەسوود بوو سوودیان لێ وەرگرت.. جا کاتێك لەنیقاشی زانیاریدا کە لەنێوان زانایاندا باسکراوە، ئەوانەی گوێیان لێ بووە وا حاڵی بوون

کەئەوەش هەر رای موسوڵمانانە.. وەنەبێ هەر ئەم مەسەلەیە بێت و بەس، لەم بابەتە شتی تر زۆرە.. وەك شاخی گا و ماسییەکە.

هێمن: بۆچ کاك هیوا! یۆنانییەکان شتی وایان گوتووە؟

هیوا: کاك هێمن! ئەگەر تەماشای ئەو کتێبە کۆنانەی مۆزەخانەکانی ئەورووپا بکەین، زۆر لەوە سەیرتر دەبینین، ئەمە بەس نییە کە عەقڵێکی گەورەی وەك "ئەرەستۆ " بڵێت: ددانەکانی پیاو لە ددانەکانی ئافرەت زۆرترن، و ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە پیاو لەپێش ئافرەتدا بەدیهاتووە!!

بەڵام زانیاری سەلماندوویەتی کە ددانی ئافرەتان و پیاوان چون یەکن، و هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نییە، و زۆر و کەمی ددان هیچ پەیوەندییەکی بە پاش یاپێش بوونیانەوە نییە؟

بابگەڕێینەوە سەر باسی ئایەتەکە، هەروەك خۆت گوتت: ئایەتەکە بەروونی باسی دەکات، کە باران لە هەورەوە دە بارێت، و ئەو بۆچوونەی پێچەوانەی قورئان بێت، لەسەر ئیسلام حسێب ناکرێت، من دەمەوێت شتێکی زۆر سەر سورهێنەر لەم ئایەتەدا باس بکەم، کە ئەویش مەسەلەیەکی زانیارییە، و ماوەیەکی زۆر نییە ئەو حەقیقەتە دۆزراوەتەوە..

## هەواکانی دەوری زەوی:

هەروەك هەموو خوێندوومانە لە بۆشایەکانی دەوروبەری زەویدا هەوا بەرێژەیەکی دیاریکراو هەیە، هەروەك خۆتان دەزانن، ئەو هەوایانە بریتین لە ئۆکسژین، نایترۆژین، و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، و گازە بەدەگمەنەکان.. ئەمانەش هەر یەکە رێژەیەکی دیاریکراویان هەیە،و دەتوانین بڵێین: بەم جۆرەی خوارەوەیە:

| | |
|---|---|
| ئۆکسژین | % 20.94 |
| نایترۆژین | % 78.03 |
| دووەم ئۆکسیدی کاربۆن | % 0.03 |
| گازە بەدەگمەنەکان | % 1 |

مەبەستمان لەم باسکردنە پیشاندانی رێژەی جۆرەکانی هەوا نییە وبەس، بەڵکو مەبەستمان پەیدابوونی ترشی نایترۆجینە، هەروەك دەزانن لەیەکگرتنی ئۆکسژین ونایترۆژین لەهەوادا، و لەکاتی بروسکەدا دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین پەیدا دەبێت، ئەو دووەم ئۆکسیدەش کە لە باراناودا دەتوێتەوە، ترشی نایترۆجین پەیدا دەکات، جا ئەگەر رێژەکەی زۆربێت، ئاوەکە ترش دەبێت و بۆخواردنەوە ناشێت.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئەم رێژەیە چۆن راگیرا، تا ئەوترشییە ئەندازەیەکی زۆر کەم بێت، و نەبێتە هۆی ترشبوونی ئاوی باراناو؟

ووریا: کاك هیوا! تەنیا ئەو خودایە راگیری دەکات، کە بارانەکە دەبارێنێت، و بەدیهێنەری ئەم بونەوەرەیە..

هیوا: کاك وریا خودا لەم ئایەتەدا هەڕەشە لەو بێ باوەڕانە دەکات، کە بێ ئەدەبی دەکەن،و دەڵێن: ئەم بوونەوەرە بێ خاوەنە، و هەر لەخۆیەوە بەدی هاتووە!! خوا دەفەرموێت: ئەگەر ئارەزوومان لێ بێت، ئەو بارانە دەکەینە ئاوێکی ترش و تاڵ، کە سوودی لێ وەرنەگیرێت.. ئیتر بۆ بەچاوی بییرو هۆش ورد نابنەوە، وسوپاسی خوا ناکەن؟!

هێمن: بەراستی کاك هیوا! من نەم زانیوە لەم ئایەتەدا ئەو بەڵگە زانیارییەی تێدایە، و چەندان جاریش خوێندومەتەوە..

ووریا: بەراستی ئەو ئایەتەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوە کە قورئان فەرموودەی خودایە، و لە لایەن پێغەممەرەوە صلی الله علیه وسلم

دانەنراوە، چونکە پێغەممەر صلی الله علیه وسلم نەخوێندەوار بووە، و ئەم زانیارییەی لەچ کۆلیجێکدا خوێند ؟

هیوا: برایان! قورئان لەکاتێکدا هاتووە، کە لەبارەی سروشتەوە ئادەمزاد هیچی نەزانیوە، مەگەر کەمێکی زۆر کەم وناوازە، ئەویش بەجۆرێکی ناتەواو، خەلکی پێیان وابووە کە باران لە ئاسمانەوە دەبارێت، نەك لەهەورەوە..

وایان دەزانی ئاسمان بنمیچەو ئەستیرەکانی پیا داکوتراوە، هیندییەکان لایان وابوو زەوی بەسەر شاخی گاوەیە، هەرکات بییەوێت زەوی لەم شاخەکەیەوە بگوێزێتەوە بۆ ئەو شاخەکەی تری، بوومەلەرزە روودەدات.. زانایان لایان وابوو رۆژ ناخولێتەوە، و بزواندنی نییە، تا (کۆپەرنیك /1473-1543) هات وبییر ورای خۆی لەبارەی خۆرەوە دەربڕی.. زانیاری کەمکەمە روویکردە پێشکەوتن و گەشەکردن.. تا گەیشتە ئەم سەردەمەی خۆمان.. ئەو زانینەی کە لەبارەی بوونەوەر ولەشی خۆمانەوە ئێستا دەیزانین، بەتەواوی لەو زانیارییانەی کۆن جیاوازە، ئەمەش وادەگەیەنێت، کە: قسەی مرۆڤ و بۆچوونەکانی لەبارەی بوونەوەرەوە، ناتوانێ بەردەوام بەراستی بمێنێتەوە، چونکە مرۆڤ لە بارەی زانیارییەکەوە دەدوێت کەلەسەردەمی خۆیدا باوە، لەبەر ئەوە ئێمە کتێبێك پێ نازانین، لەبارەی بوونەوەرەوە دوابێت، و چەند سەدەیەکی بەسەرا رۆیشتبێت و پڕ لە هەڵە و غەلەتی زلزل نەبێت.. ئەگەر لەگەڵ ئەو زانیارییانەدا بەراوردی بکەین کە ئەمڕۆ لەبارەی بوونەوەرەوە هەیە..

بەلاَم مەسەلەی قورئان لەم بارەوە بەتەواوی جیاوازە، چونکە قورئان هەرچی فەرمووە راستە، و لەتەك زانیاری نوێی ئێمەدا جیاوازی نییە، لەگەڵ ئەوەدا کە چواردە سەدە بەسەر هاتنیا تێپەڕیوە..

هێمن: کاك هیوا! ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ سەلماندنی ئەو حەقیقەتە، کەسەرچاوەی قورئان ژیرییەکی بێ سنووری خواییە، کە ئاگای لەسەرەتاو کۆتایی هەموو شتێك هەیە، زانیاری و زانستی خودایش بۆکات و شوێن مل کەچ نییە..

هیوا: بەڵێ كاك هێمن! ئەگەر قورئان قسەی كەسێك بوایە كە زانیاری و بیركردنەوەكەی سنووردار بوایە، زۆر لەمێژبوو رۆژگار قسەكانی هەڵ دەوەشاندەوە. بۆنموونە: هەروەك لەوەپێش باسمان كرد فەیلەسووفێكی وەك ئەرەستو چونكە لەبیركردنەوەی خۆی وزانیاری سنوورداریەوە دەدوێت، كاتێك دەیەوێت بەڵگە بێنێتەوە كە "پیاو لەپێش ئافرەتدا دروستبووە " دەڵێت: بەڵگەم ئەوەیە كە ددانەكانی پیاو لەددانی ئافرەت زۆرترن!!

ووریا: كاك هیوا! ئەم قسەیەی ئەرەستو، هیچ پەیوەندییەكی بە زانیارییەكانی لەش وجوستەوە نییە، بگرە بەڵگەیە بۆ ئەوەی كە خاوەنی ئەو قسەیە، هیچ ئاگادارییەكی لەو زانیارییەدا نەبووە..

هیوا: بەڵێ كاك ووریا! ئێستا ئێمە پێمان ناخۆشە پیاوێكی وا قسەی ئاوهای كردووە، بەلاَم ئەوە سروشتی ئادەمزادە. ئەگەر قورئانیش قسەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بوایە، وپەیوەندی بە وەحیەوە نەبوایە، بێگومان دەیان قسەی وا بێ سەر وبێ شوێنی تیا دەبوو..

بەلاَم سەر سوورهێنەر لەقورئاندا ئەوەیە: ئەگەر باسی شتێكی زانیاری كردبێت، یا لە هەر بارەیەكەوە پەیوەندی بەزانیارییەوە بووبێت، شتێكی دژی زانیاری سەردەمی خۆمانی تیا نییە، لەگەڵ ئەوەدا كە ئەمڕۆ زانیاری لەوپەڕی پێشكەوتندایە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی كە قورئان قسەی كەسێكە كە ئاگادارییەكی تەواوی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە، و خاوەنەكەی لەژوور سروشتەوەیە، و زانایە بە سەر رابوردوو و داهاتوودا، و ئاگای لەئەزەل و ئەبەدە، ئینشائەڵلا بۆ سەلماندنی ئەم راستەقینەیە لە دانیشتنەكانی داهاتوودا چەند نموونەیەكتان بۆ باس دەكەم..

ووریا و هێمن: ئینشائەڵلا.. خوا تۆمان بۆ بهێڵێت، بەراستی ئەمڕۆش ماندوومان كردیت، ئەگەر رێمان بدەیت دەمانەوێ كاتی زیاترت نەگرین.

هیوا: ببوورن برایان! من هەست بەماندووبوون ناكەم، بەپێچەوانەوە من ئەوكاتە خۆم بە بەختەوەر دەزانم، كە بتوانم خزمەت بەهاو زمانێكم بكەم..

وا خەریکە نوێژی مەغرب دەبێت، پێتان چۆنە ئەگەر بڕۆین لەمزگەوت نوێژەکەمان بە جەماعەت بکەین؟

پاش نوێژی جەماعەت لەیەکتر جیا بوونەوەو خودا حافیزییان کرد..

# # #

## 14

## جاڵجالۆکە:

کات ژمێر لەچواری پاش نیوەڕۆ نزیك ببوەوە، ووریاو هێمن بەرەو ماڵی هیوای برادەریان کەوتنەڕێ، تا لەکانیاوی شیرینی زانیارییە بێ خەوشەکەی تینویەتی خۆیان بشکێنن.. کەگەیشتنە ئەوێ پاش ماوەیەك دانیشتن و هەواڵپرسین، بەم جۆرە کەوتنە گفتوگۆ:

هێمن:کاك هیوا! بڕیار وابوو لەبارەی ئایەتەکانی قورئانەوە هەندێ نموونەی ترمان بۆ بێنیتەوە، بەتایبەت ئەوانەی کە هێمایەکیان بۆ مەسەلە زانیارییەکان تێدایە، یا باسی بابەتێکی زانیارییان کردووە. تا زیاتر لێمان روون بێت کە قورئان فەرموودەی خودایە..

هیوا: بەڵێ کاك هێمن! بڕیار وابوو..بەیارمەتی خوا منیش ئامادەم چەند نموونەیەکتان بۆ باس بکەم..نەك هەموویان..

ووریا: کاك هیوا! بۆچ هەموویان باس ناکەیت؟

هیوا: کاك ووریا گیان! چونکە ژمارەیەك لەوئایەتانە لەچەند کتێبێکی تری کوردیدا باسکراون، وەك پێشەکی جزمی یەکەمی تەفسیری خاڵ، و خوا لەروانگەی زانیارییەوە، و رێکەوت لەترازووی ژیریدا، ئایا قورئان دانراوی موحەممەدە؟ وچەندان کتێبی تریش، ئیتر دووبارە کردنەوەیان

پێویست ناکات، تەنیا باسی ئەو ئایەتانە دەکەین، کە باس نەکراون مەگەر ئایەتێك پەیوەندی بەباسەکەمانەوە هەبێت..

برایان! خوا لەقورئاندا دەفەرموێ: " مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاء كَمَثَلِ الْعَنكَبُوتِ اتَّخَذَتْ بَيْتًا، وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنكَبُوتِ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ"[(105)]،واتە: ئەوانەی کەسێك جگە لەخوا دەکەنە پشتیوانی خۆیان، وەك وێنەی ئەو جاڵجاڵۆکەیەن کە ماڵێك بۆ خۆی ساز بکات، حاڵبوکی لاواز ترین ماڵ ماڵی جاڵجاڵۆکەیە، ئەگەر بیانزانیبا کاری وایان نەدەکرد.

ووریا: کاك هیوا! ئەو تاڵە باریکەی جاڵجاڵۆکە خانوەکەی پێ دروست دەکات، بەنیسبەت خۆیەوە زۆر قایم و پتەوە.. مەبەست لەلاوازییەکە چییە؟

هیوا: راستە کاك وریا! ئەو تاڵە باریکە بەنیسبەت ئەوەوە زۆر بەهێز و پتەوە، بەلاَم مەبەست لە ئایەتەکە لاوازی ئەو تالاَنە نییە کە خانووەکەی پێ دروست دەکات.. چونکە ئەو تالاَنە بە نیسبەت خۆیەوە لە گوریسێکی پۆلایین قایم ترە.. هەر چەند بەنیسبەت ئادەمیزادەوە بەپچوکترین دارێك یان گڵمۆتێك یا پەنجە پیا هێنانێك خانووەکەی تێك و پێك دەشکێت، و لەناو دەچێت.

ووریا: وایە بەنیسبەت ئادەمیزادەوە خانووی جاڵجاڵۆکە لەهەموو خانوویەك لاوازترە..

هێمن: ئایا تەنیا ئەوە مەبەستت بوو لەباسی ئایەتەکەدا؟

هیوا: نەخێر.. بەلاَم کاك وریا بەپێچەوانەی باوی خۆی، کەمێك خۆی نەگرت تا مەبەستەکەم تەواو بکەم..

**(105) سورة العنكبوت/41.**

ووريا: كاك هيوا! داواى لىَ بوردن دەكەم.. ئەوەند مەسەلەكەم پىَ گرنگ بوو بۆيە خۆم پىَ نەگيرا.. جارێكى تريش داواى لىَ بووردن دەكەم.. كە باسەكەم پىَ بڕيت..

هيوا:  خوا ببوورێت، دياربوو كە زۆر مەبەستت بوو، منيش تەقديرى ئەو هەستەت دەكەم. بابێينەوە سەر باسەكەى خۆمان، و مەبەستمان لەباسكردنى ئايەتەكەدا روون بكەينەوە، تا بەهەڵەدا نەچين..بۆ ئەم مەبەستەش پێشەكييەك پێويستە..

هيوا: كاك هێمن! ئەگەر بەعەرەبى بڵێين: پياوەكە نامەيەكى نووسى. دەڵێين چى؟

هێمن: دەگوترێت:  كتبَ الرجل رسالة  ..

هيوا: ئەى ئەگەر بڵێين: ئافرەتەكە نامەيەكى نووسى.. دەڵێين چى؟

ووريا: دەگوترێت: كتبتْ المرأةُ رسالة ..

هيوا: زۆر باشە.. دەبىَ ئەوەش بزانين كە وشەى جاڵجاڵۆكە، يا (عنكبوت)، لە كوردى وعەرەبيدا بۆ نێر ومىَ بەكار دەهێنرێت، چونكە ناوە بۆ رەگەز(اسم للجنس)ە، جا ئەگەر تەماشاى ئايەتەكە بكەين، فرمانى جاڵجاڵۆكە كە  تاى تەئنيسى پێوەيە، واتە: بۆ مىَ بەكارهێنراوە،  " كَمَثَلِ الْعَنكَبُوتِ اتَّخَذَتْ بَيْتًا " ئەو جاڵجاڵۆكە مێيينەى ماڵێك دەسازێنێت..و دروستى دەكات..

ئايا پێش هەزار و چوار سەد ساڵ لەنيوە دورگەى عەرەبيدا كۆليژى زانيارى و بەشى بايۆلۆژى هەبوو، تا پێغەممەر صلى الله عليه وسلم دەرسى تيا بخوێنێت، و ئەم حەقيقەتەى تيا فێر ببێت؟ لەكام كۆليژدا خوێندى، تا بزانێت لەناو جاڵجاڵۆكەدا مێيينەيان خانوو دروست دەكات؟

ووريا: بۆچ جاڵجاڵۆكە تەنيا مێيينەيان خانوو دروست دەكات؟

هیوا: بەڵێ.. بایۆلۆژی وامان پێ دەڵێت..

وریا: ئەڵلا، ئەڵلا، چەند حەقیقەتێکی گەورەیە! ئێمە بۆ لەحەنای قورئاندا ئەوەند چاو بەستراو بووین؟! ئاخر نیوە دورگەی عەرەبی کە بەشی هەرە زۆری خەڵکەکەی نەخوێندەوار بوون، وبگرە تەنیا تاك تاکێکی خوێندەوار بوو، پێغەممەرێکی نەخوێندەوار صلى الله عليه وسلم چۆن ئەمەی زانی؟ کەزانیاری پاش هەزار و سێ سەد ساڵ پەی پێ دەبات؟!

لەراستیدا تەنیا ئەم ئایەتە بەڵگەیەکی گەورەیە بۆ دەمکوتکردنی ئەوانەی بێ ئاگایانە دەڵێن: قورئان موحەممەد خۆی دایناوە!!

هیوا: برای خۆم پەلەمەکە، هێشتا باسەکەمان ماویەتی، لەم ئایەتەدا خوا نا فەرموێ: تاڵ، یان چنراوی عەنکەبوت لاوازە، دەفەرموێ: ماڵی عەنکبووت لاوازە.. بۆچ؟

وریا: منیش دەڵێم: بۆچ؟

هیوا: برای خۆم! نهێنییەکی بایۆلۆژی تێدایە.. زانیاری زیندەوەرزانی ئەو نهێنییەمان بۆ ئاشکرا دەکات، و پێمان دەڵێت: ماڵی جاڵجالۆکە سیفەتی ماڵیەتی تیا نییە، چونکە ماڵ جێی ئارامی و ئاسایشە، بەلاَم ماڵی ئەوان قەسابخانەیە..

هێمن: چۆن؟ بۆچی؟

هیوا: کاك هێمن بکوژ و ببڕ و کەلەپاچە کردن و ئاژاوە، هەمیشە میوانی ئەو ماڵەیە، بۆ نموونە: پاش جووتبونی نێرو مێیەکە، ئەگەر نێرەکە فریای خۆی نەکەوێت و ڕا نەکات، مێیەکەی هەوڵی کوشتن و پاشان خواردنی دەدات، لەبەر ئەوە پاش جووتبوون کەس نازانێ نێرەکە بۆ کوێ هەڵدێت، و جارێکی تر سەر بەو خانووەدا ناکاتەوە، و چاوی بەبێچوەکانی خۆی ناکەوێت!!

مێیەکەش خانووەکە ئامادە دەکات، تا ببیتە داوێك، و هەر جرِ و جانەوەرێکی وردیلە نزیکی ئەو خانووە بکەوێت، کوژراوەو خوراوە!! ئایا خانووی وا شیاوی ئەوەیە پێی بگوترێت خانوو، یان ماڵ؟

چ وەك خانوو، چ وەك ماڵ؟

هێمن: نەوەڵلا..

هیوا: جا لەبەر ئەوەیە کە قورئان وشەی (وهن)ی بۆ ئەو خانووە بەکارهێناوە، و لەعەرەبیدا وەهەن ئەوپەڕی واتای ناڕەحەتی وئێش و ئازار دەگەیەنێت.. هەرکەسێکیش کەسێکی تر یا هێزێکی تر بێجگە لەخوا بکاتە پشتیوانی خۆی تووشی هەمان ئێش وئازار و دەردی سەری دەبێت، هەروەك بەچاوی خۆمان دیمان.. و لەزۆر ولآتانی جیهاندا رووی دا..

هێمن: لەراستیدا ئەمەش موعجیزەیەکی تری گەورەی قورئانە، و دڵنیامان دەکات، کە پێغەمەرێکی نەخوێندەوار صلى الله عليه وسلم پێش هەزارو چوار سەد ساڵ، ئەم حەقیقەتە زانیارییەی نەزانیوە، بەڵکو ئەمە فەرموودەی ئەو پەروەردگارەیە، کە ئاگادارە بەوەی رووی داوە، و بەوەش روو دەدات، و ئەم حەقیقەتەش گەردیلەیەکی زۆر بچووکە، لەدەریای زانیاری بێ سنووری پەروەردگاردا..

ووریا: خوا پاداشتت بداتەوە کاك هیوا! دەکرێ پێمان بڵێیت ئەم بەڵگە زانیاریەت لەکوێ بۆ هێناین؟

هیوا: بەڵێ، برایان! ئەم بەڵگەیەم لەلایەن مەلایەکەوە بۆ نەهێناون، لەلای پزیشکێکەوە بۆم هێناون کە ماوەیەکی زۆر لەبارەی بوونی خواوە لەگوماندا ژیاوە، و پاشان خوا بەنووری خۆی دڵی رووناك کردۆتەوە، و کۆمەڵێك کتێب و باسی بەپێز وپتەوی نووسیوە، یەکێك لەو کتێبانەی ناوی ئەمەیە: (القرآن محاولة لفهم عصري)، لەوکتێبەوە بۆم هێناون، هیوادارم ئێوەش بیخوێننەوەو سوودی لێ وەربگرن.

## **هەنگوین**:

ئێستا باواز لەجاڵجاڵۆکەو ئاژاوەو شەڕو شۆڕی نێو ماڵی بێنین، و بەرەو وردەکاری و ریکخراوەیی یەکێکی تر لەجیهانی جانەوەران بچین، و سەر لەبەرهەمە نایابە بەپیت وبەسوودەکەی بدەین، کە ئەویش هەنگ و هەنگوینەکەیەتی..

خوا لە قورئاندا دەفەرموێت: " وَأَوْحَى رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ، ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلاً يَخْرُجُ مِن بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاء لِلنَّاسِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ."(106).

واتە: پەروەردگارت ئیلهامی هەنگی کرد و خستیە دڵیەوەکە لەکون و کەلێنی چیاکاندا جێ بۆ خۆت سازبکە، و لەکون وکەلەبەری درەختەکان و لەو شوێنانەشدا کە مرۆڤ بۆت ئامادە دەکات.. پاشان لە هەموو بەروو بوومێك بخۆ، و شیلەی گوڵان بمژەو، و ئەو رێیانەی پەروەردگارت بۆی داناوی بەگەردنکەچییەوە بیانگرە بەر- پاشان خوا سوودی هەنگمان بۆ باس دەکات و دەفەرموێ -: هەنگوینێکی جۆراو جۆر دێتە دەر کە شیفایە بۆ چەندان نەخۆشی خەڵکی، و ئالەمەشدا بەڵگەی بەهێزی گەورەیی و دەسەلاَتی خوا هەیە بۆ ئەوانەی بیر بکەنەوە..

ووریا: کاك هیوا! دەکرێ لەباسکردنی ئەم ئایەتەدا مەبەستی خۆتمان پێ بڵێیت؟

---

**(106) سورة النحل/68 و69.**

هیوا: بەڵێ.. من لەم باسەدا چەند مەبەستێکم هەیە.. یەکەم کێ پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم فێرکرد؟ و لە چ کۆلیجێکی پزیشکیدا خوێندی، کە هەنگوین شیفای تێدایە، وچارەسەرە بۆ هەندێ دەردو داو؟

ووریا: کاك هیوا! زیاد لەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نەخوێندەوار بووە، لەهەموو دوورگەی عەرەبیشدا کۆلیجێکی پزیشکی تێدا نەبووە، تا دەرسی تیا بخوێنێت؟

هێمن: کاك هیوا! ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە قورئان دانراوی پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم نییە..

هیوا: برایان ! قورئان دەفەرموێت: " فِيهِ شِفَاء لِلنَّاسِ " واتە: هەنگوین شیفای بۆ خەڵکی تێدایە.. بابزانین زانیاری پزیشکی لەو بارەوە چ دەڵێت؟

گوڤارێکی پزیشکی بلاَوی کردەوە کە :هەنگوین ئەم سوودانەی تێدایە:

یەکەم: سوودی بۆئەوکەسانە هەیە کەدەزگای هەرسیان ناتەواوە، و هەنگوین دادەنرێت بە یارمەتیدەرێکی باش بۆ کرداری هەرس..

دووەم: هەنگوین بەر بەستی ئەوترشەڵۆکە زیادەیە دەکات کە دەبێتە هۆی بریندار بوونی گەدە و دوانزە گرێ..

سێ هەم: هەنگوین شەکری گلۆکۆزی تێدایە، و مژینی بۆ کرداری زیندە گۆڕان ئاسانە..

چوارەم: کرداری پاشە ڕۆ ئاسان دەکات..

پێنجەم: خواردنی هەنگوین شوێنەوارێکی گرنکی لەو کەسانەدا هەیە، کە نەخۆشی جگەریان هەیە، لەنەخۆشخانەی زانکۆی پۆلۆنی ئیتالیادا بۆ ئەو نەخۆشانە بەکاریان هێناوە کە نەخۆشی جگەریان هەبووە، خواردنی چەند ژەمێك بەرێکوپێکی لەرۆژدا بووەتە هۆی چاك بوونەوەیان..

شەشەم: هەنگوین دەبێتە هۆی بەهێز بوونی دڵ، وپاڵەپەستۆی نزم بەرز دەکاتەوە..

حەوتەم: خواردنی هەنگوین سوودی بۆ بێ خەوی، و خەولێ زڕان، و سەریەشەی سەخت هەیە..

هەشتەم: سوودی بۆ قوڕگ وشکی و کۆکە هەیە..

نۆیەم: بەرگری لە خۆێن پژان و نەزیف دەکات..

دەیەم: سوودی بۆ برینە کیمدارەکان هەیە، و لەسەردەمی کۆندا پزیشکی ناوداری جیهانی ئیسلام ئیبنو سینا، و لەم سەردەمەی خۆیشماندا پرۆفیسۆری رووسی (کرینتکسکی) بۆ برینە کیمدارەکان بەکاریان هێناوە، چونکە بەشی زۆری ڤیتامینەکانی تێدایە.. زیاد لەمانەش بۆ چەندەها نەخۆشی تر سوودی لێ وەردەگیرێت..

هێمن:کاك هیوا! بەراستی هەنگوین شیفایە بۆیە پێغەممەریش صلی الله علیە وسلم فەرموویەتی: " واز لەو دوو شیفایە مەهێنن: قورئان وهەنگوین "..

هیوا:بەڵێ، کاك هێمن! قورئان شیفایە، و هەنگوینیش شیفایە. ئایا کاك وریا! دەزانییێت خوا لە قورئاندا چۆن باسیان دەکات..

وریا: نەخێر.. نازانم..

هیوا: کاك وریا! خوا لەبارەی قورئانەوە فەرموویەتی: " وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاء وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ. "[107]. واتە: ئایەت و سورەتانێك لە قورئان دادەبەزێنین کە شیفای هەندێك لەنەخۆشییەکان بێت بۆ بڕواداران، و رەحمەتیش بێت بۆیان..

---

**(107) سورة الإسراء/82.**

بەلاَم لەبارەی هەنگوینەوە فەرموویەتی: " فِيهِ شِفَاء لِلنَّاسِ " واتە: شیفای بۆ خەڵکی تێدایە..

بۆچ خوا بەم جۆرە باسیان دەکات؟؟

ووریا: کاك هیوا! خوا خۆی دەزانێت، بەلاَم ئەوەی ئێمە لێی تێبگەین ئەمەیە: هەنگوین کافر و موسوڵمان، باوەڕدار وبێ بڕوا لێی دەخوات، و سوودی لێ وەر دەگرێت، لەبەر ئەوە فەرموویەتی: شیفای بۆخەڵکی تێدایە.. تایبەتی نەکردووە بەخاوەن بڕوایانەوە..

بەلاَم قورئان هەر موسوڵمانی خاوەن باوەڕ بڕوای پێی هەیە، لەبەر ئەوە شیفاکەی تەنیا بۆ خاوەن باوەڕانە.. بێ بڕوای کافر بڕوای پێی نیە ئیتر چ سوودێکی بۆی هەبێت؟

هیوا: سوپاس بۆ خوا باش لێی حاڵی بوویت..ئەوەشمان لەبیر نەچێت لەو دەربڕینەدا گەورەیی قورئان دەر دەکەوێت کە چ وردەکارییەکی تیا بەکارهێنراوە، هەردوویان شیفان: ئەمیان بۆ هەموو خەڵکی (لِلنَّاسِ) و ئەویان بۆ باوەڕداران ( لِّلْمُؤْمِنِينَ )!!

هێمن: کاك هیوا! گەورەیی قورئان لەوەدا دەردەکەوێت، کە: ئەم هەموو لێکۆڵینەوەیە دەستی پێکراوە، لەگەڵ ئەوەدا کە دژی قورئان نەبووە، شایەتییەکی گەورەشی بۆ داوە کە قورئان فەرموودەی خودایە.. چونکە هەزار وچوار سەد ساڵ بەسەر ئەم قسەیەی قورئاندا تێ دەپەڕێت و زیاتر راستیەتی قورئان دەردەکەوێت..

هیوا: کاك هێمن! ئەمەش یەکێکە لە موعجیزەکانی قورئان..

ووریاوهێمن: بەڕاستی موعجیزەیە!! خوا پاداشتی تۆیش بداتەوە کە ئاوها رووی رووناکی قورئانمان بۆ دەردەخەیت..

# # #

## 15

## خڕی و ڕاخراوی زەوی:

هیوا: برایان! خوا پاداشتی ئێوەش بداتەوە. من سوپاسی خوا دەکەم، ئەگەر توانیبێتم کەمێك ئەرکی سەرشانم بەجێ هێنابێت.. بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاو روون بن، سەیرێکی ئەم کتێبە زانستییە بکەن، کە پیاوێکی پزیشك لەبارەی پسپۆڕییەکەی خۆیەوە، هەندێ لە نهێنییەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات، و بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن زانیاری بەئەدەبەوە کڕنووش دەبات، و گەورەیی قورئانمان بۆ دەسەلمێنێت. با ئەم بڕگەیەتان لەکتێبەکە بۆ بخوێنمەوە و پاشان خویشتان ئەوی تری بخوێننەوە..

ووریا و هێمن: فەرموو کاك هیوا! خوا پاداشتی خێرت بداتەوە..

هیوا: برایان! لە ئایەتی {17 تا 20} لە سوورەتی ئەلغاشیەدا خوا ناز و نیعمەتەکانی خۆیمان بۆ باس دەکات و دەفەرموێت:

أَفَلا يَنظُرُونَ إِلَى الإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ، وَإِلَى السَّمَاء كَيْفَ رُفِعَتْ، وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ، وَإِلَى الأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ؟"[108]،

واتە: ئەرێ ئێوە بۆ وورد نابنەوە، چۆن وشتر دروست کراوە؟ و ئاسمان چۆن بەرزکراوەتەوە؟ و چیاکان چۆن دامەزرێنراون؟ و زەوی چۆن راخراوە؟

هێمن: کاك هیوا! بۆچ خوا فەرموویەتی: زەوی راخراوە؟

هیوا: کاك هێمن! زەوی لەپێش چاو ئێمەدا راخراوە، یان نە؟

هێمن: بەڵێ لەپێش چاو ئێمەدا راخراوە.. بەلاَم لەواقیعدا خڕە..

---

**(108) سورة الغاشية/17-20.**

هيوا: كاك هێمن! كاتێ قورئان داوا لەدانيشتوانی سەرزەوی دەكات تەماشابكەن و وورد ببنەوە، ئايا لەناو زەويدا و لەسەر زەويدا بێجگە لەراخراوی هيچی تر دەبينن؟!

هێمن: نەخێر..

هيوا: ئەی كاتێ لە دەرەوەی زەوييەوە سەيری زەوی دەكەن، قورئان ئاوها باسی دەكات و دەفەرموێت: " وَالأَرْضَ بَعْدَ ذَلِكَ دَحَاهَا . " (109)،

واتە: پاش دروستكردنی ئاسمانەكان زەوی بەهێلكەيی دروست كرد..

كەوابوو ئەگەر لەسەر زەوييەوە تەماشای زەوی بكەين بەراخراوی دەيبينين، وئەگەر لە دەرەوەی زەوييەوە سەيری بكەين ئەوا بەخڕی دەيبينين.. ئێستا لەم دووئايەتە تێگەيشتن؟

هێمن: بەڵێ، باش تێگەيشتم..

هيوا: بەلاَم برايان! تەنيا ئەوئايەتە بەڵگە نييە لەسەر خڕيەتی زەوی، بەڵكو ئايەتێكی تريش هەيە كەلە سوورەتەكانی (قاف) و (ئەلحيجر)دا باسكراوە ودەفەرموێت:" وَالأَرْضَ مَدَدْنَاهَا..." (110)،

واتە: ئێمە زەويمان راكێشاوە.. جا وەرە لەواتای ئيمتيداد و راكێشان ورد ببەرەوە.. بۆ هەركوێ بچيت زەوی لەبەردەمتايە و بڕانەوەی نييە، ئايا ئەم ئايەتە بەڵگەيەكی تر نييە بۆ خڕی و هێلكەيی بوونی زەوی؟

ووريا: چۆن؟ من باش حاڵی نەبووم؟

هيوا: كاك ووريا! ئەگەر زەوی چوار گۆشە يا سێ گۆشە، يا لەبزينەيی ، يا لاكێشەيی بوايە، بەهەر لايەكدا بڕۆيشتينايە لەئەنجامدا دەبوا بكەوتينايەتە خوارەوە.. بەلاَم راكێشراو هەر دەڕۆيت و كۆتايی نايەت، و ئەگەر بەشێوەيەكی رێكوپێك بڕۆيت دەگەڕێيتەوە شوێنی خۆت.. خۆ

---

(109) سورة النازعات/30.
(110) سورة ق/7.

ئەگەر زەوی خڕ نەبوایە ، یاباشتر بڵێین: ئەگەر هێلکەیی نەبوایە نەت دەتوانی بگەڕێیتەوە شوێنی خۆت.. ئێستا بۆت روون بوویەوە؟

وریا: سوبحانەڵلا!! بەراستی کاك هیوا! ووردەکارییەکی زۆر جوانە! خۆ ئایەتەکەی پێشووش بەڵگەیە بۆ خڕی زەوی، بەلاَم ئەو دەربرینەی ئەم ئایەتە واتای خڕیەتی زەوی پێ دەربڕوە زۆر جێی سەر سوورمانە!! کاك هیوا! خوا پاداشتی تۆ، و ئەوزانایەش بداتەوە، کە ئەو گەوهەرە رەنگینەی پیشان داین.

هیوا: برایان! خوا پاداشتی ئێوەش بداتەوە.. ئێستا لەسەر ئەو قسەیەی کاك ووریاوە شتێك بەخەیاڵمدا هات، ئەویش ئەمەیە: حیکمەتێکی تری قورئان لەوەدایە کەوشەیەکی وای بەکارهێناوە، خەڵکی ئەو سەردەمەی دابەزینی قورئان پێیان نامۆ نەبووە، و ئینکاریان نەکردووە، لەهەمان کاتدا خەڵکی سەردەمی زانیاریش پێی سەرسامن!!

وریا: بەراستی ئەوانەی بێ لێکۆڵینەوە، وبێ شارەزایی قسەی ناحەزانی ئیسلام وەك تووتی دووبارە دەکەنەوە، و لەدژی قورئان کوێرانە چێو دەکوتن، سەرگەردان و داماون! چونکە ئەگەر کەمێك لێکۆڵینەوەیان هەبوایە، بۆیان دەر دەکەوت، کە قورئان دروستکراوی ئادەمیزاد نییە..

هیوا : سوپاس بۆ خوا..

وریا و هێمن: ئێمەش دەڵێین: سوپاس بۆ خوا.. کە ئەم برا لێهاتووەی پێ بەخشیوین، دەستمان دەگرێت و بەرەو کەناری دڵنیاییمان دەبات..

## مەلیك و فیرعەون:

برایان ! قورئان هەروەك باسی شتی نەزانراوی کردووە و لەداهاتوودا رووی داوە، باسی شتی نەزانراویشی کردووە کە لەرابووردوودا رووی داوە، بۆ نموونە: قورئان بۆ پاشاکانی میسر دوناوی بەکار هێناوە: وشەی (فیرعەون)،و ووشەی (مەلیك). ئەوشایەی لەسەردەمی حەزرەتی یوسفدا شای ئەو ولاَتە بووە، قورئان بە مەلیك ناوی بردووە، ئەوەتە لەسوورەتی

یوسفدا فەرموویەتی:" وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي..."(111)، واته: شا گوتی: بۆم بێنن، من دەیکەمە یاوەری تایبەتی خۆم..

ئەو شایەش کەلەسەردەمی حەزرەتی مووسادا بووە، قورئان بە وشەی فیرعەون ناوی بردووە، وەك لە سوورەتی ئەل نازیعاتدا دەفەرموێت: " اذْهَبْ إِلَى فِرْعَوْنَ إِنَّهُ طَغَى "(112)، واته: بڕۆ بۆ لای فیرعەون چونکە بەراستی لەسنوور دەرچووە..

ووریا: کاك هیوا! هۆی چییە وا ئەوی بە مەلیك ناو بردووە، و ئەمیش بە فیرعەون؟

هیوا: کاك ووریا گیان! منیش لەم باسەمدا مەبەستم وەلاَمدانەوەی ئەو پرسیارە بوو. وەلاَمی ئەم پرسیارەش هەروا بەنهێنی مابووەوە، تا زانایانی شوێنەوارناسی، کلیلی نووسراوە کۆنەکانی میسریان دییەوە، و توانییان ئەو نووسراوانە بخوێننەوە.. ئەوەبوو وەلاَمی ئەو پرسیارەی تۆش ئاشکرابوو، زانایان رایان گەیاند: میسرییە کۆنەکان بەو پاشایانەیان گوتووە مەلیك، کە لەدەرەوەی میسر هاتبن، وحوکمی ئەو ولاَتەیان کردبێت، بەلاَم ئەوانەی خەلْکی میسربووبن و فەرمان رەوایی ئەو ولاَتەیان کردبێت پێیان گوتوون: فیرعەون..

ئەوەش ئاشکرایە کە حەزرەتی یوسف لەسەردەمی ( هەکسۆسی)یەکاندا ژیاوە، ئەوانەش لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتبوون بۆ میسر، و لەوێ دەسەلاَتیان گرتبوە دەست.. تا لەسەردەمی ئەحمەسدا دەر کران..

ئێستا تێگەیشتن کە قورئان بۆچ ئەم دوو وشەیە بۆ پاشاکانی میسر بەکار هێناوە؟

ووریا: بەراستی نهێنییەکی گەورەیە!! قورئان موعجیزەیەکی تری گەورەی پیشان مرۆڤ دا..

---

**(111) سورة يوسف/54.**
**(112) سورة النازعات/17.**

هێمن: كاك هیوا! هەواڵدانی قورئان لەرابوردووی نەزانراو، بەو رێكوپێكی و وردەكاریە، سەلمێنەری ئەوەیە، كە: قورئان نێرراوی خودایە و دانراوی پێغەممەر صلى الله عليه وسلم نییە..

هیوا: بەڵێ برایان! نەك ئەم هەواڵە هەر لەسەردەمی پێغەممەردا صلى الله عليه وسلم نەزانراوە، بەڵكو تا هەزارو سێ سەد ساڵیش دوای دابەزینی قورئان ئەو راستەقینەیە نەزانراوە!! ئایا نهێنی وا بەهۆی بیركردنەوەی پێغەممەرەوە صلى الله عليه وسلم ئاشكرا دەبێت؟ بەمەرجێك پێغەممەریش نەخوێندەوار بێت؟!

هێمن وووریا: نەوەڵلا، هەرگیز بەبیركردنەوە شتی وا ئاشكرا نابێت، پاشا هەر پاشایە، ئیترچۆن ئەو جیاوازییە بەهۆی بیركردنەوەی مرۆڤەوە روون دەبێتەوە؟ زاناكان نووسراویش لە بەر دەستیاندا بوو پاش چەندساڵێك ئەوسا حەقیقەتەكەیان بۆ دەركەوت و ئەونهێنییەیان بۆ ئاشكرابوو، خۆ پێغەممەر صلى الله عليه وسلم نە دەقی مێژوویی لەبەردەستا بووە و نە خوێندەواریش بووە..

ووریا و هێمن: برا! خوا پاداشتی خێرت بداتەوە بەراستی ئەمەش بەڵگەیەكی بەهێزبوو بۆ دەمكوتی ناحەزانی ئیسلام..

## ژییری ئەلكترۆنی:

هیوا: برایانی بەڕێز! ئەگەر ئێمە تاماوەی چەند مانگێك لەبارەی قورئانەوە دابنیشین و باسی موعجیزەكانی بكەین كۆتایی نایەت، چونكە هەموو وشەیەكی بەڵكو هەموو پیتێكی لەخۆیدا موعجیزەیەكە بۆ خۆی، ئەوەند بەجۆرێكی هونەری داڕێژراوە، كە ژییری ئەلكترۆنیش لە حەنای گەورەیی و دەستەڵاتی خوادا، كڕنووشی بەندەگی دەبات، و دەڵێت بەراستی قورئان فەرموودەی خودایە!!

ووریا: كاك هیوا ! ژییری ئەلكترۆنی چ پەیوەندییەكی بەقورئانەوە هەیە؟

هیوا: برایان! تا زانیاری بەرەو پێشتر بچێت، نهێنییەكانی بوونەوەر ئاشكراتر دەبێت. ولەهەمان كاتدا نهێنییەكانی قورئانیش باشتر ئاشكرا

دەبن، چونکە قورئان و بوونەوەر هەردوو نامەی پەروەردگارن، ئەمیان نامەیەکی نووسراو تابخوێنرێتەوە، ئەویان نامەیەکی کراوە تا هۆشیاران بە بییرو ژییریان لێی وورد ببنەوە، و گەورەیی و دەستەلاَتی پەروەدگاری تیا ببینن..

هیوا: کاك هێمن! دەتوانم بڵێم ژییری ئەلکترۆنی رواڵەتێکی گرنگی لە موعجیزەی قورئان پیشان داین، نەك تەنیا رواڵەتێك بەڵکو چەند رواڵەتێك کە لەپێش سالآنی 1965 دا بەهێچ شێوەیەك پەی پێ نەبراوە و نادیار بووە.

ووریا: پشت بەخوا شتێکمان بۆ باس بکە.

هیوا: نیازم وایە بەیارمەتی خودا وەك بەرکوڵێك لەوبارەوە شتێکتان بۆ باس بکەم و خۆیشتان بۆ زیتر شارەزابوون سەر لەم سێ نامیلکەیە بدەن : 1- قورئان وژییری ئەلکترۆنی، 2- جیهانێکی وون، 3- نزیکترین دەرمانخانە.

برایان! لاوێکی میسری بەناوی (رەشاد خەلیفە) کە بڕوا نامەی دکتۆرای لەکیمیادا هەیە، و سێ ساڵ لەتەمەنی خۆی لەگەڵ کەمپیوتەرا بردۆتە سەر، و سامانێکی زۆری لەو رێیەدا خەرج کردووە، بۆئەوەی بە مەبەستەکەی بگات، کە پەی بردن بوو بە نهێنی ئەو پیتانەی لەسەرەتای هەندێ سوورەتەکانی قورئاندا هاتوون، ولەئەنجامدا هەندێ لەمەبەستە پیرۆزەکەی بەدەست هێنا..

دکتۆر رەشاد دەڵێت: قورئان لە 114 سوورەت پێك هاتووە، و (بسم الله الرحمن الرحیم) یش پەیوەندییەکی پتەوی بەو سوورەتانەی قورئانەوە هەیە، و بوەتە ترازوویەك بۆ کێشانی قورئان، و پەرژینێکە بۆ پاراستنی قورئان، لەهەموو دەستێکی چەپەڵ وخراپە کار، کە مەبەستی دەستکاری کردنی قورئان بێت.. وە (بسم الله الرحمن الرحیم) بۆمان دەر دەخات تا ئێستا یەك پیت لە قورئان زیاد وکەم نەکراوە!!

ووریا: بێ زەحمەت دەکرێ بەڵگەی ئەو زانایەمان بۆ باس بکەیت؟

هیوا: بەڵێ، دکتۆر رەشاد دەڵێت: (بسم الله الرحمن الرحيم) لەنۆزدە پیت پێك هاتووە، ئەگەر ژمارەی سوورەتەکان کە( 114 )یە بەسەر نۆزدەدا دابەش بکەین، بێ ئەوەی هیچی لێ بمێنێتەوە دابەش دەبێت، (114÷19= 6) ..هەروەها ژمارەی (بسم الله الرحمن الرحيم)یش لەقورئاندا 114 یە، و ئەو ژمارەیەش بەبێ مانەوە بەسەر ژمارە 19 دابەش دەبێت..

هێمن: کاك هیوا! خۆ سوورەتی تەوبە لەقورئاندا (بسم الله الرحمن الرحيم)ی نییە..ئیتر کەی ( 114 بسم الله ) ی تێدایە؟

هیوا: راست دەکەیت، بەلاَم لەجیاتی ئەوە لەسورەتی (النمل)دا دوو (بسم الله الرحمن الرحيم)ی تێدایە کەحەزرەتی سولەیمان نامە بۆ بەلقیس دەنێرێت: " إِنَّهُ مِنْ سُلَيْمَانَ وَإِنَّهُ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ "[113]،

## سوورەتی(قاف) و پیتی قاف:

هەروەها دکتۆر لەباسەکەیدا دەڵێت: لەسوورەتی (قاف)دا پیتی قاف دەگاتە 57 پیت، وئەم ژمارەیەش بێ ئەوەی هێچی لێ بمێنێتەوە بەسەر ژمارە 19 دابەش دەبێت: (57÷19=3)

ئەوەی جێی سەر سوورمانە لەهەموو قورئاندا کە خوا باسی خزمەکانی لووت پێغەمەر دەکات سلاَوی خوای لێ بێت، بە قەومی لووت ناویان دەبات، وەك ئەم نموونەیە: " فَلَمَّا رَأَى أَيْدِيَهُمْ لَا تَصِلُ إِلَيْهِ نَكِرَهُمْ، وَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً، قَالُوا: لَا تَخَفْ إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَى قَوْمِ لُوطٍ "[114]. واتە: فریشتەکان بە ئیبراهیمیان گوت: مەترسە ئێمە بۆ لای قەومی لووت نێرراوین..

بەلاَم لەم سوورەتەدا بە برایانی لووت ناویان دەبات.. " كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَأَصْحَابُ الرَّسِّ وَثَمُودُ، وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ وَإِخْوَانُ لُوطٍ "[115]،

---

**(113) سورة هود/30.**
**(114) سورة هود/70.**
**(115) سورة ق/12و13.**

ئەگەر وەك شوێنەکانی تر بە قەومی لووت ناوی ببردنایە ژمارەکە دەگۆڕا و دەبووە 58 و ئەوسا بەسەر ژمارە 19 دا بەبێ مانەوە دابەش نەدەبوو..

برایان! ئەمە جێی پرسیارە: ئایا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەم ووردەکاریەی کردووە؟ ئایا ئەو بەوشێوە ئەندازیارییە قورئانی داناوە؟ ئایا بیری لەوەکردۆتەوە کە لە هەموو سوورەتەکانی تردا باسی خزمەکانی (لووت)ی بە قەومی لووت کردووە، و ئەگەر لەم سوورەتەشدا بەقەومی لووت ناویان ببات پیتی قاف لەم سوورەتەدا زۆر دەبێت، و هاوکێشە ئەندازیارییەکە تێك دەچێت؟ و لەبەر ئەوە دەبێ بەناوێکی ترەوە ناویان ببات..

هێمن: بەراستی شتی وا سەر سووڕهێنەرە!! ئەڵلا ..ئەڵلا.. ئەم قورئانە چ کۆشکێکی ناوازەیە، و بەچ ئەندازیارییەك دروستکراوە!!

هیوا : بەڵێ، بەدیهێنەری ئەم بوونەوەرە قورئانی دارشتووە.. برایان! لەزۆر شوێنی قورئاندا نووسراوە (صلوة) و (زکوة) و (حیوة) ، هەندێ لەزانا پایە بەرزەکان دەیان گوت: ئەم وشانە بەرێبازی زمانی عەرەبی نەنووسراون، چونکە لە رەنووسی عەرەبی ئێستادا بەمجۆرە دەنووسرێن: (صلاة) و (زکاة) و (حیاة) ، بەلاَم ئێستا بۆمان دەر دەکەوێت کە قورئان نەك هەر خۆی بەڵکو نووسینەوەکەشی موعجیزەیە، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە ( صلوة) نەنووسرایە ژمارەی پیتی ئەلف لەو سوورەتانەدا زیادی دەکرد و ژمارەی پیتی واو کەم دەبوو، ئەوسا هندسەی کۆشکی قورئان تێك دەچوو، ئەوکاتەش سوورەتەکە لەتەك کێشی ترازووی قورئانا دەر نەدەچوو، واتە بەسەر ژمارە نۆزدەدا بەبێ مانەوە دابەش نەدەبوو..

ووریا: بەڕاستی لەسەر بەرنامەیەکی ئەندازیاری قەشەنگ رەنگی ئەم قوورئانە دارێژراوە!! هەرگیز ئەمە کاری رێکەوتی کۆێر نییە..

بەڵێ، برایان! ئەم دارشتنە دارشتنی خودایە، دەبێ لەهەموو سەردەمێكدا ئیعجازی قورئان دەربكەوێت..

**پەنجە مۆر**:

هیوا : برایان ئێستا باسی موعجیزەیەكی ترتان بۆ دەكەم  كە ئەویش پەیوەندی بە زانیارییەوە هەیە.

هێمن: فەرموو.. بەدڵ گوێمان لێ گرتوویت..

هیوا: برایانی بەڕێز! لەهەر ئایەتێكی قورئان بكۆڵینەوە عەقڵ بەناچاری كڕنووشی بەندایەتی دەبات ودەیسەلمێنێت كە ئەم قورئانە فەرموودەی خودایە.. ئەوانەی  كە لەتواناى ناتوانی خۆیانەوە،  بیبر لەدیمەنەكانی سروشت دەكەنەوە، و لەبەر ئەوە بە ماقووڵی نازانن، ئێسكی رزیوی مردوو زیندوو بكرێتەوە.. لەسوورەتی ئەلقیامەدا خودای بالآدەست روو بەوانە دەدووێت، و دەفەرموێت: " أَيَحْسَبُ الإِنسَانُ أَلَّن نَجْمَعَ عِظَامَهُ؟ بلىَ قادِرينَ عَلىَ أنْ نسَويَ بنانهُ "(116)،

واتە: ئایا كافرەكانی مرۆڤ پێیان وایە پاش مردن ئێسكەكانی كۆناكەینەوە و جارێكی تر زیندوویان ناكەینەوە؟ بەڵێ زیندوویان دەكەینەوە، ئێمە توانامان هەیە كەنەخشە ووردەكانی سەر پەنجە بەدی بێنین و دروستی بكەین..

هێمن: كاك هیوا! چ نهێنییەك لە نەخشەی سەر پەنجەكاندا هەیە؟ وا خوا ئەوەند بەگرنگی ناوی بردووە؟

هیوا: دروستكردنی ئەوسەرە پەنجانە بەوشێوە تایبەتەی كەهەیە لە زیندووكردنەوەی مردوو گرنگترە.. ئەم نهێنییەش  بەهەزار ساڵ پاش دابەزینی ئەم ئایەتەی قورئان زانراوە، هەركەس تۆ بیبری لێ بكەیتەوە، وێنەیەكی تایبەت لەسەری پەنجەكانی دراوە، زیاتر لەپەنجا ملیار پەنجە

---

**(116) سورة القيامة/3.**

هەیە، نەك هەر وینەی پەنجەی من وتۆ بەڵکو ئەوانەش کە جووتەن وێنەی رووی پەنجەکانیان لەیەکتر جیاوازە؟

ئایا ئەم حەقیقەتە هەڵقولاَوی بیری پیاوێکی نەخوێندەوارە صلی الله علیه وسلم ؟ یا فەرموودەی پەروەردگاری ئەم بوونەوەرە پان و پۆڕەیە؟!

هێمن: بەڕاستی فەرموودەی پەروەردگارە، دەنا پێغەممەر صلی الله علیه وسلم خۆی نەخوێندەوار بووە، و لەناو کۆمەڵگایەکی نەخوێندەواردا بووە، چۆن ئەوەی زانی کە ئەم سەرە پەنجانە ئەوەند گرنگن؟! کە زانیاری بەهەزار ساڵ پاش دابەزینی ئەم ئایەتە پەی پێ بردووە؟!

وووریا: بەڕاستی قورئان گەوهەرێکی گران بەهایە، وئێمەی بەستە زمان بەهۆی چاو پێچکی دوژمنانی داگیرکەرەوە، لێی بێ ئاگابووین!! خوا پاداشتت بداتەوە هەروەك بەمجۆرە بەرچاوت روون کردینەوە..

هیوا: خوا پاداشتی هەموو لایەکمان بداتەوە..

وووریا و هێمن: کاك هیوا ! کاتمان درەنگ کرد .. بالەمەزیاتر ئازارت نەدەین، ئەگەر ئیجازەمان بدەیت دەمانەوێ بەجێت بهێڵین..

هیوا: خۆ هێشتا زووە.. پەلەتان چییە؟

وووریا و هێمن: کاك هیوا گیان! دەمانەوێ بڕۆین، باتۆیش پشوویەك بدەیت.. تا چاو پێکەوتنەوەیەکی تر بەخوات دەسپێرین.. خوا حافیز..

هیوا: خواتان لەگەڵ، برا خۆشەویستەکانم! خوا بتان پارێزێت..

# # #

# 16

# هەواڵدانی جۆر بەجۆر:

پاش سێ رۆژ لەدانیشتنی پێشوو، جووتە برا لەسەرکاتی دیاریکراو، بەرەو ماڵی هیوای برادەریان رێکەوتن، و پاش گەیشتن وخۆشهاتن و کەمێك دەمە تەقێ، بەم جۆرە کەوتنە گفتوگۆ:

ووریا: کاك هیوا لەهەفتەی رابووردوودا بڕیار وابوو: لەبارەی هەواڵدانی قورئانەوە شتێکمان بۆ باس بکەیت..

هیوا: بەڵێ کاك ووریا! من لەسەر بڕیارەکەی خۆمم، و پشت بەخوا باسی ئەمڕۆمان لەبارەی ئەو هەواڵانەوە دەبێت کە قورئان داویەتی، وپاش ماوەیەك خاڵ بەخاڵ روویان داوە.

هیوا: برایان بەشێکی تر لە موعجیزەکانی قورئان لەو هەواڵە جۆراو جۆرانەدا دەردەکەوێت کەباسی کردووە، وپاشان وەك خۆیان کت ومت هاتوونەتەدی، بێگومان ژمارەیەکی زۆر لەبلیمەت وهەڵکەوتوو، و زانایانی جیهان پڕی ئەوەیان کێشاوە، کە هەواڵی داهاتوو لەبارەی خۆیانەوە، یان خەڵکی ترەوە بدەن.. بەلاَم رۆژگار زۆربەی زۆریانی بەدرۆ خستۆتەوە.. بەمەرجێك ئەوهەوالأنەی ئەوانیش لەکاتێکدا بووە کە راستبوونیان چاوەڕوانکراو بووە، چونکە بارودۆخ لەتەکیاندا بووە، کەچی رۆژگار بەدرۆی خستوونەتەوە..

بەلاَم ئەو هەوالأنەی کە لەقورئاندا هەن، لەگەڵ ئەوەدا کەلەسەردەمێکی ناهەموار، و کاتێکی دژواردا هاتوون، رۆژگار بەراستی زانیون و وەك گزنگی بەرەبەیان هاتوونەتەدی، و ئەمەش لەلاپەڕکانی مێژوودا

دەخۆێنینەوە، کەهەموو زانیارییەکی مادییانەی ئێمە، لەشیتەڵ کردنەوەی ئەوهەوالأنەو هاتنەدییان دەستەوسان وزەبوونە.. ئەمەش وامان لێ دەکات کە بڵێین: قورئان لەلایەن مرۆڤەوە دانەنراوە..

هێمن: کاك هیوا! ئەگەر زەحمەت نەبێت هەندێك لەهەواڵدانی ئەو زاناو بلیمەتانەی دنیامان بۆ باس بکە کە رۆژگار بەدرۆی خستوونەتەوە..

هیوا: بەسەر چاو، هەندێکتان بۆ باس دەکەم، بۆ نموونە:

**ناپلیۆن بۆنا پارت**، ئەم پیاوە لەسەردەمی خۆیدا بەهۆی ئەوهەموو سەرکەوتنانەیەوە کەلە سەرەتادا بەدەستی هێنابوو، بەیەکێك لەگەورەترین فەرماندەی سوپایی دەناسرا.. تەنانەت خەڵکی بۆچوونیان وابوو کە: ناپلیۆن دەبێتە قەیسەر، یان ئەسکەندەری دووەم.. هەموو ئەمانە رێیان خۆشکرد بۆ ئەوەی ناپلیۆن لەخۆی بایی ببێت، و وابزانێت کەقەدەر لەژێر دەسەلأتی ئەمدایە.. تاوای لێ هات وازی لەراوێژ پێکراوەکانی خۆی هێنا، چونکە وای دەزانی کە لەچارەنووسیدا زاڵبوونی بۆ نووسراوە بەسەر هەموو خەڵکی زەویدا. بەلأم هەموو دنیا و خۆیشی بۆی دەرکەوت، کە: لەچارەنووسیدا چ کۆتاییەك نووسرابوو..

لە رۆژی (18-06 -1815)دا ناپلیۆن لەگەڵ سوپاکەیدا لە پاریسەوە رێکەوت، تائەو دوژمنانەی لەناو بەرێت کە بەرێگەوەن بۆی.. شەش رۆژی پێ نەچوو دۆق ولنگتۆن – کە فەرماندەی سوپای بەریتانیا، و هۆڵندە، و ئەڵمانیا بوو- لە(واترلوو)ی خاکی بلجیکادا، سوپا گەورەکەی ناپلیۆنی تێك و پێك شکاند..

ئەوەبوو کەناپلیۆن لەبەدەستهێنانی سەرکەوتن هیوابڕاو بوو، لە سەرکردایەتی سوپای فەرەنسە رای کرد، وبەرەو ئەمریکا هەڵهات، بەلأم لەنزیك لێوارەکانی دەریاوە پۆلیسەکانی کەناری دەریا گرتیان، و بە قۆڵبەستراوی سوار پاپۆڕێکی هێزی دەریایی ئینگلیزیان کرد، و لە ئەنجامدا چارەنووسی ئەم فەرماندە ناودارە دۆرگەیەکی چۆڵ وهۆڵ بوو، لەخوارووی ئۆقیانووسی ئەتلەسیدا، کە پێی دەگوترێت: دۆرگەی (سانت هیلینیا)، وپاش چەند ساڵێك بە زەلیلی و رسوایی و تەنیایی لەمانگی

شوبات ی ساڵی 1821دا كۆچی دوایی كرد و بەكەسەرێكی زۆرەوە سەری نایەوە..

**بەیانی حیزبی شیوعی**، یەكێكی تر لەوهەواڵانەی رۆژگار بەدرۆی خستۆتەوە، بەیانی حیزبی شیوعی بوو، كە لەساڵی 1848دا دەرچوو، ئەم بەیانە هەواڵی دا كە: یەكەم ولاَتێك ئالاَی شۆڕشی كۆمۆنیستی هەڵبكات ئەڵمانیا دەبێت.. كەچی وا 135 ساڵ بەسەر ئەو هەواڵەدا تێپەڕی(117). و هێشتا لاپەڕەی مێژووی ئەڵمانی لە هەواڵی ئەم شۆڕشە خاڵییە، و یەكەم ولاَتیش رووسیا بوو..

ووریا: ئەی كاك هیوا! ئەوەنییە ئەڵمانیای دێموكراتی ئالاَی كۆمۆنیستی تیا هەڵكراوە؟(118).

هیوا: كاك وریا! كاتێك بەیانی حیزبی شیوعی دەرچوو ئەڵمانیا یەكپارچەبوو، هێشتا دابەش نەكرابوو، هەروەك دەزانیین لەپاش تەواو بوونی جەنگی جیهانی دووەمدا، ئەڵمانیا كرا بەچوار پارچەوە، ئینگلیز و فەرەنسەو ئەمریكا و سۆڤیەت هەریەكە پارچەیەكیان بەركەوت، وسۆڤیەت لەبەشەكەی خۆیدا كۆمۆنیستی سەپاند، و نەیهێشت لەتەك سێ پارچەكەی تردا یەك بگرێتەوە، بەلاَم ئەمریكاو فەرەنسەو ئینگلیز رێیان دا ئەو سێ پارچەیەی ئەوان لە راپرسێكی گشتیدا و لەژێر ناونیشانی ئەڵمانیای فیدراڵیدا یەك بگرێتەوە، و سیستەمێكی دێموكراتی سەرمایەداری تیا پیادە بكرێت. تائێستاش ئەڵمانیای یەكگرتوو داوای ئەوە دەكات لەگەڵ بەشەكەی سۆڤیەتدا یەكبگرنەوە،(2) بەلاَم ئەو مل نادات. ئەمەش بە پێچەوانەی هەموو ئەو ولاَتانەیە كەلەجەنگی جیهانیدا لەتلەت و دابەش كراون..

---

**(117) ئەمە قسەی سەردەمی چاپی یەكەمی ئەم كتێبەیە، كە ساڵی 1983 نێرراوە بۆ رەقابە. ئەوەبوو ولاَتانی كۆمۆنیستیش هەرەسێكی زۆر ناقۆلاَیان هێنا،و ئەوەش كەهەبوو تێدا چوو، كەچی ئەوقسەیە هەر نەهاتە دی..**

**(118) ئەمەش قسەی ئەوكاتەیە كە ئەڵمانیای رۆژهەلاَتی لە بلۆكی كۆمۆنیستی دابوو، و هێشتا پەیمانی وارشۆ هەرەسی نەهێنا بوو..**

بۆ نموونە: کۆریای باکوور وباشوور، ڤێتنامی باکوور و باشوور، هەمیشە باکوورییەکان کە کۆمۆنیست بوون هەوڵیان داوە لەتەك باشوورییەکاندا ببنەوە بەیەك، بەلاَم باشورییەکان قبووڵیان نەکردووە، ئەوەبوو لەئەنجامی شەڕێکی خوێناویدا ڤێتنامی باکوور سەرکەوت و توانی ولاَتەکەی بەزۆر بکاتەوە بەیەك.. کۆریای باکوور تائێستاش هەوڵ دەدات بۆ یەکگرتنەوەی ولاَتەکەیان کەچی کۆریای باشوور کەرژێمێکی سەرمایەدارییە قبووڵی ناکات، و مل نادات..

ئەم حاڵەتە لەئەڵمانیادا زۆر جیاوازە، هەروەك گوتمان: خەڵکی ئەڵمانیای فیدڕاڵ، داوای یەکپارچە بوونی خاکی ئەڵمان دەکەن، وئەڵمانیای کۆمۆنیستی رازی نابێت، وخەڵکی لەئەلمانیای رۆژهەلاَتیەوە بەرەو ئەڵمانیای رۆژئاوا رادەکەن وهەڵدێن بەلاَم پێچەوانەکەی زۆردەگمەنە..

شۆڕش ئەوشۆڕشەیە خەڵکی ولاَت خۆیان بەرپای بکەن، وەك شۆڕشی فەرەنسی، وشۆڕشی ئێرانی و شۆڕشی ئوکتۆبەر، نەك ولاَتێکی بێگانە بێت و یاساکەی خۆی بەسەرا بسەپێنێت.. ئەوە پێی ناگوترێت شۆڕش.. لەبەر ئەوە بەیانەکەی حیزبی شیوعی هەواڵەکەی راست دەر نەچوو، و یەکەم ولاَتیش ئەڵمانیا نەبوو..

**کۆماری سوور**: لەساڵی 1849دا کارل مارکس ئەم هەواڵەی دا و گوتی: کۆماری سوور لەئاسمانی پاریسەوە دەر دەکەوێت.. لەگەڵ ئەوەدا کە دوو سەدەو چارەکێك بەسەر ئەوهەواڵەدا تێپەڕ دەبێت، لەناو ئەم هەوالاَنەدا نابینین هەواڵەکان دەقاودەق هاتبنەدی، جگە لەهەواڵەکانی قورئان..

تەنیا ئەم بەڵگەیە بەسە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە قورئان دروستکراو و دانراوی ئادەمزاد نییە..

# # #

## 17

## هاتنەدی هەواڵەکانی قورئان:

وا ئێستاش چەند هەواڵێکتان بۆ باس ئەکەم، کە قورئان رای گەیاندون، و پیت بە پیت هاتوونەتە دی و روویانداوە، ئەم هەواڵانەش هەندێکیان نزیك لەسەردەمی دابەزینی قورئانەوە، واتە: پاش ساڵێك یا چەند ساڵێك هەواڵەکە هاتۆتە دی، و هی واشیان تێدایە کە پاش هەزار ساڵ هاتۆتە دی.. ئەمەش چەند نموونەیەك بۆ هەواڵە نزیکەکان:

### 1- تێشکانی قورەیش لە غەزای بەدردا:

کاتێك پێغەممەرصلی الله علیه وسلم بانگەوازی ئیسلامی دەست پێکرد هەموو خەڵکی نیوە دورگەی عەرەبی لەبەرامبەریەوە وەستان و ئالأی دوژمنایەتییان بۆ هەڵگرت، وموسوڵمانان لەئازار وسزادا بوون،و لەدەست بەسەریدا دەژییان، ئەوەبوو لە شاری مەککە ئاوارەکران، و کۆچیان بۆ مەدینە کرد، و لەو پەڕی هەژاری و نەداریدا دەژییان، ئاڵەم کاتەدا قورئان مژدەی سەرکەوتن بە موسوڵمانان دەدات و دەفەرموێت: " سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ"(119). "واتە: لەمەولا کۆمەڵەی دوژمنانیان هەڵدێن و تێدەشکێن.. ئەم هەواڵەی قورئان لەوکاتەدا سەرسوورِهێنەربوو، چونکە بیبر لەوە نەدەکرایەوە، موسوڵمانان کۆمەڵێکی چەکداریان هەبێ، و بجەنگن، تا بیبر لەوە بکەنەوە دوژمن لەبەرامبەریانەوە هەڵبێ، و تێ بشکێت!!

ئەوەبوو کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە، عومەری کوڕی خەتتاب گوتی: ئەم کۆمەڵە چییە و کامەیە؟ تا موسوڵمانان کۆچیان کرد، و پاش ماوەیەك

---

**(119) سورة القمر/45.**

جەنگی بەدر رووی دا، دەفەرموێ: گوێم لێ بوو پێغەمەر صلی الله علیه وسلم ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە، ئەوسا لەواتاکەی حاڵی بووم..

ئەوە بوو موسوڵمانان لە غەزای بەدردا سەرکەوتن، وکافرانیش بەخۆیان و کۆمەڵیانەوە تێشکان..

## 2- نیشانکردنی سەر لووتی وەلید:

وەلیدی کوڕی موغیرە کە زۆر ئازاری موسوڵمانانی دەدا، و گاڵتەی بە موسوڵمانان وئاینەکەیان دەکرد، و بەقورئانی دەگوت: ئەمە قسەی پڕوپووچی کۆنە!! هەرلەمەککەدا ئەم ئایەتە لەبارەی وەلیدەوە دابەزی: "سَنَسِمُهُ عَلَى الْخُرْطُومِ "(120). واتە: لەمەولا سەری لووتی نیشان دەکەین، یا سەری لووتی دەبڕین..، ئەم رستەیە لەزمانی عەرەبیدا بۆسوکایەتی کردن بەوکەسە دەگوترێ. برایان! دەزانن ئەم هەواڵدانە کەی هاتە دی؟ لەرۆژی بەدردا شمشیرێك بەر لووتی کەوت، و ئەوماوەیەی ژیا بێ لووت بوو، تا مرد ئەوە نیشانەی گاڵتە پێکردنی بوو..

## 3- ڕۆیشتنە ناو شاری مەککەوە:

لەساڵی حودەیبییەدا کافرانی قوڕەیش نەیان هێشت موسوڵمانان بڕۆنە ناو مەککەوە، و حەجەکەیان بکەن، هەر لە حودەیبییەدا پەیمانی رێکەوتن مۆرکرا، لەرێکەوتن نامەکەدا مەرجی کافرەکان وابوو: ساڵێکی تر رێ بە موسوڵمانان دەدرێ، بێنە ناو مەککەوە، بەومەرجەی بێ چەك بن، یا چەکەکانیان لەناو بارگەو بنەیاندا بێت..

ئایا موسوڵمانان لەم پەیمانەی کافران دڵنیابن؟ خۆ پەیمان شکاندن و پەیوەندی بڕینی خزمایەتی، و چەندان شتی ناشیرینی تریش پیشەی قوڕەیش بووە، ئەوە نییە ئەمڕۆ نایەڵن دیارییەکانیان بۆ کەعبە ببەن؟ ئیتر چۆن بڕوایان پێ بکەن، کە ساڵێکی تر رێی زیارەتکردنی ماڵی خوا دەدەن، و ئەگەر رێیان دا چۆن دڵنیابن کە دەستیان لێ ناوەشێنن، لەکاتێکدا ئەمان هیچ چەکێکیان پێ نەبێ؟! ئایا ئەمە تەپکەیەك نییە بۆیان دەنێنەوە؟

---

**(120) سورة القلم/16.**

ئەگەر شمشێریشیان پێ بێ، دەبێ لەناو کێلاندا بێت، کێ دەڵێت بە تیر تییرە بارانیان ناکەن؟ ئالەم بارو دۆخە ناهەموارەدا، قورئان دێت و دڵنیایان دەکات و دەفەرموێ:" لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ إِن شَاء اللَّهُ آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُؤُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لاتَخَافُونَ... "[121]. واتە: بەم زوانە بەهەموو ئارامی و ئاسوودەییەکەوە -بەویستی خوا - دەچنە ناو کەعبەی پیرۆزەوە، و عەمرە بەجی دێنن، وسەرتان دەتاشن، یاکورتی دەکەنەوە، بێ ئەوەی ترستان لەکەس هەبێت..

لەم ئایەتەدا پەروەردگار لەبارەی سێ شتەوە پێغەممەر و موسوڵمانان دڵنیا دەکات: **یەکەم** چوونە ناوشاری مەککە، **دووەم**: بێوەیی. **سێیەم**: تەواوکردنی عەمرەو ئیحرام شکاندن بەبێ ترس..

برایان ئەوەبوو ساڵی داهاتوو رۆیشتنە ناوشاری مەککەوە بێ شەڕ و ئاژاوە، رێ ورەسمی عەمرەیان بەجێ هێنا، بێ ئەوەی خۆێن لەلووتی کەسێکەوە بێت..

کاك هیوا! بۆ خوای بالآدەست دەستەواژەی:{بە ویستی خوا/ ئەگەر خوا مەیلی لێ بێ }ی بەکار هێناوە؟ خۆ ئەمە بڕیارێکی خواییە و هەر دێتە دی؟

هیوا: کاك ووریا! راست دەکەیت، بەلاَم ئەمە ئەدەبێکە و خوا دەیەوێ موسوڵمانان فێری ئەو ئەدەبە بکات..

هیوا: هەواڵێکی تر لە هەواڵدانەکانی قورئانتان بۆ باس بکەم؟

ووریا و هێمن: ئەرێ وەڵلا زۆر خۆشحاڵ دەبین..

## 4- هەواڵی سەرکەوتنی رۆم بەسەر فارس دا:

برایان! پێش ئەوەی موسوڵمانان لەمەککەوە کۆچ بۆ مەدینە بکەن، مشت ومڕێك لەنێوان ئەوان و بت پەرستەکاندا رووی دا، بت پەرستەکان

---

**(121) سورة الفتح/27.**

لایەنگری فارسەکانی ئێران بوون، چونکە ئەوانیش وەك ئەمان بت پەرست بوون، موسوڵمانەکانیش لایەنگری رۆمەکان بوون، چونکە وەك یەك شوێنکەوتەی پەیامێکی ئاسمانی بوون.. لەم کاتەدا خوا ئەم ئایەتانەی سەرەتای (سوورەتی رۆم)ی بۆ پێغەمەر صلی الله علیه وسلم نارد، و لەدووشت دڵنیای کردن:

" بسم الله الرحمن الرحيم الم، غُلِبَتِ الرُّومُ، فِي أَدْنَى الأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ، فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ بِنَصْرِ اللَّهِ يَنصُرُ مَن يَشَاء وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ، وَعْدَ اللَّهِ لا يُخْلِفُ اللَّهُ وَعْدَهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ "[(122)]. واتە: بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان، رۆمەکان (بەدەستی فارسەکان) تێکشکێنران لەنزیکترین خاکی رۆمەوە بەئێران، ئەوان پاش ئەو تێشکانەیان لەماوەی چەند ساڵێکی داهاتوودا بەسەریانا زاڵ دەبنەوە، تێشکانی پێشوویان و سەرکەوتنی لەمەولایان هەمووی بەدەست خودایە، لەرۆژی سەرکەوتنی ئەواندا ئیمانداران بەیارمەتی خوایی شادمان دەبن..ئەوەی خوابییەوێ سەری دەخات، ئەویش بەدەسەلات ودلۆڤانە..ئەوە بەڵێنی خوا خۆیەتی، وخوایش لەبەڵێنی خۆی سەرپێچی ناکات، بەلاَم بەشی زۆری خەڵکی ئەو حەقیقەتە نازانن..

ووریا: کاك هیوا! ئەو دوو شتە لەم ئایەتەدا چی بوون کە خوا موسوڵمانانی پێ دڵنیا کرد؟

هیوا: یەکەمیان: سەرکەوتنی رۆم بەسەر ساسانییەکاندا، دووەمیان سەرکەوتنی موسوڵمانان بەسەر قورەیشییە بت پەرستەکاندا..

هێمن: کاك هیوا! هەردوو سەرکەوتنەکە جێی سەرسوڕمانە!! چونکە هەروەك موسوڵمانان بێ هێز و بێ چەك و بێ دەسەلاَت بوون، و کەس بەخەیاڵیا نەدەهات بەسەر ئەوهەموو توانا و دەسەلاَتەی قورەیشا سەربکەون، هەروەها بەخەیاڵی کەسیشدا نەدەهات، رۆمەکان لەبەرەی

(122) سورة الروم/1-5.

رۆژ هەلأتەوە، کە تەنیا پایتەختیان بەدەستەوە مابوو، لەناو پایتەختەکەشدا گەمارۆ درابوون ، بەسەر ئێرانییەکاندا سەربکەون..

هیوا: شتێك کەزۆر جێی سەرنجە ئەوەیە: موسوڵمانان چونکە شوێن کەوتەی پەیامی ئاسمانی بوون، حەزیان دەکرد رۆمەکان سەرکەوتن بەدەست بێنن، چونکە ئەوانیش شوێنکەوتەی پەیامی ئاسمانی بوون. لەهەمان کاتدا قورەیشییەکان کە بت پەرست بوون، حەزیان دەکرد ئێرانییەکان سەربکەون، چونکە ئەوانیش وەك خۆیان شوێنکەوتەی پەیامی ئاسمانی نەبوون..

بەلاَم بەڵێنە خواییەکە هاتە دی، و لەو رۆژەدا کە موسڵمانان لە غەزای بەدردا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، و شاد و دڵخۆش بوون، لەورۆژەشدا لەشکری رۆم بەسەر سوپای ئێراندا سەرکەوت، ئەم هەواڵەش لای مێژوو نووسان تۆمار کراوە..

ووریا: کاك هیوا! ئەگەر زەحمەت نەبێ بەدرێژی باسی ئەو تێشکان و پاشان سەرکەوتنەی رومانمان بۆناکەیت، چونکە لەکتێبە مێژووییەکانی ئێمەدا بە تێری ئەو باسە نییە..

هێمن: کاك هیوا! منیش ئەو داخوازییەم هەیە ئەگەر زەحمەت نەبێ

هیوا: برایان! ئەم رووداوە دوور و درێژە و باسکردنی لەباسەکەی خۆمان لامان دەدات، بەلاَم مادام ئێوە داوای دەکەن وپێتان خۆشە، بۆتان باس دەکەم، چونکە منیش خۆشی ئێوەم دەوێ..

ووریا و هێمن: ئێمەش زۆر سوپاست دەکەین وخوا پاداشتت بەخێر بداتەوە..

برایان! هەروەك ئاشکرایە، ئیمپراتۆریەتی فارسی لەرۆژ هەلأتی نیوە دوورگەی عەرەبیەوە بوو، ئیمپراتۆریەتی رومانیش لەباکوور و رۆژئاوا یەوە بوو. سنووری ئەم دووولأتە لەنێوان دوو رووباری دیجلە و فوراتدا

بوو. لەوسەردەمەدا ئەم دوو ئیمپراتۆرە بەهێزترین دەوڵەتانی سەر زەوی بوون.

ووریا: کاك هیوا! یەعنی چی سنووریان دەگەیشتە دیجلەو فورات؟ هەروەك روون و ئاشکرایە لەنێوان ئەم دوو رووبارەدا خاکێکی زۆر و فراوان هەیە..

هیوا: کاك ووریا! هەندێ جار ئێران زاڵ دەبوو، سنووری دەگەیشتە رووباری فورات، هەندێ جاریش رۆم زاڵ دەبوو دەگەیشتە سەر رووباری دیجلە..

ووریا: سوپاس کاك هیوا! تێگەیشتم..

هیوا: برایان! هەروەك مێژوو نووس {ئێدوارد گابۆن}دەڵێ: مێژووی ئیمپراتۆریەتی رۆمان لەسەدەی دووی زاینییەوە دەست پێ دەکات.. لەوکاتەوە تا لەناوچونی رۆمان، وا سەیر کراوە کە: لەهەموو دەوڵەتێکی تری جیهان زیاتر خاوەنی شارستانی بووە، لەبەر ئەوە مێژوو نووسانی جیهان زۆر بایەخیان بەلەناوچوونی داوە.. دەتوانین بڵێین: ئەو بایەخەی بەویان داوە، بایەخیان بە لەناوچوونی هیچ شارستانیەتێکی تر نەداوە. لەم بارەوە نووسراو زۆرن، بەلاَم لەبەر ئەوەی کتێبەکەی ئێدوارد لەوبارەوە جێی متمانەیە، لەلایەکەوە، و لەلایەکی ترەوە زۆر فراوانە، ئەوکتێبەی ئەومان هەڵبژارد، کە ناوی: {مێژووی لەناوچوونی ئیمپراتۆری رۆمان}ە، ئێدوارد گابۆن لەبەرگی پێنجی کتێبەکەیا دەڵێ:

لەساڵی 380 زاینیی ئاینی مەسیحی لەناو رۆماندا جێگیر بوو، وە ئەم ئاینە بووە ئاینی فەرمی ولاَتی رۆمان، و بەشی زۆری دانیشتوان بوون بە مەسیحی، بەلاَم ئێرانییەکان ئاگر پەرست بوون، وئاینی مەسیحییان وەرنەگرت. ئەو شایەی لەکۆتایی سەدەی شەشەمی زاینییدا شای دەوڵەتی رۆمان بوو، ناوی مۆریس بوو، لەبارەی بەڕێووەبردنی کارو باری ولاَت وراميارييەوە، مرۆڤێکی بڵح و لێ نەهاتووبوو..

لەبەر ئەوە سوپاکەی بەسەرۆکایەتی {فۆکاس} لێی هەستایە سەر پێ و لەسەر تەخت دایان بەزاند، فۆکاس بەشێوەیەکی دڕندانە خێزان و بنەماڵەی شای لەناوبرد.. وخۆی کرد بە پاشای رۆمان، نوێنەری خۆی بۆلای شاهەنشای ئێران نارد، لەوکاتەدا شای ئێران کیسرا پەروێزی دووەم بوو، پەروێز زۆر دڵسۆزی مۆریس شا بوو، یاخی بوو، چونکە لەساڵی 590- 591 زاینی بەهۆی پیلانێکی ناوخۆی ئێرانەوە پەروێز هەڵهاتبوو، و پەنای بەمۆریس بردبوو، ئەویش سوپاکەی خۆی خستە ژێر دەستی پەروێز بۆ ئەوەی تەخت وتاجی شاهی بەدەست بێنێتەوە، و هەروایش بوو، لەوشەڕەدا پەروێز بەسەر دوژمنانی ناوخۆیا زاڵبوو، هەروەها دەڵێت: لەماوەی ئەو یەکساڵەدا کە پەروێز لە رۆم بووە، مۆریس کچەکەی خۆی داوەتێ، و بووە بەزاوای رۆمەکان. هەر لەبەر ئەوەش بووە بەمۆریسی گوتووە: بابە! بۆیە بەهەواڵی ئەو کودەتایە زۆر تووڕەو دڵگران بووە، و سەفیری دەوڵەتی نوێی رۆمی بەند کردووە، و لەراگەیاندنێکا بلاَوی کردۆتەوە کە ددان بەم حکومەتە نوێیەی رۆماندا نانێت کە حکومەتێکی شەرعی بێت..

پەروێز بەسوپایەکی بێ ژمارەوە هێرش دەبات بۆ سەر دەوڵەتی تازەی رۆم، لەسنووری پێشووی تێ دەپەڕێت، و دەگاتە سەر رووباری فورات، لەوێش دەپەڕێتەوە، وبەتەواوی ولاَتی شام داگیر دەکات، هەردوو شاری قودس و ئەنتاکییە دەکەونە ژێر دەستیەوە،لەو هێرشەیدا تا رووباری نیل دەڕوات، و بەم شێوەیە سنووری ئێران دەگاتە سەر رووباری نیل.

هەندێ لەپیاو ماقوولاَنی رۆمانی، نامەیەکیان نارد بۆ فەرماندەی سوپای رۆمانی، کەسەر پەرشتی ولاَتانی ژێر دەستەی ئەفریقایی دەکرد، و داوایان لێکرد کەفریای ولاَتەکەی بکەوێت، و لەدەستی داگیرکەران رزگاری بکات..

ئەویش سوپایەکی باشی پێکەوەنا،و بەسەرۆکایەتی کوڕەکەی سوپاکەی لەرێی دەریاوە بەنهێنی رەوانەی پایتەختی رۆمان کرد، تاکەشتییە جەنگییەکان نەگەیشتنە دەوروبەری شار فۆکاس بەخۆی نەزانی، هیرەقل

زۆر بەئاسانی توانی فۆکاسی خیانەتکار بکوژێ و ئیمپراتۆریەتی رۆمان بخاتە ژێر دەستی خۆی..

لەگەڵ ئەوەدا کە هیرەقل سەرکەوت و{فۆکاس}ی کوشت نەیتوانی بەرگری لەلێشاوی سوپای ئێرانی بکات، رۆمەکان هەرچی خاکی ژێر دەستیان لە رۆژهەلاَت و خوارووی پایتەختەوە هەبوو، هەمووی کەوتە ژێر دەست ئێرانییەکان، ئالاَی سەڵیب بەسەر خاکی عیراق وشام و فەلەستین وئاسیای بچووکەوە نەما، و لەشەکانەوە کەوت..

ئیمپراتۆریەتی رۆمان تەنیا خاکی پایتەختی لە ئاسیادا بەدەستەوە مابوو، هەموو رێگاکانی لێ بەسترابوو، پەرژینێکی ئابووری قایمی بەدەورا کرابوو، گرانی بلاَو ببوەوە، نەخۆشی کوشندە پەرەی سەندبوو، خەڵکی دانیشتوانی پایتەخت چاوەچاویان بوو لەکام دەقیقەو سەعاتا سوپای ئێرانی بدات بەسەریاندا، و بیانکاتە کۆیلەو بەردە!! ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوە بازارەکان دابخرێن، و بازرگانی بەتەواوی ئیفلیج ببێت، و قوتابخانەکان چۆل ببن..

لەم ماوەیەدا ئێرانییەکان میللەتانی کۆنە ژێردەستی رۆمیان باش دەچەوساندەوە، هەوڵیان دەدا لەئاینی مەسیحیش وەریان بگێڕن، بۆیە گاڵتەو لاقرتێیان بەئاینەکەیان دەکرد، کەنیسەکانیان تێك دەدان ونزیکەی سەد هەزار مەسیحیی بێ تاوانیان کوشت، و لەجێی کەنیسەکانیان جێی ئاگر پەرستییان دروست دەکرد.. زۆریان لەخەڵکی دەکرد تا ئاگر بپەرستن، وسەڵیبی پیرۆزیشیان بەتالاَنی بۆمەدائینی پایتەختی خۆیان برد.

ئالەم کاتەدا کە رەشبینی و بێ هیوایی دڵ و دەروونی هیرەقلی داگیر کردبوو، بەنیازبوو هەڵبێت ورابکات، نوێنەرێکی بۆلای پەروێز نارد، و داوایکرد تالەگەڵیا رێ بکەوێ،بەلاَم پەروێز قایل نەبوو، نەڕاندی بەسەریا و گوتی: من ئەم نوێنەرەم ناوێ، نا.. من هیرەقلم دەوێ، دەمەوێ بەدەست و پێ بەستراوی، لەژێر پێی تەختی شاهەنشاهی دای بنێم.. تاواز لەو خوایە نەیەنێ کەدەیپەرستێ، واز لەسەلیب نەهێنێ، وتا خوای ئێمە(رۆژ) نەپەرستێ، من هەرگیز لەتەك ئەو رۆمییەدا رێ ناکەوم.

پاش شەش ساڵ ئیمپراتوریەتی فارسی بەوە قایل بوو بەم مەرجانەی خوارەوە لەتەك هیرەقلدا ڕێبکەوێت:

1- سالانە هەزار (تالێنت)زێڕ، تالێنت کێشی یۆنانی کۆنە، و بریتییە لە 26 کیلۆ گرام..

2- هەزار تالێنت زیو.

3- هەزار کراسی ئاورێشم، هەر کراسێك بریتی بووە لە 30 مەتر..

4- هەزار ئەسپ.

5- هەزار کەنیزەکی کچ.

هیرەقل بەهەموو ئەم مەرجانە قایل بوو، و لەسەری ڕێکەوتن، وشەڕ کۆتایی هات.

هەروەك هەواڵی ئەم شەڕو شۆڕ وئاژاوەیە، پایتەختی رۆم وفارسی داگیر کردبوو، خەڵکی نیوەدوورگەی عەرەبیشی بەخۆیەوە خەڕۆ کردبوو، ببوە دەنگو باس لە مەککەی پایتەختی نیوە دورگەدا.

لەساڵی 616 زاینی کە فارسەکان بەسەر ڕۆمانەکاندا زاڵبوون، بت پەرستەکان بەهەلیان زانی، تا بیکەنە وەسیلەیەك بۆ گاڵتەکردن بە موسوڵمانان، و پێیان بڵێن: ئەها برادەرەکانمان چۆن بەسەر برادەرەکانتانا زاڵبوون، ورسوایان کردن، مادام ئێوەش واز لەم ئاینە تازەیە نەیەنن، ئاوەها رسوا دەبن..!!

ئا لەو کاتەدا کە موسوڵمانان لەمەککەدا لەناهەموارترین و خراپترین حاڵدابوون، و لەوپەڕی کلۆڵیدا دەچەوسێنرانەوە، ئەم ئایەتە هاتە خوار" الم، غُلِبَتِ الرُّومُ، فِي أَدْنَى الأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ، فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ بِنَصْرِ اللَّهِ يَنصُرُ مَن يَشَاء وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ، وَعْدَ اللَّهِ لا يُخْلِفُ اللَّهُ وَعْدَهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمُونَ "[123]. " ئالەم کاتەدا کە موسوڵمانان لەشیوی ئەبو تالیبدان، و لەبرسا هاوارو گریەی منداڵ دەچێت بەعاسمانا، ئالەم کاتەدا کە ڕۆمەکان هیچ شوێنێکیان بەدەستەوە نەماوە جگە لەپایتەخت، قورئان ئەم مژدەیە

---

**(123) سورة الروم/1-5.**

دەدات "  غُلِبَتِ الرُّومُ، فِي أَدْنَى الأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ، فِي بِضْعِ سِنِينَ "!!

ئالەوكاتەدا کەقورئان ئەو هەواڵەی دا، بەپێی رواڵەتی مادی هیچ هەواڵێك نەبوو بەقەد ئەم هەواڵە دوور لەواقیع بێ! چونکە لەماوەی ئەم دوانزە ساڵەی کە هیرەقل لەسەرەتای پاشایەتییەوە بردییە سەر، وای دەگەیاند کە ئیمپراتۆریەتی رۆم کۆتایی دێت!

پاش ئەوەی ئەم ئایەتە هاتە خوار، زۆری پێ نەچوو لەسەر شاشەی ئیمپراتۆریەتی رۆمەوە ئاڵ وگۆڕ پەیدابوو..

هیرەقل پلانێکی گرنگی بۆ تێکشکاندنی فارسەکان دارِشت، و دەستی بەئامادەکردنی چەك و کەرەسەی جەنگی کرد، هیرەقل دەیزانی کە هێزی دەریایی فارسەکان لاوازە، خۆی ئامادە کرد تا لەپشتەوەهێرشێك بەرێتە سەریان، لەرێی دەریای رەشەوە لەشکرەکەی بەرەو ئەرمینیا برد، و لەوێوە هێرشێکی کوتوپڕی کردنە سەر، فارسەکان نەیانتوانی خۆیان لەبەرامبەر ئەو هێرشەوە رابگرن وهەڵهاتن، فارسەکان لەئاسیای بچووك هێزێکی گەورەیان هەبوو، هیرەقل بۆجارێکی تر بەکەشتییە جەنگییە کانیەوە هێرشی بۆ بردن، وزیانێکی زۆری پێگەیاندن، وتێکی شکاندن.. پاش ئەم سەرکەوتنە، لەرێی دەریاوە گەڕایەوە بۆ پایتەختەکەی خۆی (قوستەنتینییە)، و لەگەڵ ئەفارینەکاندا پەیمانێکی بەست، بەیارمەتی ئەوان توانی، لەهێرش هێنانی فارسەکان بۆ پایتەخت، بەرگری بکات، پاش ئەم دووشەڕە، هیرەقل سێ شەڕی تری لەدژی فارسەکان کرد، لەرێی دەریای رەشەوە، توانی خۆی بگەیەنێتە (میزۆپۆتامیا)، لەئەنجامی ئەم شەڕانەدا، و بەتایبەت شەڕی ساڵی 624 زاینی، رۆمەکان بەباشی سەرکەوتن، و فارسەکان ناچاربوون، هەموو سەرزەوی داگیر کراوی رۆم  بەجێ بێڵن و بکشێنەوە..

بەم جۆرە رۆمەکان سەرکەوتن،و هەواڵەکەی قورئان دەقاودەق هاتە دی.

هەروەك جەنگی بەدر سەرەتای سەرکەوتنی موسوڵمانان بوو بەسەر بت پەرستانی قورەیشدا، جەنگی ساڵی 624 یش سەرەتای سەرکەوتنی رۆمەکان بوو بەسەر فارسەکاندا، ئەوەبوو لەساڵی 625 زاینیی، و بە

شەڕی نەینەوا کۆتایی بەشەڕی هەردوولا هێنرا، و ئەو شەڕە دوا شەڕی نێوانیان بوو..

بەم جۆرە فارسەکان تێ شکان و شا پەروێز ویستی لەتەلارە قەشەنگ وکۆشکە جوانەکەی خۆیەوە هەڵبێ، بەلاَم ئاژاوەیەك لەناو کۆشکی شاهیدا رووی دا، و شێرۆی کوڕی پەروێز باوکی گرت، وخستییە بەندیخانەوە، شێرۆ هەژدە کوڕی پەروێزی باوکی هێناو لەبەرچاو باوکییەوە سەری بڕین، کە ئەمانە هەمووی برای خۆیشی بوون، وسەرەنجام باوکیشی کوشت، وپاشان خۆیشی کوژرا..

ئینجا قوبادی دووەم کوڕی پەروێز داوای رێکەوتنی لەرۆمەکان کرد، هەردوولا لەسەر ئەوە رێکەوتن کە فارسەکان واز لەسەرزەوییە داگیر کراوەکانی رۆم بێنن، و سەڵیبی پیرۆزیان بۆ بنێرنەوە.. (هیرەقل)یش بەسەرکەوتوویەوە گەڕایەوە بۆ پایتەختەکەی خۆی، لەکاتێکدا چوار فیل کەژاوەکەیان رادەکێشا، و بەهەزاران کەس هاتبوون بۆ دەورو بەری شار بەپێشوازیەوە، مەشخەڵێك ولقە زەیتوونیکیان بەدەستەوە گرتبوو.. ئەمە بەسەرهاتی ئەو شەڕەی نێوان رۆم و فارس بوو..

ووریاو هێمن: بەراستی شادمان ودڵخۆشت کردین، خوا دڵخۆشت بکات..

هیوا: برایان! ئێستا تێگەیشتن کە موعجیزەی قورئان لەبارەی هەواڵدانەوە چەند گەورەو گرنگە؟

ووریا: بەڕاستی کاك هیوا! نەك هەرمن بەڵکو هەرکەس کەمێ ویژدانی هەبێ، ئەگەر ئاوها لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی قورئانەوە هەبێ، هیچ چارەیەکی نییە، جگە لەوە کە بڵێ: قورئان پەیامی خودایە، ودەستکردی ئادەمیزاد نییە، چونکە هەواڵێك، دوان، دە... هتد، چۆن هەموو ئەمانە راست و کتومت دەرچوون؟

هیوا: کاك ووریا! سێ هەواڵی تر ماون بۆتانی باس بکەم، ئەم هەوالآنەش پەیوەندییان بە سەرکەوتنی ئیسلام و پارێزگاریکردن لە قورئان، وپاراستنی پێغەمەر صلی الله علیه وسلم ەوە هەیە، ئینشائەڵلا لە چاو پێکەوتنێکی تردا بۆتان باس دەکەم، فەرموون ئەو میوەیان هێناوە باکەمێك بخۆین..

ووریا و هێمن: خوا نەیبڕێ پێویستی بەو زەحمەتە نەدەکرد، ئێمە خواردنێکی زۆر خۆشتر و بەسوودترمان لەو میوەیە خواردووە، ئەویش خۆراکی هزر و بیر بوو..

بەڵێ، پاش ماوەیەك هەستان، و بەئارەزووی دیداری داهاتوو کاك هیوایان بەجێ هێشت..

# # #

**18**

## بەڵێنی پاراستنی ئیسلام:

ووریا و هێمن دوو ڕۆژە هیوای برادەرو رابەریان نەبینیوە، بۆیە ووریا خۆی کۆکردەوە، وهات بەشوێن هێمنی ئامۆزا و برایدا،و پێکەوە بەرەو ماڵی هیوا کەوتنە ڕێ، لەوەدەچێ ئەمڕۆ زۆر جیاوازبێ لەرۆژانی تر، چونکە رۆژانی تر کە بۆلای هیوا دەڕۆیشتن نەخۆش بوون، نەخۆشی گومان و دوودڵییان هەبوو، بۆ چارەسەر دەچوون، بەلاَم ئەمڕۆ گومانیان نەماوە و نەخۆش نین، تەنیا بۆ زیادە شارەزایی بوون دەچن، و لەم ماڵەدا سرەوتی دەروونییان بەدەست هێناوە، و گەیشتوونەتە دڵنیایی تەواو..

بەڵێ، جووتە برا گەیشتن پاش سلاَو وهەواڵپرسین و هەندێ قسەی میانەیی بەم جۆرە کەوتنە گفتوگۆ:

هیوا: برایان! هیوادارم شنەی شەماڵی فێنکی قورئان، ماندوویی دڵ و دەروونی لا بردبن..

ووریا: براگیان ! بەراستی هێزی گورزی بەڵگەکانت کەلـلەی کابووسی گومانمانی هەپروون هەپروون کرد، خوا تۆمان لێ نەسێنێ..

هێمن: منیش دەڵێم : ئەوانەی لەبارەی قورئانەوە گومانیان هەیە، خۆزگا بەوردی دەستیان بەتوێژینەوە و لێکۆڵینەوە بکردایە، تا بە باشی دڵ و دەروونیان دەحەوایەوە!!

هیوا: برایان ! بڕیار وابوو ئەمڕۆ لەبارەی هەندێ هەواڵی تری قورئانەوە بۆ تان باس بکەم؟

ووریا: بەڵێ.. بڕیار وابوو.

هیوا: برایان! هەروەك چەند جارێكی تریش باسمان كرد كاتێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بانگەوازی ئیسلامی دەست پێكرد هەموو دانیشتوانی نیوە دوورگەی عەرەبی لەبەرامبەریەوە وەستان، و ئالأی دوژمنایەتییان لە دژی هەڵكرد..

لەكاتێكا موسوڵمانان و پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم لە مەككەوە كۆچیان كرد بۆمەدینە، لەسێ بەرەوە رووبەرووی دوژمن بوون.

ووریا: كاك هیوا! ببورە قسەكانت پێ دەبڕم، مەبەستت ئەوەیە كە لەناو مەدینەو دەوروبەریدا سێ جۆر دوژمنیان هەبوو؟

هیوا: بەڵێ، كاك ووریا! ئەو سێ جۆرەش بریتی بوون لەمانە: **بەرەی یەكەم** هۆزە بت پەرستەكان، **بەرەی دووەم**، سەرمایە داری جوو، **بەرەی سێهەم:** ئەو دوو ڕووانە بوون كە خۆیان خزاندبووە ناو ریزی موسوڵمانانەوە، تا وەك خۆرە لەناوەوە بیخۆن و لە ناوی بەرن..

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەبەرامبەر ئەم حاڵەتانەوە، چەندان هەڵوێستی بێ وێنەی هەبووە، و جگە لە كۆچبەران و پشتیوانان كەمێكی زۆركەم لەخەڵكی مەدینە، لەم هەڵویستانەدا پشتگیری تری نەبووە..

هێمن: ئەڵبەت خودا یەكەم پشتیوانی بووە!

هیوا: بەڵێ، ئەوە ئاشكرایە كەخودا پشتگیر و پشتیوانی بووە، بەلأم ئێمە لێرەدا مەبەستمان: هێز و پشتیوانی ئادەمییە، دەنا پشتگیری ڕاستەقینەی ئەو تەنیا خوا بووە!!

بەڵێ، موسوڵمانان لەوپەڕی دەست كورتی و هەژاریدا بوون، چونكە ئەوانەی لەمەككەوە كۆچیان كردبوو، كافرەكانی مەككە ماڵ وسامانیان زەوت كردبوون، دەتوانین وێنەیەكی ئەو هەژارییە لە (ئەهلی سوففە)دا ببینینەوە. ئەهلی سوففە كۆمەڵێك لەو موسوڵمانانەی مەككە بوون كە لەمەككەوە كۆچیان كردبوو، بەلأم ئەوەی ماڵ و سامان بێ پێیان نەبوو، لەمزگەوتی پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم دەژییان..

لەم حاڵەتەدا کەهەژاری ودەربەدەری وئاوارەیی باڵی بەسەردا گرتبوون، موسوڵمانان بەدەرەوە بوون، و لەهەموو کاتێکدا چاوەڕوان دەکرا، دوژمن بەسەریاندا بدات، ئەمانیش قەلاَی قایمیان نەبوو، تا ببیتە بەستێك بۆئەو جۆرە هێرشە ناکاویانە.. ئالەم کاتەدا قورئان مژدەی سەرکەوتنیان پێ دەدات و دەفەرموێ: " كَتَبَ اللَّهُ لأَغْلِبَنَّ أَنَا وَرُسُلِي إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ "(124). واتە: خودا بڕیاری داوە کە: خۆم وپێغەممەرەکانم سەرکەوتوو دەبین، بەراستی خوا بەهێز و بالاَ دەستە..

ئەم ئایەتەی تریش هەر لەمەدینەدا دابەزی، و دڵنیای کردن، کە: ئەم ئاینی ئیسلامە سەر دەخات، هەرچەند دوژمنانی هەوڵ بۆ لەناو بردنی بدەن : " يُرِيدُونَ لِيُطْفِؤُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ." (125). واتە: دەیانەوێ بەفوو،و بە قاڵەی دەم نووری خوا بکوژێننەوە،(خەیاڵیان خاوە) خوا نوری خۆی تەواو دەکات و دەی چەسپێنێت، هەرچەند کافرو بێ بڕوایان پێیان ناخۆش بێت.. برایان**!** ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەم مژدەیەدا تێ نەپەڕی کە هەموو نیوەدوورگەی عەرەبی کەوتە ژێر دەست موسوڵمانانەوە..

هێمن: بەراستی جێی سەرسووڕمانە لەو کاتەدا کە کەس چاوەڕوانی سەرکەوتنی موسوڵمانان ناکات، خوا مژدەی سەرکەوتنیان پێ دەدات**!!**

ووریا: ئەی بۆ ئەوە ناڵێیت: موسوڵمانان تەنیا لەیەك شتدا لە کافرەکان زیاتر بوون، ئەویش مەسەلەی باوەڕ بوو، دەنا لەژمارەدا زۆر لەوان کەمتر بوون، و چەکی باش و ولاَخی چاکیان نەبوو، کەچی خوا مژدەی سەرکەوتنیان بەسەر دوژمنانێکدا دەداتێ کە تا دنندانیان پڕچەکن، سوپای گەورەو چەك وکەرەسەی جەنگی تەواو و هەمەجۆریان هەیە.. پێم وایە ئەم مژدەیەش بۆ هەموو موسوڵمانان بێت، لە هەموو سەردەمێکدا، بەومەرجەی ئاوەها باوەڕی پتەو و دامەزراویان هەبێ..

---

**(124) سورة المجادلة/21.**
**(125) سورة الصف/8.**

هیوا: بەڵێ، برایان! هەرکاتێ ئەو باوەڕە دامەزراوەمان هەبوو، خوا بەسەر گەورەترین دوژمندا سەرمان دەخات. ئایا بەپێی تەفسیری ماددی، ئێمە چۆن ئەم هەواڵەی قورئان شیتەڵ بکەینەوە؟!

هێمن: وەڵلا کاك هیوا گیان! تەنیا ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە، سەری تەسلیم دابنەوێنین، و بڵێین: قورئان فەرموودەی ئەو پەروەردگارەیە، کە ئاگای لەرابوردوو، وداهاتووی نزیك و دوورە!

ووریا: کاك هیوا گیان! لەبەرامبەر شتی ئاوەها واقیعییەوە، ژیری و هۆش بۆاریکیان بۆ سەربادان نامێنێتەوە، لەبەر ئەوە پڕ بەدەم هاوار دەکەن: قورئان فەرموودەی خوایە..

## بەڵێنی خوایی بۆ پاراستنی پێغەمبەر:

هیوا: برایان! خوای بالأدەست لەقورئانی پیرۆزدا، بەم ئایەتە بەڵێنی بەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم داوە، کە: لەدەستدرێژی دوژمنان دەیپارێزێ:" يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ "[126]. واتە: ئەی پێغەمبەر! ئەو پەیامەی خوا بۆی ناردوویت بێ دوودڵی بیگەیەنە، ئەگەر وات نەکرد پەیامەکەیت نە گەیاندووە، دڵنیاش بە: خوا لە شەڕو خراپەی خەڵکی دەتپارێزێت، بێگومان خوا هیدایەتی قەومی کافران نادات..

برایان! توخوا ئەم زەمانەت وگرێنتییە چ مرۆڤێك دەتوانێ هەیبێت؟ باپاشا یا سەرکۆماریش بێت، و بەفەوج پاسەوانی هەبێ، و چەك بەدەست لەپاش وپێش و لەملا و لایەوە، هەمیشە چاوە زەقەیان بێت، و چاوێکیان کردبێتە سەد چاو.. چەندان پاشاو سەرکۆمارمان بینی، یا لەرێگەی میدیاکانەوە بیستمان، یا مێژوو بۆی تۆمارکردووین کە لەناو کەژاوەو پاسەوانەکانیا چۆن بەدەستی دوژمنانیان کوژراون وتیاچوون؟!

---

**(126) سورة المائدة/67.**

بەلاَم بزانە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم چەند لەم ئایەتە دڵنیا بووە، و چەند متمانەی بەم بەڵێنەی پەروەردگاری هەبووە؟ ئەبووسەعیدی خودری خوا لێی رازی بێ، بۆمان دەگێڕێتەوە، کە: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێش هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە، بەشەوا حەرەسی بۆ دانرابوو، هەر شەوە یەکێك پاسەوانی بوو، بەلاَم کەئەم ئایەتە دابەزی، فەرمووی: خەڵکینە! پاسەوانیم مەکەن، و هەرکەس بڕواتەوە ماڵی خۆی، چونکە بێگومان خوا پارێزگارمە، و ئاگاداریم دەکات..

ووریا: کاك هیوا! هیچ رووداوێك لەژیانی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم هەبووە ئەوە بسەلمێنێت، وپشتیوانی ئەم بەڵێنە بێت؟

هیوا: کاك ووریا! رووداو زۆرە، بەلاَم بۆ ئەوەی درێژە بەباسەکەمان نەدەین، وەك نموونە، تەنیا دوو رووداوت بۆ باس دەکەم، و خویشت پاشان سەیری (ژیانی پێغەمبەر مەزن) بکە.

**رووداوی یەکەم**: لەغەزای (حونەین)دا موسوڵمانان لە سەرەتای جەنگەوە تێشکان و شپرزەبوون، لەو شپرزەبوونەدا کەهێرشیان بۆ هێنان زۆریان لێ شەهیدبوو، زۆریان رایان کرد، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، چەند کەسێکی نەشپرزاوی لەدەورا مابوەوە، ئالەو کاتەدا کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سواری هێسترەکەی ببوو، ئاوزەنگی لێ دەدا، و بەرەو رووی دوژمنان دەرۆیشتە پێشەوە.. عەباسی مامی لغاوی هێسترەکەی گرت، و نەیهێشت زیاتر بچێتە پێشەوە.. کە دوژمن ئەملاو لایان گرت رای نەکرد، و هەڵنەهات، و لەسەر هێسترەکەی دابەزی، وەك ئەوە مەیدان دارییان بکات، ئالەوکاتەدا بەدەنگی بەرز دەیفەرموو: من پێغەمبەری خودام، من موحەممەدی کوڕی عەبدول موتەللیبم، وەك ئەوە شوێنەکەی خۆییان پێ پیشان بدات..

لەگەڵ ئەوەدا خوا پاراستی و نەیانتوانی بیکوژن، و لەئەنجامیشدا موسوڵمانان سەرکەوتن، وئەو سوپا گەورە و قەبەیان تێکشکاند..

**ڕووداوی دووەم**: جابیر دەفەرموێ: هەر کاتێ لەسەفەر بهاتبانایەوە، و پشوومان بدایە، هەردرەختێك سێبەرەکەی چڕو پڕ بوایە بۆ پێغەمەرمان صلی الله علیه وسلم بەجێ دەهێشت، لەشوێنێکدا بووین پێیان دەگوت: (ذات الرقاع) ، پێغەمەر صلی الله علیه وسلم لەژێر درەختێکا دابەزی، و شمشێرەکەی پیا هەڵواسی و، و خەوت..

پیاوێك لەکافران، بەپەنامەکی خۆی گەیاندبووە ناو ئۆردووگاکە، و ڕۆیشتبووە سەر سەری پێغەمەر صلی الله علیه وسلم، وشمشێرەکەی ئەو بەڕووتی بەدەستەوە دەگرێ، و خەبەری دەکاتەوە، و دەڵێ: ئێستا کێ تۆ لەدەستم رزگار دەکات؟ ئەویش دەفەرموێ: خودا.. یەك دووجار ئەم قسەیە لەنێوانیاندا دووبارە دەبێتەوە، و لەئەنجامدا شمشێر لەدەستی پیاوەکە دەکەوێتە خوارەوە، و پێغەمەر صلی الله علیه وسلم دەیگرێت بەدەستیەوە، ودەفەرموێت: ئەی کێ ئێستا تۆ لەدەستی من رزگار دەکات؟**!**

پێغەمەر صلی الله علیه وسلم لێی دەبوورێ و ئازادی دەکات.. پاشان کابرا دێتەوە بۆ لای پێغەمەر، و موسوڵمان دەبێت، و دەبێتە هۆی هیدایەتی خزمەکانیشی..

ووریا: ئەم ڕووداوە هەروەك باسی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنە خواییەی تیا بوو، یەکێ لەگەورەترین سیفەتەکانی پێغەمەریشی صلی الله علیه وسلم پیشان دا، کە ئەویش ئەو لێبوردنە گەورەی پێغەمەر بوو صلی الله علیه وسلم، بەرامبەر بەو کەسەی کەهاتووە بیکوژێ، و هەوڵی خۆیشی داوە بۆ کوشتنەکەی.. بەلاَم ئەو لەجیاتی ئەوەی بیکوژێ دەیبەخشێ..

هیوا: بەڵێ، کاك ووریا گیان**!** ئەوانەی بێ ئاگایانە چێو لە تاریکی دەکوتن وپێغەمەری خوا صلی الله علیه وسلم بە خۆێنڕێژ ناوزەد دەکەن، باسەرێك لەژیان و ڕەوشتەکانی پێغەمەر صلی الله علیه وسلم بدەن.. و چەندان نموونەی واو لەمە گەورەتر لەژیانی فەخری عالەمدا ببینن.

ڕووداوی تر زۆرن بۆ ڕاستیەتی ئەم بەڵێنە خواییە، هەر ئەم ئایەتەی کەباسمان کرد " وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ " گەورەترین بەڵگەیە لەسەر

ئەوەی کەقورئان فەرموودەی خودایە، و بەوەحی هاتووە بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ، ئەگینا یەکێك لەخۆیەوە چۆن دەتوانێ شتی وابڵێت؟ بەمەرجێ بڕوات بەگژی بیبیرو باوەڕی گەلێکی یاخی سەرکێشی کەللە رەقدا، و پلار بگرێتە خۆیان و خودایان و ئاینیان،و ئەو گەلەش بەجارێ دوژمنی بن، و بەخوێنی سەری تینوو بن؟ و جووەکان و دووڕووەکانیش هەمیشە هەوڵ بۆ کوشتن و لەناو بردنی بدەن، جا یەکێك ئەگەر خوا نەخواستە درۆی وا لەگەڵ خوایشدا بکات، هەرگیز ناوێرێ درۆی وا لەتەك خۆیدا بکات، چونکە تیاچوونی خۆی تێدایە، لەبەر ئەوە پڕکێشی ئەو درۆیە ناکات. "

ئەوە بوو هەتا بەتەواوی ئاینەکەی بە موسوڵمانان نەگەیاند، کۆچی دوایی نەکرد، و بەکوشتنیش نەکوژرا، و بەڵکو بەمردنی خوایی مرد، و وەفاتی کرد..

هێمن: کاك هیوا گیان! دەمت خۆش بێت، ئەوا لەوە حاڵی بووین کە هەواڵدانی قورئان لەبارەی سەرکەوتنی موسوڵمانان و ئاینەکەیان، و لەبارەی پاراستنی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم  هەمووی راست دەرچوو، و ئەو بەڵێنانە هەموو هاتنە دی، و واقیع سەلماندی، کە قورئان بەهۆی بیرکردنەوەی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم دانەنراوە، و بەڵکو فەرموودەی خودایە، وەك گەورەترین و بەرزترین باڵەخانە بەشێوازێکی ئەندازیاری زۆر گرنك داڕێژراوە.. دەکرێ باسی هەواڵێکی تری قورئانمان بۆ بکەیت؟

## پارێزگاری لە قورئان:

هیوا: کاك هێمن گیان! هەر ئێوە بێ تاقەت نەبووبن، بەسەر چاو، من ئامادەم یەکێکی تر لەو بەڵێنانەی خوداتان بۆ باس بکەم، کە پارێزگاری کردنە لە قورئان، و خودا لەم بارەوە فەرموویەتی: " إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ "[127].

---

**(127) سورة الحجر/ 9.**

واتە: بەراستی ئێمە قورئانمان دابەزاندووە، و بێگومان هەرئێمەش پارێزگاری لێ دەکەین.

ئەم ئایەتە لەشاری مەککەدا هاتووە بۆپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و بۆیشم باسکردن کە حاڵی موسوڵمانان و بانگەوازی ئیسلامی لە مەککەدا چۆن ولەچ وەزعێکدا بوو.. نزیکەی سیانزە ساڵ قورەیشییەکان پشتیان کردە قورئان و گوێیان بۆ نەگرت، و نەیان دەهێشت کەسی تریش گوێی بۆ بگرێت.. ئەو کۆمەڵە کەمەی باوەڕیان پێ هێنا بوو، ئازار دەدران و دەچەوسێنرانەوە، گەمارۆی ئابووریان دان، پیلانیان دارِشت بۆ ترۆرکردنی خودی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، و لەناو بردنی پەیامەکەی، بەئاشکرا وبەنهێنی هەوڵیان بۆ لەناوبردنی ئەم ئاینە دەدا.. بۆ کەس دەیتوانی لەو شەوە تاریکە ئەنگوست لەچاوەی کە سیانزە ساڵی خایاند، سۆلسۆلەیەك رووناکی بەدی بکات؟! بۆ هیچ هیوایەك لەئاسۆوە هەبوو کە: ئەو موسوڵمانە چەوساوانە بتوانن رۆژێك بە ئارەزووی خۆیان هەناسە بدەن، و دەنگیان بەرز بکەنەوە، و بەئاشکرا ئەم ئاینەیان بگەیەنن؟!!

ئەوا گریمان پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو هیوایەی هەبوو کە لەژیانی خۆیدا پارێزگاری لێ بکرێ، ئەی لەپاش خۆی کێ کەفالەتی ئەوە دەکات ئەم بانگەوازە لەهەموو باوبۆران وشەپۆلە ناهەموارەکانی داهاتوو بپارێزێ؟! مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە چەندان چاکەخواز هاواری چاکە خوازی بەرزکردەوە، بەلاَم پاش خۆی درا بەدەم باوە و بانگەوازەکەی کوژایەوە و کپ بوو..

چەندان شار دروستکران؟ بەلاَم وێران کران و شوێنەواریشیان نەما؟ چەندان پێغەمبەر علیهم السلام کوژران؟! چیها کتێب تیا چوو؟ یا گۆڕا، یا کەم و زیاد کران؟!

ووریا: کاك هیوا! دەبێ کەسێکی تر ئەم پارێزگارییە لە ئەستۆ بگرێ، چونکە هەروەك خۆت باست کرد: کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وەفاتی کرد کێ ئەو پەیامەی بپارێزێ؟ بەلاَم کێ هەیە ببێتە زامن بۆ

پاراستنی، لەرۆژگاریکدا کە پڕیەتی لە ئاڵوگۆڕ و رووداوی ناکاو و چاوەڕوان نەکراو؟!

هیوا: بەڵێ، کاك ووریا! تەنیا ئەو پەروەردگارە دەتوانێ ئەو کەفالەتە بکات و ببێتە زامنی، کە لغاوی رووداوەکانی رۆژگار هەمووی لەدەست خۆیایەتی، ئەو پەروەردگارەی ئاگاداری سەرەتاو کۆتایی هەموو شتێکە.. خۆ ئەگەر لوتفی خوا نەبوایە، کە بەڵێنی بە پاراستنی قورئان داوە، بۆچ قورئان دەیتوانی بەرگەی ئەو هەموو شەڕە بەهێزانە بگرێت کە لەگەڵیا کراوەو دەکرێ؟!

هێمن: کاك هیوا! ئەم پاراستنی قورئانە لەلایەن خوا وە لەوەدا دەردەکەوێ کە هەزار و چوار سەدو ئەوەندە ساڵە قورئان بە ئیملایەك نووسراوەتەوە، وکۆمەڵێ وشەی هەیە لەئیملای ئەمڕۆ جیاوازترە، کەچی تا ئێستاش کەس نەیوێراوە بیگۆڕێ، ئایا ئەمە بەڵگەیەکی گەورە نییە بۆپاراستنی قورئان؟

هیوا: برایان! ئەم بەڵێنەی خوا بۆ پاراستنی قورئان زۆر بە ئاشکرا هاتۆتە دی، مامۆستای خاڵ بەرەحمەت بێ لەپێشەکی بەرگی یەکی تەفسیرەکەیدا لەوبارەوە شتێکی نووسیوە پێم خۆشە پێکڤە بیخۆێنینەوە:

لەرۆژێکەوە قورئان هاتۆتە خوار تا ئەمڕۆ، موسوڵمانان بەدەست و بەدەم گرتوویانە، و لەگەڵیا خەریك بوون، و لە هەموو گۆشەو قوڕنەیەکەوە لێی ورد بوونەتەوە، و هەزاران کتێبیان نووسیوە، و عیلمیان داناوە بۆ خزمەتی قورئان، و سەدەها تەفسیر و ئوسوڵی تەفسیریان بۆ نووسیوە، ئەوانەشیان کە نەیان توانیوە تەفسیری لێ بکەن و کتێبی تیا بنووسن، هیندێکیان قورئانیان نووسیوەتەوە بەدەستنووسێکی وا جوان کە چاو روون بکاتەوە، هیندێکیان سەرەتای قورئان و سوورەتە کانیان رازاندۆتەوە بەنەخشی جوان وزەرکفت کاری، و هیندێکیان ئایەت و وتەو پیتەکانیان ژماردووە، کە ئایەتەکانی: (6666)، و وتەکانی(76440)، و پیتەکانی (323671) دەرچوون، هەروەك هەموو پیتێکیان ژماردووە، کە ئەوەندە ئەلف وئەوەندە بێ و ئەوەندە تێی تیایە، تا هەر بیست وهەشت پیتەکە، و ئەوەند پیتی خاڵدار و بێ خاڵی تیایە، و لەخاڵدارەکان ئەوەندەیان یەك

خاڵی و ئەوەندەیان دوو خاڵی و ئەوەندە خاڵ لە قورئاندا هەیە، و دۆزیویانەتەوە کە پیتی (ط) لەوشەی (ولیتلطف )لەسوورەی{کهف}دا ناوەڕاستی قورئانە، و هیندێکیان بەرگ و کیفەکەیان رازاندۆتەوە، و ئەوەی ئەمانەشی نەزانیبێ پارەی زۆری بۆ نووسینەوەی قورئان داوە، و یابۆ لەچاپدانی، و یابۆ لەبەرکردنی، هەروەك بەهەزاران وەقف دانراوە بۆ خزمەتی قورئان و قورئان خوێن "..

ئایا ئەمانە هەموو بەڵگە نین بۆ هاتنەدی ئەو بەڵێنەی خوا کە قورئان دەپارێزێ؟

ووریا و هێمن: بەرێ وەڵلا هەموو بەڵگەن..

برایان لە مێژوو بپرسن چەندەها جار دوژمنانی قورئان هێرشیان هێنایە سەرخاکی موسوڵمانان و قەسابخانەیان بۆ دانان، کتێبخانەکانیان سووتاندن و مزگەوتەکانیان رووخاندن؟ خۆ هەموومان هێرشی مەغۆل وتەتەر و (خاچ هەڵگران)مان لە لاپەڕەکانی مێژوودا خوێندۆتەوە کە چیان بەموسوڵمانان کرد! بەلاَم گەورەیی ئەم ئیسلامە لەوەدایە لەپڕ ئاگری بڵێسەداری ئیسلام لەو ژیلەمۆیە پەیدابووە و داگیرکەرانی کافری کردۆتە خۆلەمێش، و ئالاَی قورئان بەرزبووەتەوە..

فەرەنسە چی نەکرد بە جەزائیر وتونس ومەغریب و سەنیگال و گابۆن وولاَتە ئیسلامییەکانی تری ژێر دەستی؟! ئیتالیا چی نەکرد بۆ لەناوبردنی قورئان وئیسلامەتی لە لیبیادا؟! بەلاَم خوا عەبدولقادر جەزائیرییەك و عومەر موختارێکیان بۆ دەکاتە ملۆزم هەموو خەو و خەیاڵێکیان لێ تێك دەدەن، و قوتابیانی قورئان زیندوو دەکەنەوە.. ئینگلیس لەمیسرو سوودانا چ پیلانکی پیادە کرد؟! لە عیراق وفەلەستین وهیندا چی نەکرد؟!

ئەتاتۆرك لەتورکیا چی نەکرد، بەخەیاڵی خۆی رەگ وریشەی ئیسلامی لە تورکیا دەرهێنا، بەلاَم خوا سەعید نوورسیی بۆکردە چقڵی چاوی، و بە هۆی هەوڵی ئەوزاتەوە، سەرلەنوێ قورئان لەو ولاَتەدا سەوز بوویە وە.

## ڕەنجەڕۆ بوونیان بۆ دەمێنێتەوە:

خۆ ئەگەر چاو بە هەواڵی ڕۆژنامەکانی جیهانی ئیسلامی و دەرەوەدا بگێڕین، دەبینین بەم ڕۆژگارە کووپە زێڕەو بۆ لەناو بردنی قورئان و سەر لێشێواندنی موسوڵمانان خەرج دەکرێ، بەلاَم لە ئەنجامدا سەر لەبەرد دان، و ماڵ وێرانبوون، و ڕەنجەڕۆ بوون نەبێ، هیچی تریان دەستگیر نەبووە.. لەم بارەوە قورئان دەفەرموێ: " إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ لِيَصُدُّواْ عَن سَبِيلِ اللّهِ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ إِلَى جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ"[(128)]. واتە: بێگومان ئەوانەی کافرن، ماڵ وسامانی خۆیان بەخت دەکەن، تا بەربەست لەڕێی بەرنامەکەی خوا دابنێن، و لەو پێناوەدا ماڵ و سامانایان خەرج دەکەن، پاشان دەبێتە داخ و خەفەت بۆیان، و دواتر شکست دێنن، کافرو بێ بڕوایانیش بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێن..

هۆیەکەشی ئەوەیە خوا بەڵێنی داوە ئەم قورئانە بپارێزێ، و پارێزگاری ئیسلام بکات..

بەڵێ، دوژمنانی ئیسلام هەوڵیان داوەو هەوڵ دەدەن بۆ لەناو بردنی قورئان، خۆ قسەکەی "گلادستۆن "ی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا لەئەنجومەنی گشتی بەریتانیادا کردی، ئێستاش لە گوێی هەموو موسوڵمانێکی مەرد و پەیامدارا دەزرنگێتەوە، کە بێشەرمانە گوتی: لەناو ولاَتانی ئیسلامیدا کۆسپی هەرە گەورەی بەر دەممان، بوونی دوو شتە: و دەبێ بەوپەڕی توانامانەوە هەوڵبدەین، و بەهەر نرخی بێت، لەناویان بەرین، یەکەم: قورئان.. دووەم: کەعبە!!

برا خۆشەویستەکانم! دەبێ بزانین بۆچ ئیستیعمار و دەستنیاکانی لەجیهانی ئیسلامیدا نایانەوێ قورئان بمێنێ؟

ووریا: هۆی چییە کاك هیوا؟

---

(128) سورة الأنفال/36.

هیوا: برایانی خۆشەویست! چونکە قورئان مرۆڤی پەیامدار دروست دەکات، و کۆمەڵ و کۆمەڵگا دەگۆڕێ لە: دووبەرەکی و جیا وازییەوە بۆ یەکیەتی و برایەتی، لە ژێر دەستەییەوە بۆئازادی و سەربەستی، لەبێ رەوشتییەوە بۆ رەوشت بەرزی، لەچاو چنۆکییەوە بۆ خۆ لەبییر چوونەوە (ئیسار)، لەرق وکینەوە بۆ خۆشەویستی و دڵسۆزی، لەزوڵم وستەمەوە بۆ دادگەری، لە نەزانینەوە بۆ تێگەیشتن، لەرەگەز پەرستییەوە بۆ مرۆڤایەتی، لە ناوچەییەوە بۆ جیهانی، لەئاژاوەو ناکۆکییەوە بۆ ئاسایش و دڵنیایی، لەهەژارییەوە بۆ دەوڵەمەندی، لە شوێنکەوتەییەوە بۆ هەست بە لێپرسراویەتی...هتد.

## هاندەرە بۆ راپەڕین:

ئیستیعمار و شاگردەکانی لەناوخۆی جیهانی ئیسلامدا، قورئانیان ناوێ، و هەوڵیش بۆ لەناوبردنی دەدەن، چونکە قورئان نایەڵێ ئەوان ماڵ وسامانی موسوڵمانان بەتالاَن بەرن، و خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن، نەخێر ئیستیعمار و دەست نیاکانی قۆرئانیان ناوێ، چونکە قورئان موسوڵمانان بۆ راپەڕین هان دەدات، تا لەژێردەستەیی بەدوور بن، و لایەنگیرییان بۆ دوژمن نەبێ، ئەوەتە قورئان دەفەرمویێ:

" يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَكُمْ هُزُوًا وَلَعِبًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَالْكُفَّارَ أَوْلِيَاء، وَاتَّقُواْ اللّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ"[(129)].

واتە: ئەی باوەڕداران! نەکەن ئەوانە بکەنە پشتیوان و جێی متمانەی خۆتان، کە گاڵتە بە ئاینەکەتان دەکەن، چ لەخاوەن کتێبانی پێش خۆتان، و چ لەبێ باوەڕان.. لەخوا بترسن، و پارێزکاربن، ئەگەر ئیمان وباوەڕتان بەخوا هێناوە.

ئیتر چۆن رقیان لە قورئان نابێ؟ تا قورئان بەزیندووی لەنێویاندا بێ، ئەوان نابنە نۆکەری دوژمنی داگیرکەر..

---

**(129) سورة المائدة/57.**

## داوادەکات: زەلیلی قبول نەکەن:

چۆن رقیان لەقورئان نابێ کەقورئان موسوڵمانان بۆ جیهاد دژی داگیرکەران هان دەدات ودەفەرموێ: "وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبِّ الْمُعْتَدِينَ "(130). واتە: لەرێی خوادا دژی ئەوانە بجەنگن کە دەیانەوێ بتان کوژن، و لەدژتان دەجەنگن، ئێوە دەست درێژی نەکەن( دژی ژن ومنداڵ ومالآت... هتد) چونکە بێگومان خوا دەست درێژیکەرانی خۆش ناوێت..

هەروەها دەفەرموێ: " فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ، وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ "(131). واتە: ئەوەی دەست درێژی کردە سەرتان بەقەی دەست درێژییەکەی ئەو تۆڵەی خۆتان بکەنەوە، ولەخوا بترسن، وباش بزانن خوا لەگەڵ پارێزکاراندایە.

زەلیلی و رسوایی قبوڵ مەکەن، جا قورئانێك ئاوها شرینقەی مەردی و نەبەردی لەموسوڵمانان بدات، و قورئانێك وەك شاخەکانی کوردستان، بەرگری لەلافاوی چاوچنۆکی و تەماح و زوڵم و ستەم و دەست درێژی ئەوان بکات، ئیتر چۆن هەوڵ بۆ لەناوبردنی نادەن؟!

ئیستیعمار و ئەوانەش کەبەشیری رەشی ئەو پەروەردە کراون، هەوڵ بۆ لەناوبردنی قورئان وقوتابییەکانی دەدەن، چونکە لێیان روونە کە قورئان نووستووەکان خەبەر دەکاتەوە،ولاوازەکان بەهێزدەکات،و چاوپێچ لەسەر چاوەکان لادەبات، و ورەی خەڵکی بەرز دەکاتەوە، قورئانێك ئاوەهابێ، دەزگای دەستەلآتی ئیمپیریالیزم و دەستنیاکانی شەقولۆق دەکات. فەرەنسە بۆچ لە جەزائیرا ئەوەند هەوڵی لەناوبردنی قورئانی دا؟

چونکە ئەوانەی کەقورئان فێردەبوون، دەبوونە چقڵێك بۆ چاوی داگیرکەر، ودەبوونە تیرێك بۆ سەردڵی دوژمنی ئیستیعماری فەرەنسی. رۆجیە گاروودی فەیلەسووفی مارکسی فەرەنسەیی دەڵێ: کاتی خۆی مارکس لەبارەی ئیسلامەوە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی نەبووە، دەنا هەرگیز نەی دەگوت: " ئاین تلیاکی میللەتانە " ئەگەر لەو بارەوە لێکۆڵینەوەی

---

(130) سورة البقرة/ 190.
(131) سورة البقرة/ 194.19.

هەبوایە هەرگیز هەڵەی وای نەدەکرد، چونکە باکووری ئەفریقا هەمووی بەهۆی ئیسلامەوە رزگاری بوو.

ئێستا تێگەیشتن بۆچ دوژمنانی ئیسلام ئەوەندە رقیان لە قورئانە؟**!**

وریا: ئەرێ وەڵلا باش تێگەیشتم، خوا پاداشتی بەخێرت بداتەوە..

# # #

## 19

## موسوڵمانانی شاری قورتوبە:

هێمن: کاك هیوا! ئەو نەخشە چەپەڵەی دوژمنی داگیرکەر بۆ لەناوبردنی قورئان کێشابووی، تائەندازێکی زۆر تیاسەرکەوتن، ئەوەتە ئێمەی بەچکە موسوڵمان، لەجیاتی شارەزابوونمان لەقورئان، ئەوتانەو توانجانەمان پێیە، کەدوژمنانی ئیسلام لەناوماندا بلاَویان کردۆتەوە.

هەفتەیەك لەمەوبەر چەند کتێبێکت بۆ دەست نیشان کردین تا بیان خوێنینەوە، جا لەنامیلکەی "جیهانێکی وون"دا هەواڵێکی سەر سوور هێنەرم خوێندەوە، لەلاپەڕە 49 دا دەڵێ: " کاتێ هیشامی سێهەم پاشای موسوڵمانان لەقورتوبە، ویستی ژن بێنێت، بڕیاری دا ئافرەتێك بێنێت، هەموو قورئانی لەبەر بێت، شەوێکیان دیاریکرد تا هەرکەس کچی بەشووی هەیەو هەموو قورئانی لەبەرە با مۆمێك لەبەر دەرگاکەیا دابگیرسێنێ. ئەو لێژنەیەی سەرپەرشتی ئەم کارەی دەکرد هاتنەوە،و گوتیان: حەوت سەد و بیست و یەك مۆم داگیرساوە " ..

ووریا: بەراستی شتێکی سەیرە!! {721}کیژی پێگەیشتوو کە هەموو قورئانی لەبەربێ، ئەی ئەوانەی کاتی شوویان نەهاتووە دەبێ چەند بووبن؟ ئەی ئەو ژنانەی شوویان کردووە، و هەموو قورئانیان لەبەرە، دەبێ چەند بووبن؟ ئەی ئەو کوڕ و پیاوانەی قورئانیان لەبەر بووە، دەبێ چەند بووبن؟! ئەوا من لەدووەم ساڵی زانکۆدام، کەچی تەنیا چەند ئایەتێکم لەبەرە! خۆ ئەگەر کاك هیوایش نەبوایە، بۆ هەمیشە بەرامبەر بە قورئان لەناو گوماندا دەژیام. بەراستی ئینگلیز بەهۆی دەستنیاکانیەوە لەم جیهانی ئیسلامەدا، دەستێکی باشی وەشاند!!

هیوا: بەڵێ، کاك هێمن! قسەکانت بەجێیە. بەلاَم ئەگەر ئێمە هەروا بمێنینەوە، وخۆمان نەگۆڕین،و روونەکەینەوە قورئان، ئەوا دڵی دوژمنان

خۆش دەکەین،و خودا لەخۆمان دەرەنجێنین، و  پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم لای پەروەردگار بەم ئایەتە سکالآمان لەدەست دەکات: "وَقَالَ الرَّسُولُ يَا رَبِّ! إِنَّ قَوْمِي اتَّخَذُوا هَذَا الْقُرْآنَ مَهْجُورًا." [132].واتە: پێغەمبەر گوتی: ئەی پەروەردگار! قەومەکەم وازیان لەم قورئانە هێناوە و پشتگوێیان خستووە..

بۆ ئەوەی زەرەرەومەندی دنیاو قیامەت نەبین پێویستە پشت نەکەینە قورئان.. و هەرئایەتێك دەخوێنینەوە، باوابزانین بۆ ئێمە دابەزیوە، تا رەفتاری پێ بکەین، ئەگەر بەوشێوەیە قورئانمان خوێندەوە، بۆ ژیانی ئێستاو پاشەرۆژمان سوودی لێ وەردەگرین، موسوڵمانانی پێشوو بەوجۆرە قورئانیان وەردەگرت، بۆیە قورئانیش ئەو گۆڕانە گەورەی تیا دروست کردن..

ووریا: بەڕاستی من نەم دەزانی ئیمپریالیزمی جیهانی ئەوەند دژی قورئانە، بڕیاربێ لە ئێستاوە دەست بەقورئان خوێندن بکەم، و هەوڵیش بدەم براو خوشك و خزمە نزیکەکانم فێری قورئان بکەم..

## ئایەتەکانی گلەیی:

هێمن: کاك هیوا! ئایەتی عیتاب یەعنی چی؟

هیوا: کاك هێمن! عیتاب وشەیەکی عەرەبییەو بەواتای گڵەیی دێت.. ئایەتی عیتابیش ئەو ئایەتانەن کە پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم ئەگەر هەڵەیەکی لەنێوان باش و باشتردا کردبێ، خوا باشترەکەی بۆ روون کردۆتەوەو هەڵەکەی بۆ راست کردۆتەوە..

ئەم ئایەتانەش هەمدیس بەڵگەیەکی گەورەن لەسەر ئەوە کە قورئان لەئەنجامی بیرکردنەوەی پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم بەدی نەهاتووە، چونکە هیچ دانەرێك نییە لۆمەی خۆی بکات، بەمەرجێ قورئانیش وەك هیچ نووسراوێکی تر نەبووە و نییە، چونکە موسوڵمانان

---

**(132) سورة الفرقان/30.**

تا ئەو رۆژەی دنیا کۆتایی دێت قورئان دەخوێننەوە، و ئەو گلەیی وسەر زەنشتانەش دەخوێننەوە..

ووریا: راستە، هیچ نووسەرێك نایەوێ تا رۆژی قیامەت خەڵکی لۆمەو سەرزەنشتی ئەو بخوێننەوە..

هێمن: کاك هیوا ! بێ زەحمەت وەك نموونە، هەندێ ئایەتمان لەوانە بۆ باس ناکەیت؟

هیوا: بڕیار وابوو بەم باسەی ئەمرۆ کۆتایی بە لێکۆڵینەوە کەمان بێنین.. بەلاَم چونکە دەتانەوێ لەوبارەوە شارەزاییتان هەبێ، هەندێکتان بۆ باس دەکەم..

هێمن: زۆر سوپاس کاك هیوا! خوا پاداشتت بداتەوە..

هیوا: برایان! خوای بالاَدەست لە چەند بارەیەکەوە چەندەها ئایەتی بۆ پێغەمەر صلی الله علیه وسلم ناردووە، تا سەرزەنشتی بکات. وەك ئەم ئایەتانە:

1- لەسەرەتای سوورەی تەحریمدا خوا دەفەرموێ: " يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ " (133). واتە: ئەی پێغەمەر! بۆ شتێ لەخۆت حەرام دەکەیت، کەخوا بۆی حەلاَڵ کردوویت؟! ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو پێغەمەرصلی الله علیه وسلم یەکێك لەخێزانەکانی لەخۆی حەرام کرد تا ئاژاوە لەناوماڵەکەدا روونەدات، بەلاَم خوا بەم ئایەتە سەرزەنشتی کرد و داوای لێکرد کاری وا نەکات. بۆ زیادە شارەزایی سەرێ لە جزمی بیست وهەشتەمی تەفسیری خاڵ لاپەڕە {113} بدەن.

2- لەم ئایەتەشداخوا دەفەرموێ: " عَفَا اللّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكَ الَّذِينَ صَدَقُواْ وَتَعْلَمَ الْكَاذِبِينَ "(134). واتە: خوالێت ببورێ! بۆ مۆڵەتت دانێ؟ تابەتەواوی بۆت دەربکەوتایە کێ راستگۆ و باوەڕدامەزراوە، و

**(133) سورة التحريم/1.**
**(134) سورة التوبة/43.**

کێیش درۆزن و دوو ڕووە؟! بۆ زیاتر شارەزابوون لەبارەی ئەم ئایەتەوە سەرێك لەبەرگی چوارەمی (تەفسیری نامی) لاپەڕە {56} بدەن..

3- کاتێك ئەبو تالیبی مامی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کۆچی دوایی کرد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چەند ڕۆژێك بۆی پاڕایەوەو داوای لێخۆشبوونی بۆ کرد، بەڵکو خوا لەگوناهی خۆش ببێت، بەڵاَم ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: " مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُواْ أُوْلِي قُرْبَى مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ "[135]. واتە: بۆ پێغەمبەر و بڕواداران ڕەوا نییە، داوای لێخۆشبوون بۆ هاوەڵ پەرستان بکەن، هەر چەند ئەوانە خزمیشیان بن، پاش ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە ئەوانە دۆزەخین..

4- هەروەها کاتێ موسوڵمانان لە غەزای بەدرا سەرکەوتن، حەفتا دیلیان لەکافرەکان گرت، پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم بە بریتی {فدیة} ڕازی بوو، واتە: هەرکەس بەپارە خۆی کرییەوە، ئالەوکاتەدا بوو کە ئەم ئایەتە دابەزی: " مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الأَرْضِ "[136]. واتە: بۆ هیچ پێغەمبەرێك نییە دیل گل بداتەوە، تا چاك لەسەرزەویدا جێگیر دەبێ..

5- هەروەها لەبارەی ئەسحابول کەهفەوە خوابە پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: " وَلاَ تَقُولَنَّ لِشَيْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَلِكَ غَدًا، إِلاَ أَن يَشَاء اللَّهُ وَاذْكُر رَّبَّكَ إِذَا نَسِيتَ "[137]. واتە: هەرگیز دەربارەی هیچ کارێك مەڵێ من سبەینێ ئەو کارە دەکەم، مەگەر بڵێیت: ئەگەر خوا بییەوێت، و ویستی پەروەردگاری لەسەر بێت، ئەگەر (ان شاء الله )ت لەبیرچوو، هەرکاتێ بیرت کەوتەوە بیڵێ و یادی پەروەردگارت بکەرەوە.

جا برایان! ئەگەر ئێمە لەم ئایەتانە ورد ببینەوە و باش سەرنجیان بدەین، دەبینین خوا گلەیی لە پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم دەکات، وەك: بۆ

---

**(135) سورة التوبة/113.**
**(136) سورة الأنفال/67.**
**(137) سورة الكهف/23**

لەخۆتی حەرام دەکەیت؟ بۆئیزنت دان؟ بۆت نییە داوای لێخۆشبوون بۆ خزمی کافرت بکەیت، با ئەو دیلانەت بەرەڵاَ نەکردایە! نەکەی بلێیت..و چەندان ئایەتی تریش..

ئایا دەگونجێ پێغەممەرصلی الله علیه وسلم ئەم هەموو رەخنە گەورانە لەخۆی بگرێت، و بۆ هەمیشەش بمێننەوە، وخەڵکی بیان خوێنێتەوە؟!

ووریا: نە وەڵلا.. هەرگیز هیچ نووسەرێك کاری وا ناکات،و شتی وا بەخۆی ناڵێت..

هێمن: کاك هیوا! بەراستی ئەم ئایەتانەش بەڵگەیەکی تر بوون لەسەر ئەوە کە قورئان زادەی بیری پێغەممەرصلی الله علیه وسلم نییە، و خۆی دای نەناوە.. خوا پاداشتی تۆیش بداتەوە کە دل و دەروونی ئێمەت لەم هەموو شك وگومانانە پاك کردەوە.. خوا وێنەتان زیاتر و زۆرتر بکات.

ووریا: کاك هیوا گیان! خوا پاداشتت بداتەوە، لەوبڕوایەدام ئەگەر تۆ نەبوویتایە، هەتاهەتایە من لەناو گومان و دوودڵیدا دەمامەوە، خوات لێ رازی بێت، هەروەك دەروونی ئێمەت ئاسوودە، ودڵمانت دڵنیاکرد..

ئاخۆ ئێستا چەندەهاکەس لەرۆڵەی موسوڵمانان هەبن، کە لەهەمان گوماندا بتلێنەوە، و ئاواتە خوازبن بگەنە دڵنیایی!! بڕیاربێ لەبارەی قورئانەوە چیت بۆ باسکردین، منیش بەلاوانی تری وەك ئەوسای خۆمی بگەیەنم..

هیوا: منیش سوپاسی خوا دەکەم کە بۆ یارمەتی ئێوە یارمەتی دام، و من بە ئەرکی سەرشانمی دەزانم، ئەوەی لەتوانامدا هەبێت لەبارەی ئاینەکەمەوە، یارمەتی خەڵکی بدەم.. جارێکی تریش سوپاسی خوا دەکەم، و هیوادارم ئێوەم لێ نەسێنی، و بتانکاتە خزمەتگوزارێکی راستەقینەی ئەم ئاینە، و میللەتە مەزلوومەکەمان، والسلام علیکم ورحمة الله ..

سلێمانی 1983

# ناوەڕۆکی ئێستا دڵنیام

بەشی یەکەم.

ئایا قورئان لە قەشەی گاورەکانەوە وەرگیراوە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە.

دەقی نووسراوەکەی ئیبنو هیشام لەبارەی (بوحەیرا)وە.

لەبارەی وەرەقەی کوڕی نەوفلەوە.

ئایا قورئان لەسەردەمی پێغەمبەر(ێلیاللە علیە وسلم)دا تەواو بووە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە.

ئایا قورئان لەتەوراتەوە وەرگیراوە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە.

ئایا پێغەمبەر(ێلیاللە علیە وسلم) لە ئەنجامی بیرکردنەوەی خۆیەوە قورئانی داناوە؟

چەند نموونەیەک لەژیانی پێغەمبەرا وەک پێشەکی بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە.

نموونەی یەکەم تازەکردنەوەی کەعبە.

نموونەی دووەم قسەکەی (نچر بن حارپ) لەراوێژی قورەیشدا.

نموونەی سێیەم ئەخنەس ? ئەبوجەهل.

نموونەی چوارەم لە ئەنجامی (وانژر عشیرتک الرقربین)

نموونەی پێنجەم دانانی عەلی  بۆ ئەمانەت دانەوە بە خاوەنەکانیان.

نموونەی شەشەم قسەکانی (ئەبوو سوفیان) لای (هیرەقل)

نموونەی حەوتەم مانگگیران لەکاتی مردنی ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەرا.

نموونەی هەشتەم شایی ئافرەتەکەی مەدینەو قسەی جارییەکە.
نموونەی نۆیەم بۆچی بە چاو ئیشارەتت نەکرد؟
هاتنەوەی هیوا.
ئایا لەقورئاندا نەسازی(تناقچ) هەیە؟
وەڵامی ئەو پرسیارە..
ئایا دووپاتکردنەوە لەقورئاندا هەیە؟
وەڵامی ئەو پرسیارە..
بەسەرهاتی ێاڵح پێغەممەر علیه السلام.
بەشی دووەم: ئیعجازەکانی قورئان لەبارەی:
هەوڵەکەی (ئیبنول موقەففەع) بۆبەدرۆخستنەوەی قورئان.
ئیعجازی قورئان و نەخوێندەواری پێغەممەر صلی الله علیه وسلم.
ئەوانەی قورئان لەدژیان هاتۆتە خوارەوەو بەکافری مردوون.
ئەوانەی زۆر دوژمن بوون و هەڕەشە لەبارەیانەوە نەهاتۆتە خوارەوە.
ئیعجازی عیلمی قورئان:
(ئاو)و ترشی نایترۆجین.
جاڵجاڵۆکەو خانووەکەی.
هەنگ و بەرهەمەکەی.
وشەی فیرعەون و مەلیک.
ژیری ئەلیکترۆنیو قورئان؟
سەری پەنجەکان.
هەواڵی پێشەوایانی جیهان, و هەواڵەکانی قورئان.
ناپلیۆن بۆناپارت.
بەیانەکەی حیزبی کۆمۆنیست.

کارل مارکس و کۆماری سووری فەرەنسە.
ئیعجازی هەواڵدان:هەواڵەکانی قورئان و هاتنە دییان.
کۆمەڵەکە تێکدەشکێ و پشت هەڵدەکات(ئایەتی ٤٥ سورەتی القمر).
سەرلووتی نیشانە دەکەین(ئایەتی ١٦ سورەتی القلم).
دەچنە مزگەوتی حەرامەوە (ئایەتی ٢٧ سورەتی الفتح).
رۆمەکان تێشکێنران...و سەردەکەونەوە(ئایەتی ١ سورەتی الروم).
خوابەڵێنی داوە کەخۆم و پێغەممەرەکەم زاڵ دەبین (ئایەتی ٢،٣ سورەتی).
خوا لەخەڵکی دەتپارێزێ (ئایەتی ٦٧ سورەتی المائدە).
ئێمە قورئانمان ناردووەو خۆیشمان دەیپارێزین. ٩/الحجر.
ئایەتەکانی عیتاب.
سەرچاوەکان..